# گوڵان

ساڵی بیست و هەشتەم (١٣٠٣)- (٣١)ی کانوونی دووەم ٢٠٢٢

**مەحموود محەمەد**

**ئەندامی مەکتەبی سیاسی و وتەبێژی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

## پۆستی سەرۆك كۆمار بۆ پارتی دەبێت و کاندیدیشمان هەڤاڵ هۆشیار زێباری-یە

**پابەندین بە جێبەجێکردنی چوارچێوە زەمەنییەکانی دەستوور و چیتر نابێت پرۆسەکە لەوە زیاتر دوا بکەوێت**

**بەرنامەیەکی کوردستانیمان ئامادە کردووە و دەبێتە بەشێك لە بەرنامەی حکومەتی داهاتووی عێراق**

**یەکێتی پێش یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمانی عێراق لە کۆدەنگیی کورد هاتە دەرەوە**






# شەخسی بارزان تکریتی هاتبووە ڤیەننا بۆ تیرۆرکردنم

## ٤

لە ئێوارەی ٨ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٩ لە ڤیەننا، حەمەڕەزا و ئازاد بەرواریم ئاگادار کردەوە کە پێکەوە سەردانی کاک پیرۆت بکەین. هەتا گەیشتینە بەردەمی شوقەکەی، ئاگاداری چوونەکەمان نەبوو. لەوێ بە کاک پیرۆتم گوت بە تەلەفۆن فارس باوە ئاگادر بکەرەوە بۆ ئەوەی بیبینم، لەسەر داوای ئێمە تەلەفۆنی بۆ کرد و پێی گوت: «فارس تا ئێرە وەرە، پەیامی برادەرەکەم پێیە، بەڵام باسی نەکرد، کە من لەو شوێنەم، دوای سێ خولەک فارس و عەبدولخالقی برای خێزانی هاتنە لامان و بە تەنیا لە فارسم پرسی: ئایا دەزانیت کێ ئەنجامدەری ڕووداوەکەی نەغەدەیە؟ ناوبراو سوێندی خوارد کە زانیاری لەسەر نییە و منیش بڕوام کرد، دواتر خۆم ئامادە کرد بۆ ڕۆشتن، بەڵام ناوبراو سوێندی دام کە جارێ خۆمان بگرین، با برادەران سەیرێکی دەرەوە بکەن و دواتر بڕۆین، هەر یەکە لە حەمەڕەزا و ئازاد بەرواری و پیرۆت و عەبدولخالق چوونە دەرەوە و، من و فارس بە تەنیا ماینەوە. چەند خولەکێک دوای ڕۆیشتنی برادەران تەقە دەستی پێ کرد، لە کاتی چوونی هەڤاڵان بۆ خوارەوە ئۆتۆمبێلێکی باڵیۆزخانەی عێراق لە دەرەوە چاوەڕێی دەکردن، دوو کەس لێیان هاتبوونە پێشەوە و وایان زانیبوو کاک ئازاد منم و دەمانچەیان خستبووە سەر سەری، بەڵام خۆشبەختانە فیشەکەکە نەتەقی و چرووکی کرد. دوای ئەم ڕووداوە هەڤاڵان گەڕانەوە ژوورەوە و کاک پیرۆت و کاک ئازاد بریندار بوون. من دەمزانی کە ماوەیەکی زۆرە بوومەتە ئامانج و، لێدان، یان تیرۆرکردنم لە بەرنامەی ڕژێمدایە و بۆ ئەم کارەش «بارزان»ی برای سەدام خۆی هاتبووە ڤیەننا. دوای ئەم ڕووداوە دەستبەجێ «هانی حەسەنی» کەسایەتیی نزیکی یاسر عەرەفات پاسپۆرتێکی نوێی بۆ ناردم و ڕێوشوێن و ئاسانکاریی پێویستی بۆ کردم. لێرەدا پێویستە ئاماژە بە وەفا و هەڵویستی جوامێرانەی ئەحمەد چەلەبی بکەم، چونکە لە کاتی مانەوەم لە قوبرس سەردانی کردم و ئامادەیی خۆی نیشان دا بۆ هەر جۆرە هاوکاری و یارمەتییەک، ئەمەش هەڵویستێکی جوامێرانە بوو، هێمای وەفاداریی ناوبراو بوو، لە یاد ناکرێت.

# چاپکراوی نوێ





چاپی یەکەمی کتێبی (مکافحة الفساد المالي و استرداد الأموال المتحصلة منه و اعادتها الى أصحابها الشرعيين في الأتفاقيات الدولية و التشريعات الوطنية- اقليم كوردستان — العراق كنموذج.. دراسة اكاديمية تحليلية مقارنة) لە نووسینی دکتۆر کامەران ساڵحی پرۆفیسۆر لە یاسای تایبەت- زانکۆی سۆران، کەوتە بەردەستی خوێنەر و توێژەرانەوە. لەم کتێبەدا نووسەر ڕۆشنایی دەخاتە سەر گەندەڵیی دارایی، لەم ڕووەوە دەنووسێت کە گەندەڵیی دارایی بەرهەمێکی سروشتیی بارودۆخێکی نەرێنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییە، چونکە نەبوونی لێپرسینەوەی یاسایی و لاوازیی بەربەستی ئایین و ڕەوشت ، هەروەها دابەزینی ئاستی گوزەران، ئەمانە دەبنە زەمینەیەکی بە پیت بۆ گەشەکردنی گەندەڵی و بڵاوبوونەوەی ئەم دیاردەیە.

نووسەر ڕۆشنایی زیاتر دەخاتە سەر ئەم بوارە گرنگەو لەمەدا دەنووسێت کە مەبەست لە گەندەڵی خراپ قۆستنەوەی دەسەڵات یان دەستڕۆیشتوویی سیاسی یان دارایی یان پێگەی کۆمەڵایەتییە، چ لە زەوتکردنی سامانی گشتی و بە تاڵانبردنی.. گەندەڵی خۆی دەخزێنێتە نێو جومگەکانی زانست و ئایین و میدیا و زانیاری. بەڵام زیاتر جەخت دەکاتە سەر گەندەڵیی دارایی لە زۆربەی کۆمەڵگاکان، چونکە مەترسیدارترە لە بەفیڕۆدانی سامانی نیشتمانی و دواکەوتنی ڕەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵگا. بۆیە ئەم مەترسییە زیاتر دەدرەکەوێت کاتێك کەسایەتیی دەستڕۆیشتووی سیاسی و حزبی پیادەی بکەن. چونکە متمانە بە دامەزراوەکان لاواز دەکات و کەشوهەوای وەبەرهێنان لەناو دەبات.

بە ناوی گۆڤاری گوڵانەوە پیرۆزبایی لە دکتۆر کامەران ساڵحی دەکەین بۆ ئەم بەرهەمە کە دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ توێژەر و خوێنەران.. بە هیوای بەرهەمی زیاتر.



■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
رێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان رەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی رۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری


Web: www.gulanmedia.com

## چیایی تەیمور عەبدال:



**هەوڵ دەدەین وەک یەک تیم لە بەغدا کار بۆ بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی کوردستان بکەین**

## حوسێن حەمە کەریم:



**ئێمە کێشەی ئیدارەدان و کۆکردنەوە و گلدانەوەی ئاومان هەیە، نەک کێشەی وشکەساڵی**

## نەدین مێینزا:



**تێڕوانینی فەخامەتی سەرۆک مسعود بارزانی لە بارەی ئازادیی ئایینی و مافی پێکهاتەکان لە کوردستان جێگەی تەقدیرە**

## مایکڵ نایتس:




**پێکهێنانی حکومەتی ئەمجارەی عێراق کەمترین دەستتێوەردانی ئێران و ئەمریکا بە خۆوە دەبینێت**

دکتۆر عەبدولڕەزاق محەمەد:

## لەم کابینەیەدا گرنگییەکی تایبەتی بە پەرەپێدانی سەرچاوەی مرۆیی دەدرێت



## دایکی نموونەیی ئەوەیە کە ڕۆڵەیەکی کارامە پێشکەشی کۆمەڵگە بکات



ئیسرا موحسین:

## یەکێتیی بەرزکردنەوەی قورسایی عێراق پشتگیریمان ناکات



## بۆچی بەیانییان ئارەزووی خواردنت نییە؟




## هێدسێتێکی واقیعی – مەجازی تایبەتمەندی و دیزاینێکی ناوازە



ئەحلام حەجی:

## من گەشبینم و گرنگی بە رەخنەی رووخێنەر نادەم





# ئیدریس بارزانی
# برووسکەی ناو هەورێکی ڕەش



« بە باشی دەمزانی ئەگەر ئەم نائومێدییە بەردەوام بێت و درێژە بکێشێت، ئیتر کۆتایی بە هەموو خەباتی بنەماڵەکەمان و پارتی دێت. زۆر بیرمان لەوە کردەوە ئاخۆ بۆ ڕەواندنەوەی بێهیوایی دەبێت چی بکەین و چ ڕێگەیەک بگرینەبەر. بە ڕوونی بۆم دەرکەوت کە یەکەم هەنگاو و بڕیار ئەوەیە کە لەگەڵ کادیران و هەڤاڵان و خەڵکی دڵسۆز، هەوڵ بدەین تەمی نائومێدی بڕەوێنینەوە، بۆیە لەگەڵ ئیدریسی برام بۆ ئەو مەبەستە کەوتینە ڕاوێژ و مشوورخواردن، ئیتر هەردووکمان چووینە خزمەتی جەنابی بارزانی و بیر و تێڕوانینەکانمان بۆ شی کردەوە، بە موبارەکەی جەنابیان مۆڵەتی دەستپێکردنەوەی خەبات و سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی دەزگا حزبی و سەربازییەکانمان وەرگرت، کە لەسەر بنەما و بەپێی چەمکی نوێی سەردەمییانە و بە گوێرەی بارودۆخ و ئەزموون و شارەزایی ڕابردوو پێک بهێنرێنەوە.»

سەرۆک بارزانی

کتێبی بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان. بەرگی چوارەم

مستەفا بارزانی کاریزما و ڕابەر فێری کردووین لە قۆناخە سەختەکانی خەباتدا «نە سەرکەوتن غروورمان بکات، نە شکست دوچاری نائومێدیمان بکات». لەسەر ئەم بنەمایە سەرۆك مسعود بارزانی لە بەرگی چوارەمی کتێبی بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، کاتێك باسی بارودۆخی ڕۆژانی دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥مان بۆ دەکات، ئەو ساتەمان بۆ وێنا دەکاتەوە کە چۆن دەرهاویشتەکانی نسکۆ ببوونە ئەو هەورە ڕەشەی کە ڕووناکی لە کوردستاندا نەهێشتبوو، بۆیە ڕاشکاوانە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە: «بە باشی دەمزانی ئەگەر ئەم نائومێدییە بەردەوام بێت، هەموو شتێك کۆتایی دێ»، کەواتە لە دوای گەیشتن بەم یەقینە کە «نائومێدبوون کۆتایی بە هەموو شت دەهێنێت»، بڕیار دەدات کە هەموو شتێك بکرێت بۆ ئەوەی تەمی ئەو نائومێدییە بڕەوێتەوە، ئەمەش پێویستی بە هەنگاو و بڕیار بووە، ئەوجا هەر وەك ئاماژەی پێ کردووە، بۆ ئەم هەنگاو و بڕیارە لەگەڵ کاك ئیدریس پێکەوە کەوتوونە ڕاوێژ و مشوورخواردن، یەکەم هەنگاویشیان ئەوە بووە کە مۆڵەت و موبارەکەی جەنابی مستەفا بارزانی بۆ دەستپێکردنەوەی شۆڕش و خەبات وەربگرن، ئەمەش ڕاشکاوانە مانای ئەوەیە هەردووکیان»سەرۆك بارزانی و ئیدریس بارزانی» کە چوونە لای مستەفا بارزانی، بەڵێنی ئەوەیان پێ داوە کە لەسەر هەمان فیکر و میتۆدی ئەو درێژە بە کاروانی خەبات و شۆڕش بدەنەوە.

ئەم میتۆدە هاوبەشەی «سەرۆك بارزانی و ئیدریس بارزانی» بۆ بەڵێندان بە جەنابی مستەفا بارزانی چیمان بیر دێنێتەوە، بێگومان ئەو گوتارەی باراك ئۆبامای سەرۆکی پێشووتری ئەمریکامان بیر دێنێتەوە کە لە ساڵی ٢٠١٠ و لە ٢٠٠-ە مین ساڵوەگەڕی لەدایکبوونی ئەبراهام لینکۆڵن پێشکەشی کرد و، ئاماژەی بەوە کرد «کاتێك یادی لەدایکبوونی باوکانی دامەزرێنەر دەکەینەوە، مەبەستمانە لێیانەوە فێر بین، چۆن لە ئاسمانی تاریك و تەمومژاویی ڕۆژگارە سەختەکاندا، ڕووناکییان بۆ گەلەکەمان دەهێنایە خوارەوە..» ئۆباما لەم پەیڤەی دەیەوێت ئەوە بە گەلی ئەمریکا و هەموو جیهان بڵێت کە «ئەوانەی توانای بڕیاردانیان هەیە لە ڕۆژە سەخت و تاریك و تەمومژاوییەکاندا، سەرکردەی کاریزما و مرۆڤی باڵان، بەڵام ئەم کاریزما و باڵابوونەی مرۆڤ لەو کاریزمایانەوە دروست دەبێت کە پێش ئێمە لە ڕۆژگارە سەختەکاندا توانای بڕیاردانیان هەبووە».

ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە خوێندنەوەیەك بۆ «ڕەواندنەوەی تەمی نائومێدی» لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی بەڕێزان «مسعود بارزانی و ئیدریس بارزانی» بکەین، دەیانەوێت لە سەر ڕێگەیەکی دروست، لە سەر فیکر و میتۆدی ڕابەر و کاریزمایی بارزانی لە ڕۆژگارێکی سەخت و تاریکیدا بڕیاری زۆر قورس بدەن، ئەو بڕیارە قورسەش، وەك نیچە لە زاری زەردەشتەوە پێمان دەڵێت: «ئێستا ئەو ساتە وەختەیە کە مرۆڤ ئامانجی خۆی دیاری بکات، ئێستا کاتی ئەوەیە تۆوی بەرزترین هیوای خۆی بچێنێت، ئەم هەنگاوە لە ساتەوەختی خۆیدا وەك برووسکەی ناو هەورێکی ڕەشە، کە ئەو هەورە ڕەشە دەکاتە باران و وەك خێر و بەرەکەت بە سەرماندا دەیبارێنێ. سەیر بکەن من موژدەهێنەری برووسك و دڵۆپە قورسەکانی ناو ئەو هەورە ڕەشەم و ئەمەم ناو لێ ناوە مرۆڤیێ باڵا. ئەوەشی لە مرۆڤی باڵادا مەزنە، ئەوەیە کە ئەو پردێکە، نەك ئامانج.» بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا لە زاری زەردەشتەوە ئەوەمان پێ دەڵێت چۆن مرۆڤی باڵا دروست دەبێت؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا نیچە پێمان دەڵێت: «مرۆڤی باڵا وەك «خۆر» وایە، بەردەوام بەرەو لووتکە هەڵدەکشێت، تا ئاوا دەبێت، بەڵام ئاوابوونەکەی ئەوەیە جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ لامان و سەرلەنوێ تیشکەکەی لە باشووردا پەخش دەکاتەوە».

ئەگەر لەو پەیڤانەی زەردەشتەوە پرسیارێکی

**ئەوانەی توانای بڕیاردانیان هەیە لە ڕۆژە سەخت و تاریک و تەمومژاوییەکاندا، سەرکردەی کاریزما و مرۆڤی باڵان، بەڵام ئەم کاریزما و باڵابوونەی مرۆڤ لەو کاریزمایانەوە دروست دەبێت کە پێش ئێمە لە ڕۆژگارە سەختەکاندا توانای بڕیاردانیان هەبووە**

**مرۆڤی باڵا وەک «خۆر» وایە، بەردەوام بەرەو لووتکە هەڵدەکشێت، تا ئاوا دەبێت، بەڵام ئاوابوونەکەی ئەوەیە جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ لامان و سەرلەنوێ تیشکەکەی لە باشووردا پەخش دەکاتەوە**

**ئەو کەسانە دەتوانن بڕیاری قورس بدەن، کە دەبنە خاوەنی ئیرادەی خێر، ئەم ئیرادەیەش کاتێک دروست دەبێت کە هەموو بڕیارێک لە پێناوی خێری گشتیدا دەدرێت و هیچ ئامانجێکی کەسی لە پشت ئەو بڕیارەوە نییە**

دیکە بورووژێنین کە زەردەشت پێمان نالێت، چۆن ئەو بڕیارەی دا، بەرەو لووتکە هەڵبکشێت، یان چۆن ئەو بڕیارە قورسەی دا کە خۆی بکاتە موژدەهێنەری دەرکەوتنی مرۆڤی باڵا، ئەوا دەبێت بپرسین: ئەو ساتەوەختە کامەیە کە بڕیاردانی قورس وێنای مرۆڤی باڵا دەکات؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەشدا ئەمانوئیل کانت لە کتێبی «دامەزراندنی میتافیزیکای ئاکار» پێمان دەڵێت: «ئەو کەسانە دەتوانن بڕیاری قورس بدەن، کە دەبنە خاوەنی ئیرادەی خێر، ئەم ئیرادەیەش کاتێك دروست دەبێت کە هەموو بڕیارێك لە پێناوی خێری گشتیدا دەدرێت و هیچ ئامانجێکی کەسی لە پشت ئەو بڕیارەوە نییە»، بەڵام چۆنێتیی دروستکردنی ئەم بڕیارە قورسەش بەو جۆرە دەبێت کە لە کتێبی (ڕەخنە لە مەلەکەی بڕیاردان) دەگرێت پێمان دەڵێت: «بڕیاری دروست ئەو بڕیارەیە کە هیچ غەریزەیەکی کەسی لە پشتەوە نەبێت»، بێجگە لە خێری گشتی، ئەم قسەیەی کانت بە تەواوەتی لەگەڵ ئەو پەیڤە بەرزەی ڕابەر و کاریزما مستەفا بارزانی پراکتیزە دەبێت، کە فێری کردووین «لە سەرکەوتن غروور نەبین و لە شکستیشدا نائومێد نەبین».

سەرۆك مسعود بارزانی هەر لەو کتێبەدا کە باسی ڕەواندنەوەی تەمی نائومێدیی دوای نسکۆ دەکات و، ئەم نائومێدییەش بە چەخماخەی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی گوڵان کراوە بە ئومێد، ئەمە مانای ئەوەیە وەك هانا ئارنێت لە کتێبی «شۆڕش» پێمان دەڵێت: «شۆڕش لە ساتەوەختی دەرکەوتنی ئیرادەی خێردا دەست پێ دەکات، ئەو ساتەی کە زەوی و ئاسمان بە یەك یاسا هەڵدەسووڕێن، چۆن ئەستێرە لە ئاسماندا بەپێی یاساکانی ئاسمان قبووڵ ناکات، هیچ ئەستێرەیەکی دیکە جووڵەی بۆ دیاری بکات، یان ئاراستەی جووڵەی بگۆڕێت، لە سەر زەویش بە هەمان شێوە ئەو ساتە وەختەیە کە ئیرادەی خێر چیتر ژێردەستەیی بۆ نەتەوەکەی قبووڵ ناکات» .

لەم ڕاستەوە جارێکی دیکە کە باس لە «ڕەواندنەوەی تەمی نائومێدی دەکەین»، ڕاشکاوانە باس لەو ئیرادە خێرە دەکەین کە «دوای مۆڵەت و موبارەکەی جەنابی مستەفا بارزانی بە هاوکاری و خۆنەویستی و ڕاستگۆیی نێوان سەرۆك مسعود بارزانی و ئیدریس بارزانی هاتە ئاراوە»، هەر ئەم ئیرادە خێرە بوو، ئەفسانەی غرووری سەدام حوسێنی بەتاڵ کردەوە، کە دوای نسکۆ ئەوەندە غروور ببوو دەیگوت: «ئەگەر دارخورما لە سەر شاخەکانی کوردستان بڕوێت، ئەوا جارێکی دیکە پێشمەرگە لەو چیایانە دروست نابێتەوە»، بەڵام ئیرادەی خێری سەرۆك مسعود بارزانی و پشتیوانی و هاوکاریی دڵسۆزانەی ئیدریس بارزانی، هەر لەگەڵ دەستپێکردنەوەی پەخشی «ئێزگەی دەنگی کوردستان» ڕایانگەیاند: «دارخورما لە سەر چیاکان نەڕوا و پێشمەرگەش لە چیاکان دروست بووەوە».

هەر بۆیە کاتێك یادیساڵوەگەڕی ٣٥ ساڵەی کۆچی دوایی کاك ئیدریس بارزانی دەکەینەوە، ئەوەمان لەبەر چاوە کە «مرۆڤی باڵا نە پێویستی بەوەیە کەس سوپاسی بکات و نە سوپاسی کەسیش دەکات بۆ ئەوەی ستایشی بکات.» بەڵام وەك ئەمریکییەکان کردوویانە بە نەریت بۆ یادکردنەوەی سەرکردە و مرۆڤە باڵاکانیان و دەڵێن: «کاتێك یادی ئەو مرۆڤە باڵایانە دەکەینەوە، مەبەستمانە لێیانەوە فێر بین چۆن بتوانین لە ڕۆژگارە سەختەکاندا بڕیاری قورس بدەین، فێر بین چۆن لە ناو شەوەزەنگی تاریکیدا ڕووناکی بۆ نەتەوەکەمان هەڵکەین». لەم ڕوانگەیەوە ئێمەش ئەمڕۆ کە یادی کاك ئیدریسی هەمیشە زیندوو دەکەینەوە، دەمانەوێت لە میتۆد و فیکری ئەوەوە فێر ببین، چۆن دەتوانین هاوکار و پشتیوانی ڕاستگۆیانەی سەرۆك مسعود بارزانی بین، بۆ ئەوەی ئەو ئیرادە خێرە بێتە ئاراوە، کە وەك برووسکە دڵۆپە قورسەکانی ناو هەوری ڕەش دەکاتە خێر و بەرەکەتی باران و ئایندەی کوردستان ڕووناکتر دەکاتەوە.

**شۆڕش لە ساتەوەختی دەرکەوتنی ئیرادەی خێردا دەست پێ دەکات، ئەو ساتەی کە زەوی و ئاسمان بە یەک یاسا هەڵدەسووڕێن، چۆن ئەستێرە لە ئاسماندا بەپێی یاساکانی ئاسمان قبووڵ ناکات، هیچ ئەستێرەیەکی دیکە جووڵەی بۆ دیاری بکات، یان ئاراستەی جووڵەی بگۆڕێت**

**هەر ئەم ئیرادە خێرە بوو، ئەفسانەی غرووری سەدام حوسێنی بەتاڵ کردەوە، کە دوای نسکۆ ئەوەندە غروور ببوو دەیگوت: «ئەگەر دارخورما لە سەر شاخەکانی کوردستان بڕوێت، ئەوا جارێکی دیکە پێشمەرگە لەو چیایانە دروست نابێتەوە»**

**ئەمڕۆ کە یادی کاک ئیدریسی هەمیشە زیندوو دەکەینەوە، دەمانەوێت لە میتۆد و فیکری ئەوەوە فێر ببین، چۆن دەتوانین هاوکار و پشتیوانی ڕاستگۆیانەی سەرۆک مسعود بارزانی بین، بۆ ئەوەی ئەو ئیرادە خێرە بێتە ئاراوە، کە وەک برووسکە دڵۆپە قورسەکانی ناو هەوری ڕەش دەکاتە خێر و بەرەکەتی باران و ئایندەی کوردستان ڕووناکتر دەکاتەوە**



مەحموود محەمەد
ئەندامی مەکتەبی سیاسی و وتەبێژی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:

# پابەندین بە جێبەجێکردنی چوارچێوە زەمەنییەکانی دەستوور و چیتر نابێت پرۆسەکە لەوە زیاتر دوا بکەوێت

## پۆستی سەرۆک کۆمار بۆ پارتی دەبێت و کاندیدیشمان هەڤاڵ هۆشیار زێباری-یە



**لە دوای هەڵبژاردنەکانی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١ پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا وەرچەرخانی گەورەی بە خۆوە بینیوە و ئاکامەکانی هەڵبژاردن گۆڕانکاریی گەورەی لە کورسیی لایەنە سیاسییەکانی هەر سێ پێکهاتەی سەرەکی (کورد و شیعە و سوننە) دروست کردووە و، نەخشەی بۆ هاوکێشەیەکی سیاسی داڕشتووە. هەروەها لەسەر ئاستی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق هاوپەیمانییەکی بەهێز لە نێوان تەیاری سەدر و پارتی دیموکراتی کوردستان و هاوپەیمانیی سیادەی سوننە دروست بووە، ئەم هاوپەیمانییەش لە یەکەم دانیشتنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی عێراقدا، جیا لەوەی توانی دانیشتنەکە بە سەرکەوتوویی بەڕێوە بەرێت، لە هەمانکاتدا توانی لە کەشێکی سەقامگیر و ئارامدا سەرۆکی پەرلەمان و هەر دوو جێگرەکەی هەڵبژێرن، لەدوای ئەم دانیشتنەشەوە بەپێی چوارچێوە زەمەنییەکانی دەستوور کە ماوەی ٣٠ ڕۆژی دیاری کردووە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار و دەستنیشانکردنی گەورەترین فراکسیۆن و ڕاسپاردنی کەسێك لەو فراکسیۆنە بۆ پێکهێنانی حکومەت، ئەم پرۆسەیەش وەك هاوپەیمانییە سێ قۆڵییەکە جەختی لەسەر دەکاتەوە، لە کاتی دەستووری خۆیدا جێبەجێ دەکرێت و ناکرێت چیدیکە پرۆسەکە دوابخرێت، بۆ قسەکردن لەسەر کۆی پرۆسەی سیاسیی عێراق و کێشە و ناکۆکییەکانی نێوانی هەردوو بەرەی شیعە (تەیاری سەدر و چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە) هەروەها سەبارەت بە کێشەکانی نێوان پارتی و یەکێتی لەسەر پۆستی سەرۆك کۆمار، ئەم دیدارەمان لەگەڵ مەحموود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی و وتەبێژی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەنجام دا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

**ئێمە وەک پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر ڕاشکاوانە بیروبۆچوونی خۆمان سەبارەت بە پرۆسەی سیاسیی داهاتووی عێراق دەربڕی و گوتمان: ئەو پرۆسە سیاسییەی لە دوای هەڵبژاردن دووبارە ڕێکدەخرێتەوە و، کۆی پرۆسەی حوکمڕانی لە عێراقدا پێویستی بە دووبارە ڕێکخستنەوە هەیە و دەبێت لەگەڵ گیانی سەردەم بگونجێت و شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ پێشهاتەکاندا گۆڕانکاری بەسەردا بێت**

*** لە دوای هەڵبژاردنەکانی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١ کۆمەڵێك گۆڕانکاری لە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا هاتووەتە ئاراوە، ئایا پرۆسەی سیاسیی داهاتووی ئەم وڵاتە بەرەو کوێ هەنگاو هەڵدەگرێت؟**

- هەڵبژاردنەکانی ئەم جارەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کۆمەڵێك گۆڕانکاری بە دوای خۆیدا هێنا، گۆڕانکاریی بەرچاویش ئەوە بوو، ئەو لایەنە سیاسییانەی شیعە کە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێنەوە دەسەڵاتیان لە ناو حکومەتی فیدراڵی بە دەستەوە بوو، ئەم جارەیان کورسیی پێویستیان بە دەست نەهێنا، ئەمەش کۆمەڵێك گۆڕانکاری لە ناو ماڵی شیعە دروست کرد، لەسەر ئاستی کورد و عەرەبی سوننەش گۆڕانکاری بە سەر کورسیی لایەنەکاندا هات و، لەسەر ئاستی کوردستان پارتی دیموکراتی کوردستان ژمارەی کورسییەکانی زیادی کرد، ئەم گۆڕانکارییانە وایان کرد، کە دەبێت بە هەستکردن بە بەرپرسیارێتییەوە ڕەفتار بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی سەرۆك بارزانی کۆبووینەوە و لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا کە شاندی پارتی سەردانی هەموو لایەنە سیاسییەکان بکات و هەوڵ بدرێت ئەو کەشوهەوایەی لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن دروست ببوو، وردە وردە بڕەوێتەوە و هەوڵەکان بۆ لێکنزیکبوونەوە و تەبایی ناوماڵی کوردستان بخرێنەگەڕ، بۆ ئەمەش سەردانی بەشی زۆری لایەنە سیاسییەکانمان کرد، بێجگە لەو یەك دوو لایەنەی کە گوتیان ئێمە بەشداریی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق ناکەین و دەبینە ئۆپۆزسیۆن، بەڵام دواتر قۆناخێکی دیکە هاتە پێشەوە و گۆڕانکاریی دیکە دروست بوو لەسەر پرسی چۆنیەتی لێکنزیکبوونەوە و لێکدوورکەوتنەوە.

*** ئاشکرایە پێش ئەوەی هەڵبژاردنەکانیش ئەنجام بدرێت، جۆرێك لە پەیوەندی و لێکتێگەیشتن لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕەوتی سەدر هەبوو، هەم شاندی ئەوان هاتنە کوردستان و هەمیش شاندی پارتی چووە لای ئەوان، ئایا پەیوەندی و لێکتێگەیشتنەکە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

- پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانیش لە ناو

پرۆسەی سیاسیی عێراقدا هەڵبەز و دابەز هەبوو، دوای ئەوەی هەندێك ڕووداو ڕوویان دا، تەیاری سەدر ڕایانگەیاند کە ئەوان بەشداریی هەڵبژاردن ناکەن، ئاشکراشە بەشدارینەکردنی لایەنێکی سیاسیی گرنگی وەك ڕەوتی سەدر ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر کۆی پرۆسە سیاسییەکە دەبوو، بۆیە ئێمە و لایەنە سیاسییەکانی دیکەش هەوڵمان دا ژینگەیەکی وا دروست بکەین، کە ئەوانیش بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردن بکەن و سەرەنجامیش هەوڵەکان سەرکەوتوو بوون و، ڕەوتی سەدر هاتنەوە ناو پرۆسەی هەڵبژاردن، دوای ئەوەش کە گەڕانەوە بۆ ناو پرۆسەکە، یاسای هەڵبژاردنی ئەمجارە لە یاسای هەڵبژاردنەکانی پێشوو جیاواز بوو، پێویستی بە لێکتێگەیشتنی نێوان لایەنە سیاسییە بەشداربووەکان هەبوو لەسەر ئاستی عێراق، بۆ ئەمەش چەندین کۆبوونەوە لە نیوان ئێمەو تەواوی لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە و ڕەوتی سەدر و لەسەر ئاستی عەرەبی سوننەش هەردوو هاوپەیمانیی «عەزم و تەقەدوم» ئەنجامدران، هەروەها لەگەڵ ئەوانەش کە لە دەرەوەی ئەو لایەنانە بوون. لەم دیدارانەدا ئێمە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر ڕاشکاوانە بیروبۆچوونی خۆمان سەبارەت بە ئایندەی پرۆسەی سیاسیی عێراق دەربڕی و گوتمان: کۆی پرۆسەی حوکمڕانی لە عێراقدا پێویستی بە دووبارە ڕێکخستنەوە هەیە و دەبێت بە جۆرێك بێت لەگەڵ گیانی سەردەم بگونجێت و شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ پێشهاتەکاندا گۆڕانکاری بەسەردا بێت. ئەمە کرۆکیی بۆچوونی ئێمە بووە لە هەموو دیدارەکاندا و، بەشێك لەو لایەنانەش لەگەڵ ئێمە هاوڕا بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی شێوازی هەڵبژاردنی ئەم جارە ڕێگر بوو لە ڕێککەوتنی پێشوەختە، نەدەکرا ریککەوتن ئەنجام بدەین، بەڵام لێکنزیکبوونەوە و لێکتێگەیشتن لە نێوان ئیمە و ڕەوتی سەدر و لایەنەکانی دیکە دروست بوو، ئومێدمان ئەوە بوو هەموو پێکەوە لێك نزیك بین، بۆ ئەوەی بتوانین سەرلەنوێ شێوازی حوکمڕانیی عێراق ڕێکبخەینەوە. هەر بۆیە ئەم پرسە دوای ڕاگەیاندنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن چووە قۆناخێکی دیکە و هەوڵەکان بەرەو ئەوە چوون، ئەو نزیکی و لێکتێگەیشتنەی پێشتر دروست ببوو، بکرێتە پراکتیکی و بکرێتە کارنامەیەك و وەك دیکیۆمێنت لەسەر کاغەز بنووسرێتەوە، لەم چوارچێوەیەدا ئەو لێکتێگەیشتنەی لە نێوان ئێمە و ڕەوتی سەدر هەبوو، بریتی بوو لە کارنامەیەکی کوردستانی و ئەم کارنامە کوردستانییە ببێتە بەشێك لە بەرنامەی حکومەتی داهاتووی عێراق و لە چوارچێوەی بەرنامەی حکومەتدا کارنامە کوردستانییەکەش جێبەجێ بکرێت، خاڵی سەرەکی و گرنگیش بریتی بوو لە چۆنیەتی شەراکەتی کوردستانییەکان لە حوکمڕانیی عێراقدا و پێکهاتەکانی دیکە پەراوێز نەخرین، هەروەها چارەسەر بۆ ئەو هەموو ئەو کێشانە بدۆزریتەوە کە چەندین ساڵە وەك پرسی پیشمەرگە و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و دەیان کێشەی دیکە بە بێ چارەسەر و بە هەڵواسراوی ماونەتەوە، لەسەر ئەم پرسانە جۆریك لە نزیکبوونەوە و لێکتێگەیشتن لە نێوان ئیمە و ڕەوتی سەدر دروست بوو.

*** ئەگەر هەندێك زیاتر لەسەر ئەو پرسە هەڵوەستە بکەین کە هەم سەرۆك بارزانی و هەمیش مەکتەبی سیاسی جەختی لەسەر دەکەنەوە، بەوەی کە «حوکمڕانیی عێراق پێویستی بە ڕێکخستنەوە هەیە»، دەمانەوێت بزانین بە وردی مەبەستتان لەوە چییە؟**

- بە ڕاشکاوی هەم جەنابی سەرۆك بارزانی و هەمیش مەکتەبی سیاسی تێبینیی زۆر جددیمان لە پرسی حوکمڕانیی نیشتمانی و پرسی شەراکەتی ڕاستەقینە هەیە، لەسەر ئەم پرسەش ئەزموونێکی زۆرمان هەیە. پێشتر کە چەند جارێك لە سەر ئەم پرەنسیپە حکومەتمان پێکدەهێنابوو، دوای ئەوەی حکومەتەکە پێکدەهات، هەر ئەو برادەرانەی کە پێکەوە حکومەتمان پێکهێنابوو، لەکوێ بیانیویستایە مەرامەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن، بە زۆرینە تێیان دەپەڕاند، بۆیە ئەم جارە لەسەر ئەم پرسە زۆر پێداگریمان کردووە و پێمان گوتوون، شەراکەت واتە دەبێت کورد لە داڕشتنی بڕیاری سیاسی و شێوازی حوکمڕانیی ئەم وڵاتە شەریك بێت و، نابێت لایەنێکی دیکە بڕیار دروست بکات و لایەنی کوردستانی تەنیا

**پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانیش لە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا هەڵبەز و دابەز هەبوو**

**شێوازی هەڵبژاردنی ئەم جارە ڕێگر بوو لە ڕێککەوتنی پێشوەختە، بەڵام لێکنزیکبوونەوە و لێکتێگەیشتن لە نێوان ئیمە و ڕەوتی سەدر و لایەنەکانی دیکە دروست بوو، ئومێدمان ئەوە بوو هەموو پێکەوە لێک نزیک بین، بۆ ئەوەی بتوانین سەرلەنوێ شێوازی حوکمڕانیی عێراق ڕێکبخەینەوە**

**ئەو لایەنە سیاسییانەی شیعە کە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێنەوە دەسەڵاتیان لە ناو حکومەتی فیدراڵی بە دەستەوە بوو، ئەم جارەیان کورسیی پێویستیان بە دەست نەهێنا**

**هەوڵەکان بەرەو ئەوە چوون، ئەو نزیکی و لێکتێگەیشتنەی پێشتر دروست ببوو، بکرێتە پراکتیکی و بکرێتە کارنامەیەک و وەک دیکیۆمێنت لەسەر کاغەز بنووسرێتەوە**

جێبەجێکار بێت. بەداخەوە ئەمە ڕێچکەی حوکمڕانیی پێش سالی ٢٠٠٣ بوو لە عێراق و حکومەت تاکلایەنە بڕیاری دەردەکرد و، دەبوو ئەوانی دیکە جێبەجێکار بن، بەڵام وەك لای هەموو لایەك ئاشکرایە ئێمە لە دوای سالْی ٢٠٠٣ لەسەر شێوازێکی تازە پرۆسەی سیاسیی عێراقمان ڕێکخستەوە، بەو مانایەی دەبێت هەرسێ پێکهاتی سەرەکی (کورد و سوننە و شیعە) و هەروەها پێکهاتەکانی دیکە کە لە عێراق و کوردستان بوونیان هەیە، لە پرۆسەی حوکمڕانیی عێراقدا بەشدار و شەریك بن، لە سەر ئەم پرسەش چەندین جار پێمان گوتوون و ئێستاش پێیان دەڵێین کە ناکرێت تەنیا لایەنیك «ئایینی، یان نەتەوەیی» بیر لەوە بکاتەوە بە تەنیا حوکمڕانیی عێراق بکات، ئەم ڕێچکەیە هەڵەیە و دەبێت بگەڕینەوە بۆ سازان و هاوسەنگیی دەستووری و لەسەر ئەم میتۆدە لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتن ئەنجام بدەین.

*** وەك ئەندامی مەکتەبی سیاسی و وتەبێژی فەرمی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەموو کۆبوونەوەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە و ڕەوتی سەدر بەشداریت کردووە، ئایا وەڵامدانەوەی کام لایەن لای ئێوە زیاتر پەسەند بووە؟**

- ئەوەی جێگەی سەرنج و بایەخی ئێمە بووە لەو کۆبوونەوانە، هەستمان بەوە کردووە کە لە ناو ڕەوتی سەدر یەك ئاراستە بوونی هەیە. کە باسی پرسێك دەکرێت، ئەوە نییە بەشێکیان ڕازی بن و بەشێکی دیکەیان لە دژی بن، ئەم حاڵەتەش بۆ لێکتێگەیشتن و گەیشتن بە ڕێککەوتن ئاسانترە، بەڵام هەرچی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعەیە، هەموو لایەك دەزانن ئەم چوارچێوەیە کۆمەڵێك لایەنی سیاسیی جیاواز لە خۆی دەگرێت و بۆچوونیان جیاوازە، لەمەش زیاتر هەر لە دوای سالْی ٢٠٠٣وە هەتا ئێستا بە شێوەیەکی پراکتیکی دەسەڵات و حکومەت لای لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە بووە، بەڵام کۆمەڵێك کێشە و گرفت لە نێوان هەرێم و بەغدا هەبوون کە چارەسەر نەکراون، ئەمەش یان ئەوەیە نەیانویستووە چارەسەری بکەن، یان پێیان چارەسەر نەکراوە، من بۆیە «نەویستنەکەم» پێش خست، لەبەر ئەوەی پێدەچێت بە پلەی یەکەم نەیانویستبێت کێشەکان چارەسەر بکەن، لەبەر ئەوەی ئەگەر بیانویستایە دەکرا زۆر لە کێشەکان چارەسەر بکرێن. لەمەدا ئێمە پێمان وابوو، پێویستە ئاڵوگۆڕییەك لە شێوازی پێکهێنانی حکومەتی عێراق بێتە ئاراوە و. بە دیویکی دیکە ئەگەر شیوازیك ئەزموونمان کردبێت و سەرکەوتوو نەبووبین، ئەوا ناچارین شێوازیکی دیکە تاقی بکەینەوە کە بتوانرێت لانیکەم خزمەتی هاووڵاتیان بکات و، کێشە سەرەکییەکانی ئێستای عێراق لە ڕووی «ئاسایش، ئابووری، سیاسی و دیپۆماتی و .. هتد» چارەسەر بکات.

*** ئایا ئەم پرسەتان تەنیا لەگەڵ هەردوو بەرەی شیعە (ئیتار و تەیار) باس کردووە، یان لەگەڵ لایەنی عەرەبی سوننەش باستان کردووە؟**

- زۆر بە ڕاشکاوی لەگەڵ هەر دوو بەرەی ڕەوتی سەدر و چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە و هەروەها لەگەڵ هەردوو لایەنی سەرەکیی عەرەبی سوننەش (عەزم و تەقەدوم) قسەمان کردووە، دوای هەڵبژاردنەکانیش لیستی سەربەخۆ هەبووە، لەگەڵ ئەوانیش قسەمان کردووە، ئەوان لە نییەتی ئێمە تێگەیشتوون، ئێمەش لە نییەتی ئەوان تێگەیشتووین، سەرەنجامیش دەبێت هەنگاو هەڵبگیردرێت و ڕێز لەو چوارچێوە زەمەنییانە بگیردرێت کە دەستووری عێراق دیاری کردووە، وەك سەرەتا پەرلەمان توانی کۆبوونەوەی خۆی بکات و سەرۆك و دوو جێگرەکەی هەڵبژێرێت، دوای ئەوەش دەبێت لە کاتی خۆی سەرۆك کۆمار هەڵبژێردرێت و سەرۆك کۆماریش، کاندیدی سەرۆك وەزیران ڕادەسپێرێت بۆ ئەوەی لە کاتی خۆیدا حکومەتەکەی پێکبهێنێت. ئەمەشمان بە هەموو لایەنەکان گوتووە، کە گەیشتە وادەی خۆی، دەبێت بەپێی دەستوور دەبێت لەو کاتانە بگیردرێت کە بۆ پیکهێنانی « پەرلەمان و سەرۆك کۆمار و حکومەت» دانراوە و، هەر بۆیە ئێمە پێداگری لەسەر ئەوە دەکەین دەستوور جێبەجێ بکرێت.

*** ئایا بەم هەنگاوە ماڵی شیعە پەرت نەبوو، یان بە شێوازیکی دیکە ئایا ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێ کە پشتگیری سەدر دەکەن و لە ئیتار دوور دەکەونەوە؟**

**هەم جەنابی سەرۆک بارزانی و هەمیش مەکتەبی سیاسی تێبینیی زۆر جددیمان لە پرسی حوکمڕانیی نیشتمانی و پرسی شەراکەتی ڕاستەقینە هەیە، لەسەر ئەم پرسەش ئەزموونێکی زۆرمان هەیە**

**شەراکەت واتە دەبێت کورد لە داڕشتنی بڕیاری سیاسی و شێوازی حوکمڕانیی ئەم وڵاتە شەریک بێت و، نابێت لایەنێکی دیکە بڕیار دروست بکات و لایەنی کوردستانی تەنیا جێبەجێکار بێت**

**دوای ٢٠٠٣ لە سەر شێوازێکی تازە پرۆسەی سیاسیی عێراقمان ڕێکخستەوە، بەو مانایەی دەبێت هەرسێ پێکهاتی سەرەکی (کورد و سوننە و شیعە) و هەروەها پێکهاتەکانی دیکە کە لە عێراق و کوردستان بوونیان هەیە، لە پرۆسەی حوکمڕانیی عێراقدا بەشدار و شەریک بن**

**چەندین جار پێمان گوتوون و ئێستاش پێیان دەڵێین کە ناکرێت تەنیا لایەنێک «ئایینی، یان نەتەوەیی» بیر لەوە بکاتەوە بە تەنیا حوکمڕانیی عێراق بکات**

- پێش هەموو شت ئێمە لەگەڵ هەردوو بەرەی «ئیتار و تەیار» دیدار و کۆبوونەوەمان هەبووە و ڕاشکاوانە پێمان گوتوون، ئێمە پێمان باشە کە ئێوە لە ناو خۆتان ڕێك بکەون و لەگەڵ لێکدوورکەوتنەوە و لێکجیابوونەوە نین، ئەم پرسەش تایبەتە بە خۆیان کە چۆن ڕێك دەکەون و لەسەر چی پێکدێن، ئەوە پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، بۆ ئەمەش ماوەیەکی زۆریان لە بەردەمدا بوو بۆ ئەوەی بگەنە ڕێککەوتن لە نێوخۆیاندا، لەمەش زیاتر هەم جەنابی سەرۆك بارزانی و هەمیش مەکتەبی سیاسی هەوڵی میانگیرییان لە نێوانیان داوە، بەڵام خۆیان نەیانویستووە ڕێکبکەون .

*** دوای کۆبوونەوەی یەکەمی پەرلەمان و هەڵبژاردنی سەرۆك و دوو جێگرەکە، هادی عامری وەك نوێنەری چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە (نەك وەك هاوپەیمانیی فەتح) سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد و لەگەڵ سەرۆك بارزانی و سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مەکتەبی سیاسیی پارتی کۆ بووەوە، ئایا عامری چ پەیامێکی بۆ هەرێم هێنابوو؟**

- پەیامی سەرەکیی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە ئەوەیە کە داوا دەکەن کاتێکی زیاتریان پێویستە بۆ ئەوەی لێکنزیکبوونەوەیەك لەگەڵ ڕەوتی سەدر دروست بێت، بەڵام ئەو کاتە بە زیادەوە لەبەر دەستیان بووە و نەیانتوانی ڕێکبکەون، ئیستا کە هاتووینەتە سەر ئەوەی دەبێت ئەو چوارچێوەیە جێبەجێ بکەین کە دەستوور دیاری کردووە، ئەوا بەرپرسیاریەتی هەموو لایەکە و دەبێت جێبەجێ بکرێت، هەروەها پەیامێکی دیکەیان ئەوە بوو کە داوایان لە سەرۆك بارزانی کرد ڕۆڵی خۆی بگێڕێت لە نێوان هەردوو لایەنی «ئیتار و تەیار» کە شێوەیەك لە ڕێککەوتن لە نێوانیان دروست بێت، بۆ ئەمەش لێژنەیەکمان پێکهێناو سەردانی هەر دوو لایان کردووە، ئێستاش دیسان جارێکی دیکە ناردوومانەتەوە، لەمەدا هەم جەنابی سەرۆك بارزانی و هەمیش مەکتەبی سیاسی مەبەستمان بوو هەردوو لا بگەنە شێوەیەك لە ڕێککەوتن و ئەو لایەنانەش هەست بکەن کە بەشداری لە پرۆسەی حوکمڕانیی داهاتووی عێراق دەکەن.

*** ئەگەر بێینەوە سەر پرسی یەکڕیزیی نێوماڵی کورد، لە دوای هەڵبژاردنەکانەوە کەشێکی باش لە نێوان پارتی و یەکێتی هەبوو کە پێکەوە و بە یەك بەرنامە و یەك شاند بچنە بەغدا، ئەمانە هەمووی هەبوون، بەڵام لە پڕ هەموو شتێك پێچەوانە بووەوە، ئەمە بۆ ڕووی دا؟**

- بە ڕاستی ئێمە پەرۆشی یەکڕیزی بووین، لە پێناوی یەکڕیزیشدا کۆمەڵێك هەنگاومان هەڵگرت، هەر لە دیالۆگ و سەردان و کۆبوونەوە، ئەمەش لە پێناوی ئەوە بوو نییەتی خۆمان بۆ یەکڕیزی پیشان بدەین، لەمەش زیاتر ئێمە هەوڵەکانمان تەنیا لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی نەبوو، بەڵکو ئێمە دەمانویست هەموو لایەنە سیاسییەکانی دیکەش بەوانەشی کە ڕاپانگەیاندووە بەشداریی حکومەت ناکەن، پێکەوە کۆببینەوە و لەسەر پرسە «نیشتمانی و نەتەوەییەکان» یەك بگرینەوە، هەر بۆ ئەم مەبەستەش بڕیار بوو کە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوەیەك لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکان ڕێك بخات، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو لایانانەی دەیانگوت ئێمە ئۆپۆزسیۆن دەبین ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە نەبوون و، بەمەش نەتوانرا ئەو کۆبوونەوەیە بکرێت.

سەبارەت بە مەسەلەی ئێمە و یەکێتیش، بە ڕاستی هەوڵێکی زۆر درا لەلایەن سەرۆك بارزانی و سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەت و مەکتەبی سیاسیی پارتی بۆ ئەوەی «پارتی و یەکێتی» وەك یەك تیم کار لەسەر ئەو پرسە بکەن و، بۆ ئەمەش تیمێکی هاوبەش لە هەر دوو لامان پێکهێنرا و، ئەرکی ئەم تیمە هاوبەشەش ئەوە بوو، کە کارنامەیەکی هاوبەش ئامادە بکات، بۆ ئەوەی وەك کارنامەیەکی کوردستانی ببێتە بەشێك لە بەرنامەی حکومەتی داهاتووی عێراق، لەمەش زیاتر لە دوایین سەردانی ئێمە بۆ دەباشان کۆمەڵێك لێژنەی دیکە پێکهێنران و ئەندامان و سەرۆکی هەموو لێژنەکانمان دیاری کرد، چەند لێژنەیەکیش کۆبوونەوەی خۆیان ئەنجام دا، لە هەمووی گرنگتر کۆبوونەوەی ئەو شاندە هاوبەشە پارتی و یەکێتی بوو بۆ ئەوەی

**لە ناو ڕەوتی سەدر یەک ئاراستە بوونی هەیە. کە باسی پرسێک دەکرێت، ئەوە نییە بەشێکیان ڕازی بن و بەشێکی دیکەیان لە دژی بن، ئەم حاڵەتەش بۆ لێکتێگەیشتن و گەیشتن بە ڕێککەوتن ئاسانترە**

**هەر لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە هەتا ئێستا بە شێوەیەکی پراکتیکی دەسەڵات و حکومەت لای لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە بووە**

**زۆر بە ڕاشکاوی لەگەڵ هەر دوو بەرەی ڕەوتی سەدر و چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە و هەروەها لەگەڵ هەردوو لایەنی سەرەکیی عەرەبی سوننەش (عەزم و تەقەدوم) قسەمان کردووە، دوای هەڵبژاردنەکانیش لیستی سەربەخۆ هەبووە، لەگەڵ ئەوانیش قسەمان کردووە**

**دەبێت هەنگاو هەڵبگیردرێت و ڕێز لەو چوارچێوە زەمەنییانە بگیردرێت کە دەستووری عێراق دیاری کردووە**



**دوای ئەوەی دادگای فیدراڵی پشتگیریی ئاکامەکانی دەنگدانی کرد، ئیتر بەپێی دەستوور دەبێت ڕێز لەو کاتانە بگیردرێت کە بۆی دانراوە و ئێمەش پێداگری لەسەر ئەوە دەکەین دەستوور جێبەجێ بکرێت**

پێکەوە بچنە بەغدا، بۆ ئەمەش کۆبوونەوەیەکی پێشوەختیش کرا و لە ناو خۆیاندا بڕیاریان دا، کە شاندە هاوبەشەکە بە سەرۆکایەتیی برای بەڕێز کاک عیماد ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بچن و، پاش چوونیان بۆ بەغدا کۆمەڵێک کۆبوونەوەی باشیان لەگەڵ هەموو لایەنەکان ئەنجام دا، بەڵام لای برادەرانی یەکێتی جۆرێک لە نیگەرانی هەبوو، بەوەی لەوانەیە کە ئێمە و ڕەوتی سەدر ڕێککەوتنێکمان هەبێت و لای ئەوان ئاشکرا نەبێت، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوە بوو هەتا ئەو کاتەی ئەو شاندە هاوبەشە سەردانی بەغدای کرد، ئێمە و سەدر هیچ دیکیۆمێنتێکی ئیمزاکراو لە نێوانماندا نەبوو، ئێمە پێمان باش بوو کە ناوماڵی کوردیش پشتگیریی ناوەڕۆکی ئەو لێکتێگەیشتنە بکات و ببێتە ڕێککەوتنی لایەنی کوردی لەگەڵ لایەنێکی شیعیدا، بۆیە پرسەکە بە کراوەیی هێشترابووەوە و تەنانەت ئەو خاڵانەی گفتوگۆشمان لە سەر کردبوون، هەمووی درانە شاندی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و سەرپشکمان کردبوون، دوای ئەوەی دیراسەی دەکەن لە کوێ پێویستی بە دەستکاری، یان زیادکردن هەیە، یان لە کوێ کەموکورتییەکی هەیە، چاکی بکەن. لەمەش مەبەستمان ئەوە بوو کە ببێتە کارنامەیەکی هاوبەش و هەر دوولامان پێکەوە لەگەڵ تەیاری سەدر گفتوگۆی لەسەر بکەین. لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەم کە لە سەرەتادا شاندی یەکێتی ئەمەیان زۆر پێ باش بوو، بەڵام لەدواییدا شاندی یەکێتی ڕاشکاوانە پێیان گوتین: «ئێمە ناتوانین بڕیاری کۆتایی بدەین و بڕیاری کۆتایی لەدەستی کاک پاڤلدایە و تەنیا ئەو دەتوانێت بڕیار بدات»، بۆ دوو ڕۆژ دواتر کاک پاڤل لەگەڵ شاندێك چووە بەغدا و بەبێ ئاگادارکردنەوەی شاندی هاوبەشی پارتی و یەکێتی کە پێکەوە چووبوونە بەغدا، لەلایەن یەکێتییەوە، فراکسیۆنی یەکێتی کشانەوە و بەشداری کۆبوونەکەی پەرلەمانیان نەکرد. لە بەرامبەردا برادەرانی ئێمە پێیان گوتبوون، مەزندەی ئێمە ئەوەیە دەبێت ئێمە هەردوو لا ئەو چوارچێوەی دەستوورییە جێبەجێ بکەین کە بۆ پرۆسەکە دانراوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی



خۆ ناکرێت هەتا سەر چاوەڕێی ڕێککەوتنی «ئیتار و تەیار» بکەین و، دەبێت لە شوێنێك ڕابوەستێت و کۆتایی بێت. دیار بوو برادەرانی یەکێتی بەبێ ئەوەی ئێمە ئاگادار بکەنەوە، لە پەرلەمان چوونە دەرەوە و بەشداریی کۆبوونەوەکەیان نەکردو، پاشانیش دەستیان بە کۆبوونەوەی خۆیان کرد لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا، بەمەش یەکێتی لە یەکڕیزیی نێوماڵی کورد هاتە دەرەوە و، بە تەنیا لە کۆبوونەوەکە بەشداری نەکرد و، هەموو لایەنەکانی دیکە (کۆمەڵ، یەکگرتوو، نەوەی نوێ) لە ناو دانیشتنەکەی پەرلەمان بوون، ئینجا دەنگیان داوە، یان نەیانداوە، ئەوە مەسەلەیەك نییە.

*** لە دوای ئەو ڕووداوە، پارتی دیموکراتی کوردستان تۆزێك تووڕەیی پێوە دیارە، پێشتر لەسەر مەسەلەی سەرۆك کۆمار هەردوو لا دەتانگوت نابێتە کێشە، بەڵام دوای کشانەوەی یەکێتی لە پەرمان کاندیدێکی زۆر بەهێزتان دیاری کرد بۆ ئەو پۆستە، مەبەستان لەمە چی بوو؟**

- پێشتر پرسی پۆستی سەرۆك کۆمار لە نێوان پارتی و یەکێتی تەنیا لەسەر ئاستی ڕاگەیاندن باس کرابوو، لەناو کۆبوونەوە هاوبەشەکانی پارتی و یەکێتی باس لەم بابەتە نەکرابوو، بەڵام لەسەر ئاستی لێدوان بۆ ڕاگەیاندنەکان، زۆر جار دەمانبینی یەکێتی بەو جۆرە باس لە پۆستی سەرۆك کۆمار دەکات، وەك ئەوەیە ئەم پرسە کۆتایی هاتووە و دەبێت بەردەوام بۆ یەکێتی بێت. ئێمە زۆر جار هەوڵمان دەدا ئەم پرسە ڕاست بکەینەوە و باسی ئەوەمان دەکرد، «پۆستی سەرۆك کۆمار بۆ کوردە و پێویستە ئەمەش لەناو کورددا بە ڕێککەوتنی نێوان لایەنە کوردستانییەکان یەکلایی بکرێتەوە، بەو لایەنانەشی کە بەشداریی پێکهێنانی حکومەتی عێراق ناکەن. مەبەستمان بوو بیسەلمێنین بەوەی دەبێت سەرۆك کۆمار نوێنەرایەتیی هەموو خەڵکی کوردستان بکات، نەك لایەنێکی سیاسی بە تەنیا. ڕاستە ئێمە لە ساڵی ٢٠٠٥ ڕێککەوتنێکی سیاسیمان لەگەڵ یەکێتی هەبوو، دوای ئەوە لە ٢٠٠٧ ڕێککەوتنی ستراتیژی بەدوادا هات و ئەوە بە پەسەند زانرا کە پێکەوە یەك لیست و یەك

**ئێمە لەگەڵ هەردوو بەرەی «ئیتار و تەیار» دیدار و کۆبوونەوەمان هەبووە و ڕاشکاوانە پێمان گوتوون، ئێمە پێمان باشە کە ئێوە لە ناو خۆتان ڕێک بکەون و لەگەڵ لێکدووركەوتنەوە و لێکجیابوونەوە نین**

**پەیامی سەرەکیی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە ئەوەیە کە داوا دەکەن کاتێکی زیاتریان پێویستە بۆ ئەوەی لێکنزیکبوونەوەیەک لەگەڵ ڕەوتی سەدر دروست بێت، بەڵام ئەو کاتە بە زیادەوە لەبەر دەستیان بووە و نەیانتوانی ڕێکبکەون**

**هەوڵەکانمان تەنیا لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی نەبوو، بەڵکو ئێمە دەمانویست هەموو لایەنە سیاسییەکانی دیکەش بەوانەشی کە ڕایانگەیاندووە بەشداریی حکومەت ناکەن، پێکەوە کۆببینەوە و لەسەر پرسە «نیشتمانی و نەتەوەییەکان» یەک بگرینەوە**

**برادەرانی یەکێتی بەبێ ئەوەی ئێمە ئاگادار بکەنەوە، لە پەرلەمان چوونە دەرەوە و بەشداریی کۆبوونەوەکەیان نەکردو، پاشانیش دەستیان بە کۆبوونەوەی خۆیان کرد لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا، بەمەش یەکێتی لە یەکریزیی نێوماڵی کورد هاتە دەرەوە**

**پرسی پۆستی سەرۆک کۆمار لە نێوان پارتی و یەکێتی تەنیا لەسەر ئاستی ڕاگەیاندن باس کرابوو، لەناو کۆبوونەوە هاوبەشەکانی پارتی و یەکێتی باس لەم بابەتە نەکرابوو**

فراکسیۆنمان هەبێت، دواتر هەر خودی یەکێتی ئەم ڕێککەوتنەی هەڵوەشاندەوە و لە هەموو ڕاگەیاندنەکانی خۆشیانەوە ڕایانگەیاند کە ئەم ڕێککەوتنە پێویست نییە. هەر بۆیە کە هاتینە سەر پرسی پێکهێنانی کابینەی نۆیەم، لە گفتوگۆی نێوان ئێمە و یەکێتی باسی ئەوەمان کرد، ئایا ڕێککەوتنی ستراتیژی وەك خۆی بمێنێ، یان هەمواری بکەینەوە، یان ڕێککەوتنێکی تازە بکەین؟ لەمەدا یەکێتیمان سەرپشك کردبوو، ئەوان گوتیان ڕێککەوتنێکی تازە دەکەین، بۆ ئەمەش ڕێککەوتنێکی سیاسیی تازە و هەروەها ڕێککەوتنێکی کارگێڕیشمان لەسەر چۆنیەتی پێکهێنانی کابینەی نۆیەم کرد، بۆیە لەمەوە دەتوانین بڵێین یەکێتی لەسەر پرسی پۆستی سەرۆك کۆمار باش قسەی نەکرد، دەبوو بە شێوەیەك لە شێوەکان لەگەڵ پارتی لەسەر ئەم پۆستە ڕێك بکەوتینایە، بەڵام وەك بینیمان ئەوان کاندیدی خۆیان دیاری کرد، بەبێ ئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ پارتی بکەن، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەوان پۆستی سەرۆك کۆمار بە مافێکی بڕاوەی خۆیانی دەزانن، کە ئەمەمان بینی، هەستمان کرد بە ئاراستەیەکی خراپدا دەڕوات، بۆیە پێمان گوتن ئەمجارە سەرۆك کۆمار لای پارتی دیموکراتی کوردستانە و دەکرێت لەسەر پۆستەکانی دیکە لە بەغدا گفتوگۆ بکەین، بەڵام یەکێتی ئامادە نەبوون بە هیچ شێوەیەك لەسەر پۆستی سەرۆك کۆمار گفتوگۆ بکرێت.

*** دوای ئەمەش پاڤل تاڵەبانی سەردانی سەرۆك بارزانی کرد، ئایا بۆچی لێکتێگەیشتن لەسەر ئەم پرسە دروست نەبوو؟**

- ڕاستە ئەو سەردانە کراوە و گفتۆگۆش کراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی من لەو کۆبوونەوەیە نەبووم، نازانم وەك خۆی باسی چی کراوە، بەڵام وەك پێشتر ئاماژەم پێ کرد، مەرج نییە هەتا سەر ئەم پۆستە لای یەکێتی نیشتمانی کوردستان بێت، بەلای کەمەوە دەبێت بە گفتوگۆ و ڕازیبوونی لایەنەکان بێت، تەنانەت ئەو لایەنانەش کە بەشداری لە پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق ناکەن، بەڵام ئەوان گوتیان نەخێر ئەم پۆستە بۆ کوردە و لە ناو کوردیش بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە.

بۆیە ئێمەش وەك پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیارمان داوە کاندیدمان هەبێت، کاندیدەکەشمان کەسێکی شارەزا و بەئەزموونی ناو کایەی سیاسی و حوکمڕانییە و ئەو کاندیدەش هەڤاڵ هۆشیار زێباری-یە.

*** واتە کاندیدێکی تاکتیکی نییە؟**

- نەخێر، کاندیدێکی تاکتیکی نییە و پاڵێوراوە بۆ ئەوەی بچینە ناو پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماریی عێراق و ئومێدیش دەکەین سەرکەوتوو بێت.

*** لە دوای ئەم گۆڕانکارییانە لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی یەکێتی و بەیانەکەی کە بڵاویان کردەوە، هەستمان کرد جۆرێك لە هەڵکشان و زبری هەیە، ئەمە بۆچی ڕووی دا؟**

- ئێمە هەستمان بەوە کرد، لەو کۆبوونەوەیە دیسان بەو نەفەسە قسە کراوە ئەگەر پارتی کاندیدی هەبێت وەك ئەوەیە کە ئەوان غەدرێکیان لێ کرابێت، جگە لەوەش هەندێك بەلاڕێدابردنی تێدا بوو، کە پێویستە بۆ ئەوان و خەڵکی کوردستان ڕوونی بکەینەوە، هەندێکی دیکەشی بەو شێوەیە نەبوو کە لە بەیاننامەکەدا باس کرابوو. سەبارەت بە بەشدارنەبوونیان لە کۆبوونەوەی پەرلەمان، باسی ئەوەیان نەکردبوو کە ئەوان گوشاریان لەسەر دەبێت و دەبێت ئەو گوشارانە ڕەچاو بکرێن، باسی ئەوەیان نەکردبوو کە ئەوان بە هیچ جۆریك ئامادەنەبوون باسی پۆستی سەرۆك کۆمار بکرێت، یان ئەگەر باسیش بکرێت، دەبێت بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان بێت.

*** باس لەوە دەکەن پارتی ڤیتۆیەکی توندی لەسەر دکتۆر بەرهەم هەیە، ئەم ڤیتۆیە بۆچی هەبێت؟**

- ئێمە باس لە شێوازی کاندیدکردن بۆ ئەم پۆستە دەکەین، ئەوجا ئەو کەسە دکتۆر بەرهەم بێت، یان هەر کەسیکی دیکە، جەخت لە سەر ئەوە دەکەینەوە کە نابێت ئەم پۆستە تاپۆ بێت بۆ یەکێتی، یان لانیکەم سەرکردایەتیی یەکێتی وا بیربکاتەوە کە دەبێت ئەوان کاندیدی ئەم پۆستە دیاری بکەن. بۆیە دەبێت لەمەدا هەڵوەستەیەك بکرێت و، پرسەکە لەوە جیا بکەینەوە کە کێ دەبێت، یان کێ نابێت. گفتۆگۆکان لەسەر کەسەکان نییە، لە سەر

شێوازی کاندیدکردنەکەیە کە دەبێت ڕێککەوتنی لایەنەکانی لەسەر بێت، نەک لایەنێک بە هی خۆی بزانێت.

*** ڕۆژی ٧ی مانگی داهاتوو، پەرلەمان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار کۆدەبێتەوە، ئایا ئەو هاوکێشەیە وەک خۆی دەمێنێتەوە، یان گۆڕانکاری بەسەردا دێت؟**

- مەزندەی من ئەوەیە ئەم پرسە پێویستی بە هەڵچوون نیە لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە، ئەمە پرۆسەیەکە، ئەوان لە سەرەتاوە پێیان باش بوو بە تەنیا بن، ئەوجا مادام ئەوەیان پێ باشە، دەبێت ڕێز لەو کاتانەش بگیردرێت کە دەستوور داینراوە و سەرۆک کۆمار لەو کاتەی بۆی دانراوە، هەڵدەبژێردرێت.

*** ئایا ئەمە کاریگەریی نەرێنی لەسەر پرۆسەی سیاسیی کوردستان نابێت؟**

- بۆ دەبێت پرسەکە بەو جۆرە لێکبدرێتەوە کە کاریگەریی نەرێنی دەبێت، یان لەبەر ئەوەی شتێک لەوێ بە دڵی ئەوان نەبووە، لێرە بە جۆرێکی دیکە ڕەفتار بکرێت، لە کاتێکدا ئەم دوو پرۆسەیە پێکەوە گرێ نادرێت. لە کوردستان لەسەر بنەمای ڕێککەوتنێکی سیاسی و ڕێککەوتنێکی کارگێڕی کابینەی نۆیەممان پێکهێناوە، هەتا ئێستا هیچ لایەکمان لێی پاشگەز نەبووینەتەوە، بۆیە مەزندەی ئێمە ئەوەیە ئەگەر ئەوەی بکرێت، زیاتر بیانوو دۆزینەوەیە.

*** دوایین تەوەرمان دوو حاڵەتی جیاوازە، یەکەمیان کاردانەوەی هەندێک گرووپی چەکدارە بە هەڵکوتانە سەر بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان و بارەگای عەزم و تەقدوم لە بەغدا، هەروەها هاوکات تیرۆریستانی داعشیش دەستیان کردووە بە جووڵەیەکی سەیر، وەک ئەوەی لە شکاندنی بەندیخانەکەی ڕۆژئاوا بینیمان، ئەمانە چۆن پێکەوە کۆدەکرێنەوە؟**

- سەبارەت بە هێرشەکان بۆ سەر بارەگاکانی ئێمە و لایەنەکانی سوننە، ئەمەیان خوێندنەوەیەکی باشی بۆ ناکرێت، لەبەر ئەوەی ئەو تەفسیرەی بۆ دەکرێت ئەگەر شتێک بە دڵی لایەک نەبوو، دەبێت کێشە و ئاژاوە و ناسەقامگیری دروست بکات، ئەمەش بەو مانایەی هەندێک لایەن کە تا ئێستا دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵییان بە دەستەوە بووە و، دوای ئەوەی لە هەڵبژاردن کورسیی پێویستیان نەهێناوە، ئێستا ئامادە نین بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات بە شێوەیەکی ئاشتییانە و پەنا بۆ هێز و کودەتا دەبەن، بۆ ئەمەش دەبێت باش ئەو ڕاستیە بزانن کە بە چاوسوورکردنەوە و هەڕەشە و هەڵکوتانە سەر ئەم بارەگا و ئەوی دیکە ناتوانن هیچ هاوسەنگییەک بگۆڕن. زۆر هەوڵیان دا بە درۆن و کاتیوشا واقیعەکە بگۆڕن، بەڵام شکستیان هێنا. لەو ماوەی دواییدا یەکێک لەو سەرکردانەی شیعە هاتبووە کوردستان دەیگوت چەند ساڵە دەمەوێت بێمە کوردستان، بەڵام شەرمەزار بووم بێم و باسی ئەوە بکەم درۆنەکان و کاتیۆشاکان چۆن خەڵکی کوردستانیان شەهید و بریندار کردووە، ڕۆژێک دێت ئەوانیش هەست دەکەن چەند شەرمەزارن کە پەنا بۆ ئەو کارانەی ئێستایان دەبەن.

بەشی دووەمی پرسیارەکەتان تایبەتە بە جووڵەکانی ئەم دواییەی تیرۆریستانی داعش. لەسەر ئەم پرسە ئێمە زۆر دەمێکە گوتوومانە تیرۆریستانی داعش کۆتاییان نەهاتووە، ڕاستە داعش وەک لایەنی سەربازی لە هەندێک شوێن دەستیان کورت کراوەتەوە، بەڵام فیکری داعش و پەروەردەی داعشی هەتا ئێستاش نەشونما دەکات و زۆریش بووە. ئەوەتا دەبینین زۆر بە ڕێکخراوییتر هێرش دەکەن و شەڕی هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق و حەشدی شەعبی دەکەن، هەر بۆیە کاتێک دەبینین لایەنێک دەڵێت ئێمە هێزەکانی خۆمان لە بەرامبەر تیرۆریستانی داعش دەکشێنینەوە، وەک ئەوەی ئەگەر ئەوان نەبن، داعش دەتوانێت زۆر شت بکات، ئەمە مانای ئەوەیە تیرۆریستانی داعش وەک مەترسی بوونیان هەیە و پێشوازی دەکرێن و ترسی ئەوەش هەیە بەکار بهێندرێن بۆ ئەوەی ناهاوسەنگی لەناو پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی عێراق دروست بکەن، هەروەها لە هێرشەکەشیان بۆ سەر بەندیخانەکەی ڕۆژئاوا، دەسەڵاتی ئەوێ بەیاننامەیەکیان بڵاو کردووەتەوە و ئاماژەیان بە شتێکی لەو جۆرە کردووە، بەوەی تیرۆریستانی داعش بۆ ئەنجامدانی ئەم هێرشە لەناو عێراق و سووریاوە پشتیوانی کراون، ئەگەر ئەمە وابێت، ئەگەری ئەوە هەیە ئەوانەی کە بڕوایان بە دیموکراتی نییە، پەنا بۆ هەموو شتێک بەرن.

**بە چاوسوورکردنەوە و هەڕەشە و هەڵکوتانە سەر ئەم بارەگا و ئەوی دیکە ناتوانن هیچ هاوسەنگییەک بگۆڕن. زۆر هەوڵیان دا بە درۆن و کاتیوشا واقیعەکە بگۆڕن، بەڵام شکستیان هێنا**

**پێمان گوتن ئەمجارە سەرۆک کۆمار لای پارتی دیموکراتی کوردستانە و دەکرێت لەسەر پۆستەکانی دیکە لە بەغدا گفتوگۆ بکەین، بەڵام یەکێتی ئامادە نەبوون بە هیچ شێوەیەک لەسەر پۆستی سەرۆک کۆمار گفتوگۆ بکرێت**

**لە کوردستان لەسەر بنەمای ڕێککەوتنێکی سیاسی و ڕێککەوتنێکی کارگێڕی کابینەی نۆیەممان پێکهێناوە، هەتا ئێستا هیچ لایەکمان لێی پاشگەز نەبووینەتەوە**

**ڕاستە داعش وەک لایەنی سەربازی لە هەندێک شوێن دەستیان کورت کراوەتەوە، بەڵام فیکری داعش و پەروەردەی داعشی هەتا ئێستاش نەشونما دەکات و زۆریش بووە**



نەدین مێینزا

سەرۆکی کۆمسیۆنی نێودەوڵەتیی ئازادییە ئایینییەکان لە ئەمریکا تایبەت بۆ گوڵان:

# تێڕوانینی فەخامەتی سەرۆک مسعود بارزانی لە بارەی ئازادیی ئایینی و مافی پێکهاتەکان لە کوردستان جێگەی تەقدیرە

## گفتوگۆ - مەریوان نەقشبەندی

خاتوو نەدین بلێسەر مێینزا سەرۆکی کۆمسیۆنی نێودەوڵەتیی ئازادییە ئایینییەکان لە حکومەتی ئەمریکا یەکێکە لە کاراکتەرە ئەکتیڤەکانی دۆسێی ئازادیی ئایینی و مافی کەمینەکان لە سەرتاسەری جیهاندا، ئەم خاتوونە دوو ئەرکی سەرەکیی هەیە، کە گرنگەکەیان پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی ساڵانە بە کۆنگرێس و سەرۆکی ئەمریکا لە بارەی ڕەوشی ئازادی ئایینی لە سەرتاسەری جیهانە و، لە سۆنگەی ئەم ڕاپۆرتەوە کۆنگرێس و ئیدارەی ئەمریکاش مامەڵە لەگەڵ وڵات و حکومەتەکانی جیهاندا دەکات، ئەرکی دووەمیشی بەدواداچوون و دڵنیابوونە لەو یاسا و بەڵێنانەی کە پەرلەمان و حکومەتەکان لە بارەی جێبەجێکردنی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و ئازادیی ئایینی خستویانەتەڕوو.

خاتوو نەدین مێینزا لەم ١٠ ساڵەی ڕابردوو هەشت جار سەردانی هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستانی کردووە و، شارەزاییەکی باشی لە دۆسێی ئازادییە ئایینییەکان و ڕەوشی سیاسی و کاریگەریی کەسایەتییە سیاسی و ئایینییەکان لە هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان هەیە، بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵدا ڕێك بخەین.

لەبارەی هۆکار و بەرنامەی سەفەرەکەی ئەمجارەی بۆ باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان خاتوو نەدین بلێسەر مێینزا گوتی: «حکومەتی ئەمریکا بە گرنگییەوە دەڕوانێتە ڕەوشی ئایینی و ماف و ئازادیی کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و، لەو چوارچێوەدا بە پێویستمان زانی لە ڕەوشی ئازادیی ئایینی لە ڕۆژئاوای کوردستان دڵنیا بین و، لەگەڵ سەرکردە ئایینی و سیاسییەکانی ڕۆژئاوا لە بارەی هەڕەشەکانی داعش و سوپای تورکیا و ڕژێمی سووریا لەسەر ڕۆژئاوای کوردستان گفتوگۆم هەبوو و گوێبیستی بۆچوونەکان بووم، دواتریش چەند ڕۆژێکی گرنگم لە هەرێمی کوردستان بەسەر برد، دیدارێکی زۆر گرنگم لەگەڵ فەخامەتی سەرۆك مسعود بارزانی هەبوو، گفتوگۆمان لەسەر ڕەوشی ئازادیی ئایینی و مافی پێکهاتەکان و گرنگیدانی سەرکردایەتیی سیاسی و حکومەتی هەرێم بە مافی پێکهاتەکان و چۆنێتیی هاریکاریی مرۆیی خەڵکی ڕۆژئاوا و گەڕانەوەی ئاوارە ئێزدی و مەسیحییەکان بۆ سەر موڵك و ماڵی خۆیان و، چۆنێتیی گەرەنتیکردنی پاراستنی کەمینەکان لە دەشتی نەینەوا و شنگال و شوێنەکانی دیکە کرد، بەڕاستی خۆشحاڵ بووم بە تێڕوانینی فەخامەتی سەرۆك بارزانی لە دۆسێی ئازادیی ئایینی و مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان و، لە هەمان کاتیشدا کێشەی مەسیحی و ئێزدی و پێکهاتەکانی دیکەی کوردستان، ئەوانەی لە دیدارەکانمدا لەگەڵیان تۆمارم کردبوو، بە ڕاشکاوی ئاماژەم بۆ کرد و خۆشحاڵم بۆ بڕیاری حکومەتی هەرێم بەو ڕێکارە ئیدارییانەی کە بۆ شاری عەنکاوەی مەسیحی نشینی دایناون» .

لە بارەی دیدارەکانی دیکەی لە هەرێمی کوردستان، سەرۆکی کۆمسیۆنی نێودەوڵەتیی ئازادییە ئایینییەکان لە حکومەتی ئەمریکا گوتی: «سەردانی جەنابی وەزیری گواستنەوە و گەیاندن (ئانۆ جەوهەر)م کرد، کە وەزیرێکی مەسیحیی بەتوانایە و ڕۆڵێکی گرنگی لە بواری پێکەوەژیاندا هەیە و لە نووسینگەکەیدا چەندین وێنە و دیکیۆمێنت و کتێبی گرنگم بینی و، بەشێك لە مێژووی کوردستانی لە بواری پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی بۆ ڕوون کردمەوە و، ئاماژەی بە ڕۆڵی بارزانییەکان لە پاراستنی پێکەوەژیانی ئایینی و ئاشتیی کۆمەڵایەتیدا کرد، هەروەها سەردانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینیم کرد و لەگەڵ وەزیری ئەوقاف (پشتیوان سادق) لەسەر ڕەوشی ئایینی و بەربەستەکانی بەردەم پرۆسەی ئازادی و مافی مەسیحی و پێکهاتەکان گفتوگۆمان کرد».

لە بارەی دیدارە نافەرمییەکانی لە کوردستان، خاتوو نەدین گوتی: «لەگەڵ چەند چالاك و کەسایەتییەکی شارەزا لە بواری ئازادیی ئایینی و چۆنێتیی هاوکاریکردنی ئەم پرۆسەیە لەلایەن حکومەتی ئەمریکاوە دیدار و کۆبوونەوەم هەبوو، هەروەها لە ڕۆژێکی سارد و بەفربارین‌دا

**حکومەتی ئەمریکا بە گرنگییەوە دەڕوانێتە ڕەوشی ئایینی و ماف و ئازادیی کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و، لەو چوارچێوەدا بە پێویستمان زانی لە ڕەوشی ئازادیی ئایینی لە ڕۆژئاوای کوردستان دڵنیا بین**

**کۆبوونەوەیەکم لەگەڵ کاردینال لویس ساکۆ پەتریارکی کلدانییەکانی عێراق و جیهان هەبوو، کە خۆی لەدایکبوی شاری زاخۆیە، لەم کۆبوونەوەیەدا گوێبیستی ڕەوشی مەسیحییەکانی عێراق بە گشتی و کێشە و بەربەستەکانی بەردەم مانەوەیان لە عێراق و نەبوونی هەلی کار و چەند کێشەی دیکەی یاسایی و سیاسی بووم**

**ڕێککەوتنی حکومەتی هەرێم و حکومەتی بەغدا کە بە ڕەزامەندی و ئاگاداریی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق (یونامی) کراوە، جێگەی بایەخە و پێویستە هیچ هێزێك لە دەرەوەی یاسا و هێزە ئەمنییە عێراقییەکان و هەرێمی کوردستان لە شنگال و دەشتی نەینەوا نەبن**




**عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ ئەمریکا گرنگیی خۆی هەیە و حکومەتی ئەمریکا لە چوارچێوەی هاوپەیمانێتی و ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان ئەمریکا و عێراق بەردەوام دەبێت لەسەر مەشق و ڕاوێژکاری بە هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان**

سەردانی شاری ئاکرێ و دهۆکم کرد، کە چەند شوێنێکی ئایینی و کەلتووریم بەسەرکردەوە و لەگەڵ خەڵکی جیاجیا دیدارم هەبوو، دواتر لە شاری دهۆك وێڕای بەشداریم لە ڕێوڕەسمی دەستبەکاربونی مەترانی دهۆك، کۆبوونەوەیەکم لەگەڵ کاردینالڵ لویس ساکۆ پەتریارکی کلدانییەکانی عێراق و جیهان هەبوو، کە خۆی لەدایکبوی شاری زاخۆیە، لەم کۆبوونەوەیەدا گوێبیستی ڕەوشی مەسیحییەکانی عێراق بە گشتی و کێشە و بەربەستەکانی بەردەم مانەوەیان لە عێراق و نەبوونی هەلی کار و چەند کێشەی دیکەی یاسایی و سیاسی بووم».

سەبارەت بە تێڕوانینی حکومەتی ئەمریکا بۆ ئایندەی شنگال و دەشتی نەینەوا، ئەم بەرپرسەی حکومەتی ئەمریکا گوتی: «ڕێککەوتنی حکومەتی هەرێم و حکومەتی بەغدا کە بە ڕەزامەندی و ئاگاداریی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق (یونامی) کراوە، جێگەی بایەخە و پێویستە هیچ هێزێك لە دەرەوەی یاسا و هێزە ئەمنییە عێراقییەکان و هەرێمی کوردستان لە شنگال و دەشتی نەینەوا نەبن و دەبێت عێراق سیادەی تەواوی خۆی بە سەر ئەو دەڤەرەدا هەبێت»، گوتیشی: «هیوادارم پەرلەمان و حکومەتی نوێی عێراق بتوانن بە سەر ئەو بەربەستانەی کە لە ڕێگای ئازادی و مافی پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە هەیە، سەرکەون».

لە بارەی ڕۆیشتن و مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق خاتوو نەدین گوتی: «بە دڵنیاییەوە عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ ئەمریکا گرنگیی خۆی هەیە و حکومەتی ئەمریکا لە چوارچێوەی هاوپەیمانێتی و ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان ئەمریکا و عێراق بەردەوام دەبێت لەسەر مەشق و ڕاوێژکاری بە هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان و، هەمیشە ئەمریکا ئامادەیە لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش پاڵپشتیی هێزە کوردییەکان و حکومەتی عێراق بکات.

# شرۆڤەکردنێکی ئەکادیمییانە بۆ دیاردەی سپیکردنەوەی پارە و کاریگەریی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی



**د.نەژدەت ئاکرەیی**
پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی

**تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە**

مەبەست لە سپیکردنەوە، یان سپیکردنەوەی پارە لە ئەدەبییاتی یاسایی و ئابووریدا، پرۆسەی گۆڕینی پارەیە لە دەرئەنجامی هەندێ چالاکیی تاوان، بۆ ئەوەی ئەم مەسەلەیە بشاردرێتەوە، یان سەرچاوە ناشەرعییەکەی ئاشکرا نەبێت، یانیش یارمەتیی چەند کەسانێك بدرێت بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتیی یاساییان نەکەوێتە سەر لە هەر تاوانێکدا، دیاردەی سپیکردنەوەی پارە لە سەنتەرە بانکییە گەورەکاندا دەکرێت، هەروەها لەو دەوڵەتانەی کە یاساکانیان نەرمن و پەنا بۆ نهێنیی ژمێریاری، یان کاری بانکی نابەن، هەروەها بێهێزی و سستیی سیستمی باج و لاوازیی چاودێریی لەسەر بانکەکان، لەوانەیە تۆڕێکی پێشکەوتووی گەیاندن کارگەریی هەبێت لەم مەسەلەیەدا.

سەرچاوەی ئەو پارانەی کە لە دیاردەی سپیکردنەوەی پارە بەدیار دەکەون، خۆی لەماندا دەبینێتەوە: تاوانەکانی ماددە هۆشبەرەکان، بەرتیل، ئیختلاس، خۆدزینەوە لە دانی باج، تاوانی ئەوانەی یەخەیان سپییە پێیان دەڵێن: تاوانی سیاسییانی بازرگان، هەروەها ئەوانەی کە دەسەڵاتی سیاسییان قۆستووەتەوە، هاوکات بازرگانیی چەك، بازرگانیی لەشفرۆشی و کاری بەد، تیرۆر، ڕفاندن، بەبارمتەگرتن، هەروەها قاچاخچێتیی جگەرە و ماددە کحولییەکان.

میکانیزمەکانی دیاردەی سپیکردنەوەی پارە بەم شێوەیە ئەنجام دەدرێت: هاوکاریی بانکەکان و گۆڕینەوەی پارە و کڕینی موڵك و ماددەی بەنرخ و گرانبەها و کڕینی کۆمپانیا و دامەزراوەی زەبەلاح و مامەڵەکردن، کە لە بانکەکان بە چەکی بانکی دەگۆڕدرێتەوە و کاری لەسەر دەکرێت، بۆیە ئەو کەسەی سپیکردنەوەی پارەی بۆ کراوە دەتوانێت پارەکانی لە هەر بانکێك ڕابکێشێت، بێ

ئەوەی هیچ چاودێرییەکی بەسەرەوە هەبێت، هەروەها یانەکانی قوومارکردنیش پەنا بۆ ئەم دیاردەیە دەبەن و قازانجەکانیان لە بانکەکان دادەنێن.

ئەگەر دیراسەتی ئەم بابەتە و شرۆڤەیەکی ئەکادیمییانە بۆ دیاردەی سپیکردنەوەی پارە بکەین لە ڕووی ئاسایشی نەتەوەییەوە، ئەوا بە یەکێك لە گیروگرفتە هەرە ترسناکەکان دادەنرێت، ئەمەش لە دەرئەنجامە مەترسیدارەکانیدا بۆسەر ئابووری بەدەردەکەوێت کە داهاتێکی زۆری نەتەوەیی وڵات دەبردرێتە دەرەوە، چونکە کاردەکاتە سەر بەهای دراوی نیشتمانی و بانکەکانیش دەکەونە ژێر ڕەحمەتی مافیاوە، جگە لەوە بازاڕی دراویش ناسەقامگیر دەبێت، هاوکات کاریگەریی دەبێت بۆسەر بەهای دراوەکان و ململانێ لەسەر بەهای قازانج و کارەکانی بانکی.

لەسەر ئاستی سیاسییش ئاسەواری نەرێنی هەیە، لەبەر ئەوەی سپیکردنەوەی پارە لە ململانێی نێودەوڵەتی و ناوخۆییدا بەکار دەهێنرێت، بە تایبەتیش لە ململانێی ئیتنی، چونکە بە چەککڕین و بە یارمەتیدان بە ڕێگای ئەو پارانەی پێیان دەدرێت، کە پێی دەڵێن(پارەی پیس)، تاوانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مافیایی بڵاودەبنەوە، جگە لەمەش کاری ساختەکاری و بەرتیل و خۆدزینەوە لە باج سەرهەڵدەدات، لە هەندێ شوێن کە ئەم کارە دەکەن پەنا بۆ هەژموون و دەستڕۆیشتوویی سیاسی دەبەن، لە هەندێ وڵاتیش گەیشتوونەتە پەرلەمان و دامەزراوەکان، بەمەش کەشوهەوای دیموکراسی تێك دەدەن، ئەفریقیا و ئەمریکای لاتین نموونەی کیشوەری بەرچاو و زەقن بۆ ئەم دیاردەیە.

لە مەسەلەی سپیکردنەوەی پارەدا دەزگا ئەمنییەکان ڕووبەڕووی کێشەو گرفتی گەورە دەبنەوە، بە تایبەتی کە دەزانین تەکنەلۆجیای تازە ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە بڵاوبوونەوەی دیاردەکە بە شێوازی ئەلیکترۆنی و تەکنەلۆجیای خێرا، کێشەی هەرە گەورە پەیوەستە بە نهێنیی بانکەکان، بانکەکان پارێزگاری لە نهێنیی ئەو کەسان بکەن کە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات و ناتوانن زانیاری بدەن، چونکە پەیوەندیی بانك و ئەو کەسانە لەسەر بنەمای متمانە دەبێت، بۆیە دەبێت بانك نهێنییە داراییەکان بپارێزێت، لەبەر ئەوە ناکرێت ئاشکرا بکرێن، مەگەر بۆ هەندێ حاڵەتی یاسایی نەبێت، کە پەیوەستە بە سەرچاوە، یان بریکاری یاسایی یانیش شەراکەت لە کۆمپانیاکاندا، لێرەدا ئەگەر بە ڕەزامەندیی کەسەکە نەبێت، بانك ناتوانێت زانیاری و نهێنییەکان ئاشکرا بکات، دادگاکان و دەسەڵاتەکانی باج و چاودێرانی دراو بۆیان هەیە دەستوەردان لەم بابەتە بکەن، بە تایبەتی ئەگەر چەکەکان بێ ڕەسید بن، یان لە حاڵەتی سپیکردنەوەی پارەدا ئەگەر بانك بزانێت سەرچاوەی ئەم پارەیە ناشەرعییە، دەتوانێت ئاگاداری لایەنە پەیوەندیدارەکان بکاتەوە بە هەبوونی ئەم تاوانە، بە تایبەتی دەستەی دەستپاکی و چاودێریی دارایی و داوکاری گشتی.

زۆرجار دەبینین کە ئەم پارانە بە ناوی کەسانێك دادەنرێن کە ناسنامەکانیان ساختەیە، یان ناوە ڕاستەقینەکەیان دیار نییە، لەسەر ئەم بنەمایە بانکەکان هەوڵ دەدەن چاودێریی وردی ئەم مەسەلەیە بکرێت و لێژنەی تایبەتی بۆ پێك بهێنرێت، گیروگرفتێکی دیکەی ئەم دیاردەیە لە ئاستی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندایە، نازانرێت ئەو دەوڵەتانەی هاریکارن کێن، بۆیە لەسەر ئەم بنەمایە پەنا بۆ ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان دەبردرێت، بۆ نموونە جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەزارەی سێیەم کە لە ٨-٩-٢٠٠٠ دەرچوو، هەروەها ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانی ڕێکخراو، کە لە ماددەی(٦) ئاماژەی بەوە کرد کە سپیکردنەوەی پارە بە تاوان هەژمار دەکرێت، هەروەها لە ماددەی (٧)ی ڕێککەوتننامەکە ئاماژەی بەوە داوە کە ئەو دەوڵەتانەی پێویستە ڕووبەڕووی ئەم دیاردەیە ببنەوە، دەبێت سیستمێکی گشتگیر بۆ چاودێری دابنێن و چاودێریی وردی بانك و دامەزراوە داراییەکان بکەن، هەروەها هەبوونی زانیاری ئاڵوگۆڕ بکرێت و یەکەکانی وەبەرهێنانی دارایی وەك سەنتەرێکی نیشتمانی بۆ کۆکردنەوە و شیکردنەوە و پێدانی زانیاری سەبارەت بەم

**ئەگەر شرۆڤەیەکی ئەکادیمییانە بۆ دیاردەی سپیکردنەوەی پارە بکەین لە ڕووی ئاسایشی نەتەوەییەوە، ئەوا بە یەکێك لە گیروگرفتە هەرە ترسناکەکان دادەنرێت**

**سپیکردنەوەی پارە لە ململانێی نێودەوڵەتی و ناوخۆییدا بەکار دەهێنرێت، بە تایبەتیش لە ململانێی ئیتنی، چونکە بە چەککڕین و بە یارمەتیدان بە ڕێگای ئەو پارانەی پێیان دەدرێت، تاوانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مافیایی بڵاودەبنەوە**

**لەم ماوەیەی دواییدا یەکێتیی ئەورووپا بڕیاری دا کە عێراق و هەرێمی کوردستان لە لیستی مەترسییەکانی سپیکردنەوەی پارە دەربهێنێت**

دیاردەیە. لە هەمان کاتدا دەبێت بە وردی چاودێریی چەك و دراو و ئەوانەی پەیوەستن بە سنوورەکان بکرێت، جگە لە هاوکاریی تەواو لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ بەرەوڕووبوونەوەی دیاردەی سپیکردنەوەی پارە.

لە هەمووش گرنگتر، پێویستە یاسای نیشتمانی تایبەت بەم بابەتە دەربچێت، هەر وەك لە ڕاگەیاننامەی (ڤیەننا) دەربارەی تاوان و دادوەری لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی سەدەی بیست و یەك کە لە ئەنجامی کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت




بە قەدەغەکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی تاوان و مامەڵەکردن لەگەڵ تاوانباران لە ماوەی ١٠ تا ١٧ی ٢٠٠٤ ئەنجام درا، ئاماژەی بە کێشەی سپیکردنەوەی پارە کردووە.

بۆیە لە دەرئەنجامدا دەتوانین بڵێین کە چەند ڕێککەوتننامەیەکی دیکەش لەسەر ئەم بابەتە هەیە، بۆ نموونە لە ئاستی یەکێتیی ئەورووپا ڕاگەیاندنی ستراتبۆرگ و ڕێککەوتننامەی ئەورووپی ساڵی ١٩٨٨ پەیوەست بە پشکنین و دەستبەسەرداگرتنی سپیکردنەوەی پارە، هەروەها زۆر لە دەوڵەتەکانی دیکەش وەك دەوڵەتانی ئەمریکای لاتین و سعوودیە و ئوردن کە بە ڕێنمایی ئەم مەسەلەیان ڕێك خستووە، لەبەر ئەوەی تێبینی ئەم دیاردەیان لە وڵاتەکانیان کردووە، هاوکات پێویستە پەنا ببرێت بۆ یاساو ڕێساو ڕێنمایی نیشتمانی و چۆنێتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیەو ئاراستەکردنی بانکەکان و لایەنە وەبەرهێنەرەکان.

شایانی باسە دەمەوێ ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بدەم، لەم ماوەیەی دواییدا یەکێتیی ئەورووپا بڕیاری دا کە عێراق و هەرێمی کوردستان لە لیستی مەترسییەکانی سپیکردنەوەی پارە دەربهێنێت، لەسەر ئەم بنەمایە بەڕێزان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ئەرێنی باسی ئەم بڕیارەیان کرد، واتا سەبارەت بە عێراق تا ڕادەیەك مەترسییەکان کەم بووەتەوە.

هەر چۆنێك بێت ئەم بابەتە زیاتر پێویستی بە توێژینەوە هەیە لەسەر ئاستی سەنتەرەکانی توێژینەوە و زانکۆکان و لایەنی پەیوەندیداری وەك دەستەی دەستپاکی و دیوانی چاودێریی دارایی و هەندێ لایەنی جێبەجێکار لە وەزارەتەکان، هەروەها داواکاری گشتی، بۆیە دەبێت ئەم لایەنانە زۆر بە وردی بەدواداچوون و شرۆڤە و کاری جددی بۆ ئەم دیاردەیە بکەن، چونکە دیاردەیەکی مەترسیدارە و لێکەوتە و دەرئەنجامی نەرێنیی هەیە، پەیوەست بە ئاسایشی نەتەوەیی.


بسمه تعالى

لا تستهدفوا مصالح الشعب

ف:

* الشعب - الوطن - خط - احمر

مستمرون (بحكومة اغلبية وطنية) مع شركائنا في الوطن

المواطن
مقتدى ابن محمد الصدر
٢٥ جمادى الثانية ١٤٤٣
٢٨ كانون الثاني ٢٠٢٢

مقتدى محمد الصدر

# وەرچەرخان لە قەیرانی عێراقدا

# حکومەتی تەوافوق یان زۆرینەی سیاسی؟



## د. عەبدولحسێن شەعبان

بیرمەند و ئەکادیمیستی عەرەبی

**تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە**

لەوەتەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٢١ تەواو بووە و دەنگەکان جیا کراونەتەوە و ئەنجامەکان ڕاگەیاندراون، مشتومڕ و ململانێ و کێشمەکێش بە ئاراستەی ڕێککەوتن و یەکتربڕیی سیاسی تایبەت بە بنەماکانی پێکهێنانی حکومەت هاتووەتە ئاراوە، دواتر پرسیارە گرنگەکە سەری هەڵدا، نەخشەی تازەی سیاسیی عێراق لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن چۆن دادەڕێژدرێت و بە چ ئاقارێك دەگات؟

سەرەتا دیالۆگ بە ناوی (پێکهاتەکان) هاتە پێشەوە، هەرچەندە زۆر سەخت و دژوار و هەستیار بوو، بەڵام سوننەی سیاسی توانی پێشکەوتنێکی بەرچاو بەدەست بهێنێت، ئەویش بە یەکخستنەوەی ڕیزەو و هەڵبژاردنی شێوازی تازە یەکگرتنەوە و بەلاوەنانی هەموو گلەیی و ڕەخنە و تۆمەتەکانی نێوان باڵەکانی سوننە، تەنانەت هەندێك لەو چارەسەرە سیاسی و نیشتمانییە، بە ئاراستەی تاکە کەسی و بنەماڵەییدا ڕۆیشت. سەرکەوتنی هەنگاوەکانی ئەو یەکگرتنەوەیە ئەوەی لێ کەوتەوە کە هەردوو فراکسیۆنی (عەزم) و(تەقەدوم) ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە محەمەد حەلبووسی لە فراکسیۆنی خۆی بۆ سەرۆکی پەرلەمان بەربژێر بکرێت، هەروەها خەمیس خەنجەریش وەك سەرۆکی فراکسیۆن دەستنیشان بکرێت، دواتر بینیمان چۆن بە دەنگێکی زۆرەوە بوو بە سەرۆکی پەرلەمان، ئەویش بە پاڵپشتیی فراکسیۆنی سەدر (سائرون) و پارتی دیموکراتی کوردستان، لە کاتێکدا بەشێك لە شیعەی سیاسی، کە دواتر بە کۆمەڵی (ئیتار) ناسران، بایکۆتی دانیشتنەکەی پەرلەمانیان کرد، هاوکات بەشێکی کورد (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)یش چوونە دەرەوەی پەرلەمان، بەم شێوەیە سوننەی تازەی سیاسی توانی سوننەی نەریتیی سیاسیی تێپەڕێنێت. ئەگەر ناکۆکییەك سەری هەڵدابێت سەبارەت بە دانیشتنی یەکەمی پەرلەمان، بەڵام دوای کۆتایی دانیشتنەکە، دادگای فیدراڵی ئەم ئەشکالەی چارەسەر کرد و بە بڕیاری ڕۆژی سێ شەمە ڕێکەوتی ٢٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢ ئەم کێشەیەی یەکلایی کردەوە، بڕیارێکی هونەری و یاسایی بوو، پێویستە هەموو لایەك پابەندی بن. سەبارەت بە هاوپەیمانیی شیعە-شیعە هەوڵی زۆر درا بە ناوی زیندووکردنەوەی ئەوەی پێی دەگوترێت (ماڵی شیعە) کە تا ڕاددەیەکی زۆر درزی تێ کەوتبوو، مایەی بیرهێنانەوەیە ئەحمەد چەلەبی یەکێك بوو لەوانەی سیستمی پشکپشکێنە و دەستکەوتی داهێنا، ئەم دۆخە لە نێوان بەردەوامبوون و ناوبەناویش خاوبوونەوە دەچوو، تا گەیشتە ئەو بارەی کە موقتەدا سەدر لە گۆڕەپانەکە بەدەر کەوت، کە بانگەشەی زۆرینەی سیاسی کرد، دوای شکستی هەموو حکومەتەکانی تەوافوق لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٣وە تاکو ئێستا، چ ئەوانەی ڕاستەوخۆ دوای داگیرکاریی ئەمریکا، یان ئەوانەی دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥و ٢٠١٠و ٢٠١٤و ٢٠١٨ پێك هێنران، بەتایبەتیش کە ناوبراو گەورەترین ڕێژەی کورسییەکانی لە پەرلەمان بەدەست هێناوە کە ژمارەیان (٧٣) کورسییە، ئەو بانگەشەی ئەوە دەکات کە گەورەترین فراکسیۆنە لە پێکهێنانی حکومەتدا و، دەڵێت ئەوەی بڕوا بە حکومەتی زۆرینەی نیشتمانی نەهێنێت، با ببێتە ئۆپۆزسیۆن.

سەدر پێش هەڵبژاردنەکان ڕێگەی خۆش کرد بۆ ڕێککەوتنی سەرەتایی لەگەڵ سەرۆك مسعود بارزانی و گرووپەکەی حەلبووسی (تەقەدوم) جگە لە چەند فراکسیۆنێکی بچووك و هەندێك بێ لایەن، ئەمەش هانی ئەوەی دا کە بە بیرۆکەی زۆرینەی سیاسی پابەند بێت. سەدر

**سوننەی سیاسی توانی پێشکەوتنێکی بەرچاو بەدەست بهێنێت، ئەویش بە یەکخستنەوەی ڕیزەو و هەڵبژاردنی شێوازی تازە یەکگرتنەوە و بەلاوەنانی هەموو گلەیی و ڕەخنە و تۆمەتەکانی نێوان باڵەکانی سوننە**

**سەدر پێش هەڵبژاردنەکان ڕێگەی خۆش کرد بۆ ڕێککەوتنی سەرەتایی لەگەڵ سەرۆک مسعود بارزانی و گرووپەکەی حەلبووسی (تەقەدوم) جگە لە چەند فراکسیۆنێکی بچووک و هەندێک بێ لایەن، ئەمەش هانی ئەوەی دا کە بە بیرۆکەی زۆرینەی سیاسی پابەند بێت**

**لە ڕاستیدا کێشە و ململانێیەکە زیاتر لە پۆستی سەرۆک وەزیراندایە، جگە لە کازمی لەلایەن سەدرەوە هیچ بەربژێرێکی دیکە بۆ ئەم پۆستە نییە، هەرچەندە ناوێکی زۆری کەسایەتی باس دەکرێت**

**لە کۆتاییدا مەسەلەی هەڵبژاردنی سەرۆک وەزیران بە ڕەزامەندی و سازان دەبێت لە پرۆسەی سیاسیدا**

**دەگوترێت بەڕێز سیستانی وەک مەرجەعییەت ڕۆڵی دەبێت و ڕاو بۆچوونی بە هەند وەردەگیرێت، کاتێک ناکۆکی دەکەوێتە نێو ماڵی شیعەوە**

دەستیشی کرد بە گفتوگۆکردن لەگەڵ ئیتار، کە فراکسیۆنەکەی نووری مالیکی (دەوڵەتی یاسا) و هادی عامری (فەتح) و حەیدەر عەبادی (فراکسیۆنی نەسر) و فراکسیۆنەکەی عەمار حەکیم لەخۆ دەگرێت، هاوکات گفتوگۆی لەگەڵ گرووپەکانی حەشدی شەعبی کرد لە فراکسیۆنی چوارچێوەی شیعە، بەڵام تا ئێستا ناکۆکی لە سەر دوو بیرۆکەی بنەڕەتی بەردەوامە: حکومەتی تەوافوق، یان حکومەتی زۆرینە؟ کێ دەبێتە سەرۆك وەزیران؟ چونکە فراکسیۆنی ئیتار بە تەواوی دژی بەردەوامبوونی مستەفا کازمی-یە وەك سەرۆك وەزیران، لە کاتێکدا سەدر ڕەنگە پێی قایل بێت، یان بیگۆڕێت لە حاڵەتێکدا لەسەر حکومەتێکی زۆرینە ڕێك بکەون، ئەمەش دەوەستێتە سەر تەوافوق لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و عەزم و تەقەدوم.

پارتی دیموکراتی کوردستان زۆرترین دەنگی لەسەر ئاستی کوردستان بە دەست هێنا، ئەم جارەش دەبینین کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەرهەم ساڵح-ی بۆ سەرۆك کۆمار بەربژێر کردووە، بەڵام پارتی ئەو پۆستە بە مافی کورد و تەنانەت بە مافی خۆیشی دەزانێت، لە ڕاستیدا مافی بارزانی-یە، بۆیە پارتی هوشیار زێباری وەزیری پێشووتری دەرەوەی عێراقی بۆ ئەم پۆستە بەربژێر کرد، لە هەمان کاتیشدا لەتیف ڕەشید خۆی بۆ ئەم پۆستە بەربژێر کردووە، لێرەدا من وای بۆ دەچم کە ئەوە ڕای خۆمە، ئەگەر پارتی خۆی بەربژێری خۆی بکێشێتەوە، ئەوا چانسی لەتیف ڕەشید زیاتر دەبێت بۆ ئەم پۆستە، بەڵام فراکسیۆنەکانی سەدر و عەزم و تەقەدوم پاڵپشتیی لە بەربژێرەکەی پارتی دەکەن.

لە ڕاستیدا کێشە و ململانێیەکە زیاتر لە پۆستی سەرۆك وەزیراندایە، جگە لە کازمی لەلایەن سەدرەوە هیچ بەربژێرێکی دیکە بۆ ئەم پۆستە نییە، هەرچەندە ناوێکی زۆری کەسایەتی باس دەکرێت، بەڵام دوای ئەوەی کە نائومێد بوون لە نێو خودی ماڵی شیعە ئینجا ئەمە یەکلایی دەکرێتەوە، ئەو کاتە کەسەکە دەستنیشان دەکرێت، بەڵام بە ڕەچاوکردنی ڕای هەر یەك لە پارتی دیموکراتی کوردستان و سوننەی سیاسی (عەزم و تەقەدوم)، هەرچەندە بارگرانییەکە لەسەر شانی خودی بەڕێز سەدردایە. ئەگەر ئەمە ڕوویەکی ململانێیەکە بێت، ئەوا ڕوویەکی دیکەی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیش هەیە، چونکە پێویستە ئەو بەربژێرە لە لایەن ئێران و ئەمریکاوە قبووڵ کرابێت، لە هەموو ئەو وەزارەتانەی کە پێکهێنرابن ئەو مەرجەیان تێدا بووە، تەنانەت بە ئاشکرا، یان هەندێ جار پێکناکۆکەکان شاردوویانەتەوە. چونکە عێراق لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٣وە کەوتووەتە نێوان دوو تەوەری لەگەڵ یەك ناکۆك و هەندێ جاریش کۆك، ئەوانیش ئێران و ئەمریکان، بەرژەوەندییەکانیان جیاوازە و لە هەندێ خاڵیشدا یەك دەگرنەوە، چ ئەوەی کە لە ڤیەننا ڕوو دەدات لەسەر دۆسێی ناوکی، یان لە مەسەلەی حوسییەکان، یانیش کاتێ سووریا و لوبنان ڕۆڵیان لەو هاوسەنگییەدا هەبێت، هاوکات لە ڕووی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەوڵەتانی کەنداودا ئەم هەڵوێستە دەردەکەوێت، بەتایبەتیش عەرەبستانی سعوودیە و قەتەر و ئیمارات و تورکیا، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە لە کۆتاییدا مەسەلەی هەڵبژاردنی سەرۆك وەزیران بە ڕەزامەندی و سازان دەبێت لە پرۆسەی سیاسیدا و، دەگوترێت بەڕێز سیستانی وەك مەرجەعییەت ڕۆڵی دەبێت و ڕاو بۆچوونی بە هەند وەردەگیرێت، کاتێك ناکۆکی دەکەوێتە نێو ماڵی شیعەوە.

دەپرسین: ئایا ئەمە خەمی ڕاستەقینەی خەڵکە؟ عێراقییەکان لەوەتەی (١٩) ساڵە بەدەست نەبوونی ئاسایش و سەقامگیرییەوە دەناڵێنن، نزیکترین نموونەش قەسابخانەکەی دیالە بوو، ئەمە وێڕای نەبوونی کارەبا کە کێشەیەکی کەڵەکەبووی چەندین ساڵەیە لە عێراقدا، هەرچەندە پتر لە (٨٠) ملیار دۆلار بۆ ئەم بوارە خەرج کراوە، بەڵام بێ سوود بووە، ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە کەمیی خزمەتگوزاریی تەندروستی، بەتایبەتیش دوای سەرهەڵدانی پەتای کۆرۆنا، جگە لە کەمیی خزمەتگوزاریی پەروەردە کە ئاستی خوێندن بە شێوەیەکی مەترسیدار دابەزیوە، ئەدی خزمەتگوزاریی شارەوانی و ئەوەی پەیوەستە بە ژێرخانی ئابوورییەوە و بڵاوبوونەوە و هەڵکشانی بێکاری و نەخوێندەواری؟ هاوکات دیاردەی گەندەڵیی دارایی و ئیداری و ساختەکاری هەموو جومگەکانی دەوڵەتی گرتووەتەوە، ئەمە

وێڕای ئەو پرۆژانەی کە بنەماو ڕاستییان نییە و هەموویان ساختەن، دیاردەی چەکی بێ مۆڵەت و پەنابردن بۆی لە کاتی سەرهەڵدانی کێشەکان و بەکارهێنانی چەك وەك چارەسەر بۆ ناکۆکییە سیاسییەکان، تەنانەت بۆردومانکردنی باڵیۆزخانەکان لە ناوچەی سەوز.

ئەو دیاردە و کێشانەی ئاماژەمان پێ کردن، هەموویان لە سایەی سیستمێکەوە هاتوونەتە ئاراوە کە دەستوورەکەی ئێستای هاندەرە بۆ سەرهەڵدانی دیاردەی دابەشکاری و پشکپشکێنەی تایفەگەری و ئیتنی، کە بەم دەوێت کە جیاوازی لە نێوان هاووڵاتیاندا نەکات لەسەر بنەمای ئینتیما، بەڵکو حکومەتێك بێت پارێزگاری لە هەمووان بکات و چەکیش تەنیا لە دەست دەوڵەتدا بێت، یاساش سەروەر بێت، ئەگەر وا نەبێت ئەوا ڕەنگە جارێکی دیکە بتەقێتەوە و خەڵکەکە بێتەوە سەر شەقام، وەك ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٩ ڕووی دا، کاتێك بزووتنەوەی نارەزایی تشرین شەقام و گۆڕەپانەکانی تەنییەوە و تێیدا زیاتر لە (٦٠٠) شەهید و نزیکەی دوو هەزار برینداری لێ کەوتەوە و هیچ بکوژێك، یان تاوانبارێك لەسەر ئەمە دادگایی نەکرا.

**دیاردەی گەندەڵیی دارایی و ئیداری و ساختەکاری هەموو جومگەکانی دەوڵەتی گرتووەتەوە، ئەمە وێڕای ئەو پرۆژانەی کە بنەماو ڕاستییان نییە و هەموویان ساختەن**



شێوەیە توانراوە هەموو دیاردەکانی کەموکووڕی و هەڵە و بۆشاییەکان پشتگوێ بخرێن، ئەم هەموو دیاردانە لەپاڵ ئینتیمای عەشائیری و نەتەوەیی و تایفەگەریدا بڵاوبوونەتەوە و سیستمی سیاسیی وڵاتیان لاواز کردووە.

پرەنسیپی (پێکهاتەکان) دوو جار لە پێشەکیی دەستووردا هاتووە، هەروەها لە ماددەکانی ٩ و١٢ و٤٩ و١٢٥ و١٤٢، بەم شێوەیە هاووڵاتی بە بەشێك لە پێکهاتە دادەنرێت، لەجیاتی پرەنسیپی هاووڵاتیبوونی ئازادی یەکسان، کاتێك ئەمە بۆ پڕکردنەوەی پۆست و پێگەکان زۆر پێویستە، هاووڵاتی عێراقی حکومەتێکی

ئەگەر دۆسیێی بۆریس جۆنسۆن سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا بە نموونە بێنینەوە، کاتێك ئاهەنگێك لە کۆشکەکەی خۆی سازدەکات لە سەروبەندی کەرەنتینندا، کە بەمەش سەرپێچی لە بنەماکانی سەلامەتیی تەندروستی کردووە، بۆیە بە لێشاو داوای دەستلەکارکێشانەوەیان کردووە، کەچی بە پێچەوانەوە ئەوانەی هێرشیان کردە سەر نەجەف و فەللوجە و بەسرە و مەدینەی سەدر و ناسریە و کەربەلا و عیمارە و بزووتنەوەی تشرین و دەیان کەسیان لە خۆپیشاندەران کوشتووە، هیچ لێپرسینەوەیان لەگەڵ نەکراوە و ئێستا زۆر بێمنەتن و بە ئازادی دەسوورێنەوە.

**هاووڵاتی عێراقی حکومەتێکی دەوێت کە جیاوازی لە نێوان هاووڵاتیاندا نەکات لەسەر بنەمای ئینتیما، بەڵکو حکومەتێک بێت پارێزگاری لە هەمووان بکات و چەکیش تەنیا لە دەست دەوڵەتدا بێت**

## چیایی تەیمور عەبدال
ئەندامی خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:


# هەوڵ دەدەین وەک یەک تیم لە بەغدا کار بۆ بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی کوردستان بکەین

**دوای ئەوەی دادگای ئیتیحادی تانەی پەیوەست بە نادەستووریبوونی دانیشتنەکەی پەرلەمان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمان و هەردوو جێگرەکەی هەڵوەشاندەوە، ئەوا دەبێت پرۆسە دەستوورییەکە ڕێچکەی خۆی بگرێت بەرەو هەڵبژاردنی سەرۆك كۆمار و، پاشان پێکهێنانی حکومەت، ئەم پرسانە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار بوونە تەوەری سەرەکیی دیدارێکی گوڵان لەگەڵ چیایی تەیمور عەبدال ئەندامی خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.**

**هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری وەلائی لە لایان دادگای فیدراڵییەوە، لە شوێنی خۆیدا بوو و بڕیارێکی یاسایی و دادپەروەرانەش بوو، دانیشتنی یەکەمی پەرلەمانیش کە ئێمە تێیدا بەشدار بووین، یاسایی و دەستووری بوو**

*** سەرەنجام دادگای فیدراڵی بڕیارە وەلائییەکەی هەڵوەشاندەوە و دانیشتنی یەکەمی خولی پێنجەمی پەرلەمانی عێراق و هەڵبژاردنی سەرۆك و دوو جێگرەکەی پەرلەمانی بە دەستووری و یاسایی لە قەڵەم دا، ئایا تا چەند ئەم بڕیارەی دادگای فیدراڵی بۆ ئەکتیڤبوونی ئەم خولەی پەرلەمان گرنگە و، تا چەند ئەم بڕیارە هەنگاوەکانی دیکەی پەرلەمان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك كۆمار و پێکهێنانی حکومەت خێراتر دەکات؟**

- لە ڕاستیدا هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری وەلائی لە لایان دادگای فیدراڵییەوە، لە شوێنی خۆیدا بوو و بڕیارێکی یاسایی و دادپەروەرانەش بوو، دانیشتنی یەکەمی پەرلەمانیش کە ئێمە تێیدا بەشداربووین، یاسایی و دەستووری بوو، چونکە لەو کاتەی دادگای فیدراڵی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکەی پەسند کرد، ئەوە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن سێ ناوی لە بەتەمەنترین پەرلەمانتارەکان پێشکەش کرد، بۆ ئەوەی بەتەمەنترینیان یەکەم دانیشتنی خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەڕێوە ببات، دەرئەنجام مەحموود مەشهەدانی سەرۆکایەتیی دانیشتنەکەی کرد، بەڵام لەبەر خراپیی باری تەندروستی نەیتوانی دانیشتنەکە بەڕێوە ببات و، لەکاتی دانیشتنەکەدا لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە پەیوەندی بە مەحموود مەشهەدانییەوە کرا، ئایا دانیشتنەکەی پێ بەڕێوەدەچێت، یان نا؟ دیاربوو وەڵامی ئەوە بوو کە ناتوانێت دانیشتنەکە بەڕێوە ببات. پاشان بەتەمەنترین ئەو پەرلەمانتارەی دوای ئەو بەپێی یاساو پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان سەرپەرشتیی دانیشتنەکەی کرد و، نیسابی دانیشتنەکە تەواو بوو و بەپێی یاسا دەنگدان لەسەر هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران



و هەردوو جێگرەکەی بەڕێوەچوو و، هیچ کێشە و گرفت و کەموکووڕییەك لە دانیشتنەکەدا نەبوو. هەر بۆیە ئەو تانە و داوکارییەی پێشکەشی دادگای فیدراڵییان کرد، ناهەقی بوو و لە شوێنی خۆی نەبوو، چونکە ئەگەر دادگای فیدراڵی دانیشتنەکە و هەڵبژاردنی سەرۆك و هەردوو جێگرەکەی پەرلەمانی پەسند نەکردایە، ئەوە گیروگرفتێکی گەورە بۆ پەرلەمان و هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیش دروست دەبوو. بەڵام بەو بڕیارەی دادگای فیدراڵی پەرلەمان ئەکتیڤ دەبێت و پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار و پێکهێنانی حکومەت خێراتر دەبێت، لە لایەکی دیکەوە دەبینین پاش ئەو بڕیارەی دادگای فیدراڵی ٢٠٢٢/٢/٨ هەڵبژاردن بۆ سەرۆك کۆمار ئەنجام دەدرێت، هەر یەکێك ببێتە سەرۆك کۆمار ئەوە لە ماوەی یەك مانگدا کوتلەی گەورەی پەرلەمان ڕادەسپێرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت، بەڵام ئەگەر لەماوەی ئەو مانگەدا کوتلەی گەورە نەیتوانی حکومەت پێك بهێنێت، ئەوە کوتلەی دوای کوتلەی گەورە ڕادەسپێردرێت بۆ دەستنیشانکردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

*** موقتەدا سەدر تا ئیستاش جەخت لەسەر زۆرینەی نیشتمانی دەکاتەوە و دەیەوێت کوتلەی گەورە لە زۆرینەی نیشتمانی «کورد و سوننە و شیعە» پێك بهێنێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەگەر ئەم هەنگاوەی سەدر سەرکەوتوو بوو، تا چەند پێشبینی دەکرێت حکومەتی داهاتووی عێراق حکومەتێکی ئەکتیڤ و بەهێز بێت؟**

- لە ساڵی ٢٠٠٥ـەوە تا ئێستا حکومەتی عێراق حکومەتێکی تەوافوقی بووە، لە حکومەتی تەوافوقیشدا سەرۆك وەزیران ناتوانێت وەزیرێك هەڵبژێرێت بەپێی ئەو ئەو ئیمکانییاتەی پێویستە بۆ حکومەتەکە، نە پەرلەمان و نە گەلیش ناتوانێت لێپێچینەوە لەگەڵ سەرۆك وەزیراندا بکات، چونکە دەڵێت وەزیر و پلە و پۆستەکان هەر هەموو

دەبێت پارتی جگە لەو شاندەی بۆ لۆبیکردن لە بەغدان، لەگەڵ ڕێزم بۆیان، هەوڵی گەورەتر و بەهێزتر بدات تا بتوانین پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار زیاتر مسۆگەر بکات

حزبەکان دایان ناون. بەڵام ئەوەی سەدر دەیڵێت ڕاستە، بەتایبەتی لەو کاتەی کە خۆی ٧٣ کورسیی زۆرینەی شیعەی هەیە لەگەڵ پارتی کە زۆرینەی کورسیی کوردی لایە، لەگەڵ زۆرینەی سوننە کە تەقەدوم و عەزمە و دەتوانێت کوتلەی گەورە پێك بهێنێت، لەو کاتەدا دەتوانێت حکومەتێکی نیشتمانی پێك بهێنرێت کە ئەو حکومەتە زۆر باشترە لە تەوافوقی، چونکە لەو کاتەدا ئەوەی دەبێتە سەرۆك وەزیران دەتوانێت هەندێك پێوەر بۆ وەزیر و بریکار و پۆستە باڵاکان و حکومەتەکەی دابنێت و، سەرۆك وەزیران دەتوانێت لێپێچینەوەش لە ناو حکومەت ئەنجام بدات، کە ئەمەش یەکێکە لەو کار و پرۆسانەی کە حکومەتەکە ئەکتیڤ دەکات.

*** بە حوکمی ئەوەی فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانی بایکۆتی دانیشتنی یەکەمی پەرلەمانی کرد و پاشانیش لە شاندە هاوبەشەکە هاتنە دەرەوە، پێدەچێ وەك فراکسیۆنیش هاوکاری فراکسیۆنی پارتی نەبێت لە پەرلەماندا، ئێوە و فراکسیۆنی یەکێتی پەیوەندیتان چۆنە و ئایا هیچ کاری هاوبەشتان پێکەوە ماوە؟**

- بێگومان ڕاستە برادەرانی یەکێتی لە دانیشتنی یەکەمی پەرلەمان چوونە دەرەوە، کە لەو دانیشتنەدا جێگری دووەمی پەرلەمان کە بەشی کوردە و بەشی ئەو لایەنەیە کە زۆرترین کورسیی هێناوە (واتە بەشی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو) بەشدارییان نەکرد، کە دیار بوو فراکسیۆنی یەکێتی بە بڕیاری سەرووی خۆیان لە دانیشتنەکە بەشدار نەبوون، ئەگەرچی ئێمە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان بەیانیی ڕۆژی دانیشتنی پەرلەمان چووینە لای هەموو فراکسیۆنە کوردەکان، بەتایبەت لای برادەرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بۆ ئەوەی بە هاوبەشی و بە یەکەوە بین، بەڵام بەداخەوە ئەوەی ڕووی دا، چاوەڕوانمان نەدەکرد، بەڵام ئێستاکەش ئێمە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان بە بیروباوەڕی نەتەوەیی لە بەغداین، بۆیە هەوڵدەدەین لەگەڵ هەموو لایەنەکانی کورد و برادەرانی یەکێتیش کاری هاوبەش و پێکەوە بکەین بۆ بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کورد و کوردستان، بەتایبەتی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور، کە تایبەتە بە چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و هەموو مافە یاسایی و دەستوورییەکانی گەلی کوردستان، چونکە ئێمە وەك پارتی کە نوێنەری گەلی کورد و کوردستانین لە بەغدا، هەموو کات هەوڵ دەدەین بە هاوبەشی لەگەڵ هەموو لایەنەکانی کورد وەك یەك تیم کار بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد و کوردستان بکەین، دوور لە کاری حزبی، ئەمەش پەیام و بڕیاری سەرکردایەتیی سیاسیمانە، هاوکات پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم کە باوەڕ ناکەم لێکترازانی یەکجارەکی لەگەڵ یەکێتی هەبێت.

*** ئەگەر دانیشتنی یەکەمی پەرلەمان بە پێوەر وەربگرین، کە سەرۆك و دوو جێگرەکەی پەرلەمان هەڵبژێردران، بێگومان پەرلەمان نیسابی یاسایی هەیە بۆ ئەوەی نیساب تەواو بکات و دانیشتن بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار بکرێت، ئێمە دەزانین کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان هۆشیار زێبارییە، ئایا بە بەهێزیی ئەم هاوپەیمانییەی «سەدر و حەلبوسی و پارتی» کاندیدەکەی پارتی دەبێتە سەرۆك کۆمار؟ ئایا لەسەر ئەم پرسە وەك فراکسیۆن پارتی تاچەند لۆبیتان کردووە بۆ ئەوەی سیناریۆی ٢٠١٨ دووبارە نەبێتەوە؟**

- ئەوەی لە نێوان سەدر و پارتی و سوننە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك و هەر دوو جێگری ئەنجومەنی نوێنەران لە دانیشتنی یەکەمی پەرلەمان کرا، دەکرێت ئاماژە بێت بۆ ئەوەی ئەگەر دەنگ بۆ کاندیدی سەرۆك کۆمار بدرێت لە پەرلەمان، ئەوا بە هەمان شێوەی ٢٠٢٢/١/٩ بەپێی دەنگەکانی زۆرینەی شیعە و پارتی و سوننە، کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان دەبێتە سەرۆك کۆماری عێراق، ئەگەرچی لایەنی دیکەش بە ئاسانی دەستبەرداری ئەو پۆستە نابێت، چونکە ئەوانیش هەوڵ و هاوپەیمانیی خۆیان هەیە، بەڵام ئەوەی ئێمە لێی دەترسین ئەوەیە کە پارەی سیاسی بێتەگۆڕێ و هەندێ دەنگ لەوانەی بێلایەنن بکڕدرێت، هەر بۆیە ئێمە وەك پارتی لە هەوڵی ئەوەداین کە کارێك بکرێت تەجروبەی ساڵی ٢٠١٨ دووبارە نەبێتەوە و،

**بەو بڕیارەی دادگای فیدراڵی پەرلەمان ئەکتیڤ دەبێت و پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار و پێکهێنانی حکومەت خێراتر دەبێت**

**ئێمە وەک پارتی دیموکراتی کوردستان بەیانیی ڕۆژی دانیشتنی پەرلەمان چووینە لای هەموو فراکسیۆنە کوردەکان، بەتایبەت لای برادەرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بۆ ئەوەی بە هاوبەشی و بە یەکەوە بین، بەڵام بەداخەوە ئەوەی ڕووی دا، چاوەڕوانمان نەدەکرد**

**هەموو کات هەوڵ دەدین بە هاوبەشی لەگەڵ هەموو لایەنەکانی کورد وەک یەک تیم کار بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد و کوردستان بکەین، دوور لە کاری حزبی، ئەمەش پەیام و بڕیاری سەرکردایەتیی سیاسیمانە**

دەبێت پارتی جگە لەو شاندەی بۆ لۆبیکردن لە بەغدان، لەگەڵ ڕێزم بۆیان، هەوڵی گەورەتر و بەهێزتر بدات تا بتوانین پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆك كۆمار زیاتر مسۆگەر بكات، هاوكات تەئكید دەكەمەوە كە هەر سێ لایەنی سەدر و پارتی و سوننە لە ناو پەرلەمان هاوپەیمانین، چ لە هەڵبژاردنی سەرۆك و دوو جێگرەكەی پەرلەمان كە بەڕێوەچوو، چ بۆ سەرۆك كۆمار و سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران بێت. لەلایەكی دیكەوە چونكە هەڵبژاردنی سەرۆك وەزیران لە هەنگاوی سێیەمدایە، بۆیە كوتلەی سەدری ناچارە دەنگ بە كاندیدی پارتی بدات بۆ سەرۆك كۆمار، بەڵام سوننەكان بەو جۆرە نییە، لەبەرئەوەی سەرۆكی پەرلەمانیان بە دەست هێناوە و دەبێت كار و هەوڵ لەگەڵ ئەوان زیاتر بێت، تاوەكو دەنگەكانیان مسۆگەر بكەین.

*** زۆربەی چاودێران باس لەوە دەكەن كە سەرۆك بارزانی بۆ پێكهێنانی حكومەتی ئەمجارەی عێراق خاڵبەندی پێتەكانی كردووە و، گەرەنتی ئەوەی وەرگرتووە ئەو هاوپەیمانییەی كە حكومەتی داهاتوو پێك دەهێنێت، دەبێت تەواوی دەستووری عێراق جێبەجێ بكات، ئەوجا لەبەر ئەوەی ئەو هاوپەیمانییەی حكومەت پێك دەهێنێت لە پەرلەمانیش زۆرینەیە، ئەوا كاریكی قورس نابێت بۆ ئەوەی دەستوور جێبەجێ بكرێت، ئایا وەك مامەڵەی ڕۆژانەتان لەگەڵ پەرلەمانتارانی «عەزم و تەقەدوم و تەیار» هەست دەكەن نییەتێكی ئەوتۆ هەبێت كە ئەمجارە دەستوور جێبەجێ بكرێت و كێشە بۆ مافە دەستوورییەكانی كورد دروست نەكرێت؟**

- تەنیا یەك دانیشتن بەڕێوە چووە لە پەرلەمان، بۆیە زۆر زەحمەتە بتوانین هەڵسەنگاندن بۆ ئەوانە بكەین كە پابەند دەبن بە هاوپەیمانییەكە، یان پابەند نابن، هەرچەندە ئێمە دڵنیاین كە لایەنی سەدر ١٠٠٪ پابەندن بە ڕێككەوتن و هاوپەیمانییەكە و، ئەوەی سەدر بیڵێت ئەوە جێبەجێ دەكەن، بەڵام ئەندام پەرلەمانەكانی عەزم و تەقەدوم بەرژەوەندیی تایبەت و شەخسییان هەیە، ئەگەرچی بە پێی ئەو هاوپەیمانییەی كراوە، ئەوانیش دەبێت پابەند بن بۆ سەركەوتنی هاوپەیمانییەكە لە هەموو پرۆسەكاندا. من بە پێویستی دەزانم ئەو هاوپەیمانییەی لە نێوان ئێمە سوننە و سەدر هەیە بۆ یەك قۆناخ نەبێت، بەڵكو بەردەوام بێت بۆ ماوەیەكی درێژتر، تا هەندێك لە كێشەكانی عێراق چارەسەر بكرێت، چونكە ئێمە لە كاتێكدا هەموو یەك بین، تەنیا ٦٣ كورسیمان هەیە كە ناكاتە زیاتر لە١٥-١٦٪ لە ڕێژە و ژمارەی كورسییەكانی ناو ئەنجومەنی نوێنەران، هەر بۆیە بەرانبەر لایەن و فراكسیۆنەكانی دیكەی ناو پەرلەمان، ناتوانین هیچ بڕیار و یاسایەك لە بەرژەوەندیی خۆمان یەكلا بكەینەوە، بۆیە هاوپەیمانی و پێكهاتنەكان

**ئەگەر دەنگ بۆ كاندیدی سەرۆك كۆمار بدرێت لە پەرلەمان، ئەوا بە هەمان شێوەی ٢٠٢٢/١/٩ بە پێی دەنگەكانی زۆرینەی شیعە و پارتی و سوننە، كاندیدی پارتی دیموكراتی كوردستان دەبێتە سەرۆك كۆماری عێراق**



لە دەرەوەی پەرلەمان پێویستە و دەبێت سەركردە سیاسییەكان ڕێككەوتن و هاوپەیمانی لەگەڵ حزب و لایەنەكان ئەنجام بدەن، بۆ ئەو مەبەستەش جەنابی سەرۆك بارزانی دەتوانێت ئەو ڕۆڵە ببینێت، لە پێكهێنانی حكومەتیشدا چەندین ماف و خاڵی گرنگ هەیە لە لایەن كوردەوە، بەتایبەت ئێمەی پارتی، كە لەگەڵ لایەنەكان بۆ پێكهێنانی حكومەت بكرێتە مەرج تا جێبەجێی بكەن و لە كاتێكدا ئەوان پابەند نەبوون بە جێبجێكردنی، ئەوا ئێمەش لەگەڵ ئەوان نابین.

**بە پێویستی دەزانم ئەو هاوپەیمانییەی لە نێوان ئێمە سوننە و سەدر هەیە بۆ یەك قۆناخ نەبێت، بەڵكو بەردەوام بێت بۆ ماوەیەكی درێژتر، تا هەندێك لە كێشەكانی عێراق چارەسەر بكرێت**

# دیمانەی تایبەت



مایکڵ نایتس توێژەرە لە ئەنستیتوتی واشنتۆن بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیک و، تایبەتمەند و شارەزای کاروباری ئەمنی و سەربازیی عێراق و ئێران و وڵاتانی ناوچەی کەنداوە و، لەم ڕووەوە چەندین توێژنەوە و نووسینی قووڵی هەیە، بۆ ئەم مەبەستە چەندین جار گەشتی عێراق و یەمەن و وڵاتانی کەنداوی کردووە و بەردەوام لەلایەن لیژنەکانی کۆنگرێس و بڕیاربەدەستان و سوپای ئەمریکا پرس و ڕاوێژی پێ کراوە لە بارەی کاروبارە ئەمنییەکانی ناوچەکەوە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە تەوەرە سەرەکییەکانی بریتی بوون لە دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەلومەرجی سیاسی و ئەمنیی عێراق و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.

## مایکڵ نایتس
### تایبەتمەندی کاروباری ئەمنی و سەربازیی عێراق:

# پێکهێنانی حکومەتی ئەمجارەی عێراق کەمترین دەستتێوەردانی ئێران و ئەمریکا بە خۆوە دەبینێت

*** چۆن لە بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانن و لە نێو ئاڵۆزی و پیشێوی و پێشهاتە دژوارەکانی ئەم ناوچەیەدا چ شتێك زیاتر ئێوەی نیگەران کردووە؟**

- ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەروبەندی ئەوەدایە کە لە فیتنەیەکی ئاڵۆز دەربازی ببێت، لە ئێستادا زۆرێك لە وڵاتان و نەتەوەکانی ئەم ناوچەیە هەوڵ دەدەن پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکدا دروست بکەنەوە و دایبمەزرێننەوە، بۆ نموونە دەتوانین لەم ڕووەوە ئاماژە بە هەوڵەکانی وڵاتانی ئیمارات و تورکیا، یان قەتەر و عەرەبستانی سعودیە بکەین. واتە بە شێوەیەکی گشتی، دەکرێت بڵێین هەمووان ئێستا لەگەڵ یەکتریدا کەوتوونەتە گفتوگۆ و قسە لەگەڵ یەکدا دەکەن، لەم ڕووەوە هەوڵی ئەوە دەدەن کە بارگرژییەکان خاو و بەرتەسك بکەنەوە، لە بەرامبەردا کار و کۆشش بکەن بۆ بەرەپێشبردن و برەودان بە بواری بازرگانی و پەیوەندیی ئاسایی لە نێوانیان، تەنانەت لەگەڵ دەسەڵاتی بەشار ئەل ئەسەدیشدا. هەروەها دەکرێت ئاماژە بە وڵاتی ئێران بکەین، کە هەوڵ دەدات پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەردوو وڵاتی ئیمارات و عەرەبستانی سعودییەدا ئاسایی بکاتەوە، بەڵام ئەم هەوڵانە سەرکەوتوو نەبوون. لە ئێستادا ئێمە لە دۆخێکداین کە چەند مانگێکی ماوە بۆ ئەوەی ئێران هێندە کەرەستەی هەبێت کە بەشی دروستکردنی بۆمبێکی ئەتۆمی بکات و، هەر کاتێکیش ئەم کەرەستانە دروست کران، ئەوا ناتوانین بیدۆزینەوە و تێکی بشکێنین، کەواتە دەتوانین بڵێین خەریکە کاتمان بە دەستەوە نامێنێت بۆ خاوکردنەوە و هێورکردنەوەی دۆخەکە لەگەڵ ئێراندا.

*** ئەوەی پەیوەندی بە سیاسەتی ئیدارەی**

**ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەروبەندی ئەوەدایە کە لە فیتنەیەکی ئاڵۆز دەربازی ببێت**

**ئێمە لە دۆخێکداین کە چەند مانگێکی ماوە بۆ ئەوەی ئێران هێندە کەرەستەی هەبێت کە بەشی دروستکردنی بۆمبێکی ئەتۆمی بکات**

**لە ئێستادا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کارنامەی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا پانتایی و بایەخێکی گەورە و بەرچاوی نییە**

**ئەمریکا بە ئاشکرا و بە ڕاشکاوی هۆشداریی داوە بە ئێران، کە هەر هێرشێکی جددی بۆ سەر ئەمریکییەکان- بە تایبەتی لە حاڵەتی کوشتنی ئەمریکییەکاندا- ئەوا پرۆسەی گفتوگۆکە ڕادەوەستێت و بەردەوام نابێت**

**ئێستای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە هەبێت بە سەرۆکایەتیی جۆ بایدن، ئایا پێتان وایە ئەم ئیدارەیە سیاسەتێکی ڕوون و دیاریکراوی هەیە لە ئاست ئەم ناوچەیەدا و، ئایا ئەم سیاسەتە ڕەوتی ڕووداوەکانی ناوچەکە بە چ ئاراستە و ئاقارێکدا دەبات؟**

- ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە خودی ئیدارەی سەرۆك بایدن دەزانێت کە بەهادارترین و بەنرخترین سەرچاوەی بەردەستی سەرۆکی ئەمریکا و کەسە نزیکەکانی دەوروبەری بریتییە لە کات، مەبەستم ئەوەیە ڕاستە ڕەنگە سەرۆك جۆ بایدن سەرۆکایەتیی مەزنترین و بەهێزترین نەتەوەی سەر زەوی بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەویش مرۆڤە و تەنیا ٢٤ کاتژمێری لە بەردەستدایە لە ڕۆژێکدا، واتە بە چەشنی هەر سەرکردەیەکی دیکەی تەنانەت بچووکترین وڵات، شار، یان گوندی سەر زەوی. کەواتە سەرۆك بایدن و تیم و کەسە نزیکەکانی تەنیا دەتوانن خۆیان سەرقاڵ بکەن، یان هەوڵ و کات و کۆششی خۆیان بۆ ئەو کێشە و تەحەددی و دژوارییانە تەرخان بکەن، کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەدەستیانەوە گرفتارە و ڕووبەڕوویان بووەتەوە، هەم لەسەر ئاستی ناوخۆ و هەم لە سەر ئاستی دەرەوەش، کە لەم ڕووەوە بە توندوتۆڵییەوە کار دەکەن. هەموو ئەوانە بۆ ئەوە بوو کە بڵێین لە ئێستادا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کارنامەی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا پانتایی و بایەخێکی گەورە و بەرچاوی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ئەوەمان لە یاد بچێت کە سەرۆك بایدن، یان تیمەکەی، عێراق و سووریایان جێ نەهێشتووە و، تا ئێستاش ئیدارەی بایدن چەك و پشتیوانی دەستەبەر و دابین دەکات بۆ هاوبەشەکانی لە ناوچەکەدا، وەك ئیمارات و عەرەبستانی سعودیە، هەروەها هێشتا ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی ئیدارەی بایدن بە شێوەیەکی گشتی بایەخ بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدات، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە پڕۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە.

*** ئێوە ئاماژەتان بە بایەخ و گرنگیدانی تایبەتی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن کرد بە پڕۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران، بە تایبەتی کە ئێمە دەزانین هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونیەوە، دەستیکردەوە بە گفتوگۆکانی پەیوەست بەم پرسە، ئایا هەڵسەنگاندنتان بۆ ئەم پرۆسەی گفتوگۆیە چییە و چۆن لە هەوڵەکانی ئێران دەڕوانن بۆ برەودان بە دەستڕۆیشتوویی و کاریگەریی خۆی لە ڕێی لایەنە نزیکەکانیەوە، بە تایبەتی لە عێراقدا؟**

- سەرەتا دەبێت ئێمە ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین، کە ئەوە وڵاتی ئێران بوو کە هەوڵیدا بگاتە ڕێککەوتنێکی باشتر لەگەڵ ئیدارەی سەرۆك بایدندا- ڕێککەوتنێکی کەمتر، یان زیاتر- بە چەشنێك کە ئێران بتوانێت دەستکەوتی زیاتر بەدەست بهێنێت و سازشی کەمتریش بکات. بەڵام هەروەك ئاشکرایە و لە ئێستاشدا بەدی دەکەین، ئەمە سەری نەگرت و سەرکەوتوو نەبوو، هەر لەبەر ئەمەشە کە حاڵی حازر ئێران سەرقاڵی ئەوەیە کە هەندێ لە هەڵوێستە سەختەکانی خاو بکاتەوە، بە بێ ئەوەی ئەمە بیخاتە بارێکی ناهەموارەوە. واتە لە ئێستادا هەوڵ و کۆششەکانیان بە ئاراستەی ئەوەیە کە ڕەوتی گفتوگۆکان خاو بکەنەوە و، لە بەرامبەردا دەرەفەتیان بۆ دروست ببێت، بۆ ئەوەی پەرە بە پڕۆگرامە ئەتۆمییەکە بدەن و، لە هەمان کاتدا خۆیان لە گوشار و سزاکان لابدەن، یان بەدوور بگرن، بەڵام بە تێڕوانینی من ڕوودانی ئەمە ئەگەرێکی دوورە، بەتایبەتی ئەگەر ئێمە ئەوە ڕەچاو بکەین کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپا زیاتر نیگەران و تووڕە دەبن. دواتر ئەگەر بە دیاریکراوی باسی گفتوگۆکانی ڤیەننا بکەین — کە پەیوەستن بە پڕۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە- ئەوا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە ئاشکرا و بە ڕاشکاوی هۆشداریی داوە بە ئێران، کە هەر هێرشێکی جددی بۆ سەر ئەمریکییەکان- بە تایبەتی لە حاڵەتی کوشتنی ئەمریکییەکاندا- ئەوا پرۆسەی گفتوگۆکە ڕادەوەستێت و بەردەوام نابێت، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە هێرشی توند و مەترسیدار نەکرێتە سەر ئەمریکییەکان، بەڵام هەندێ هێرش بکرێت کە لە ڕواڵەت و ڕووکاردا وەك هێرشێك ئامانجدار و جددی دەربکەون.

*** ئێوە کەسێکن کە شارەزایی و**

**تایبەتمەندییەکی وردتان لە پرسە ئەمنییەکان و دۆخی ئاسایشی عێراق و ناوچەکە هەیە، چۆن لە پەرەسەندن و پێشهاتە ئەمنییەکانی ئەم دواییە دەڕوانن، بە تایبەتی لە جموجووڵ و چالاکی و هێرشەکانی ئەم دواییەی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە هەردوو وڵاتی سووریا و عێراق؟**

- من چەند ڕۆژێك بەر لە ئێستادا توێژینەوەیەکم پێشکەش بە ئەکادیمیای سەربازیی ئەمریکا کرد- لە ناوچەی وێست پۆینت- کە توێژینەوەم لە بارەی هێرشەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش بوو لە ماوەی ٢٠ مانگی ڕابردوودا لە عێراق. ئەو دەرئەنجامەی من پێی گەیشتم ئەوەیە کە لە چەند ساڵی ڕابردوو هیچ کاتێك داعش هێندە هێرشی پچڕ پچڕی نەکردووە. هێرشی سەر زیندانی غوێران و هێرشەکانی دیکەی داعش ئاماژەن بەوەی کە ئەم ڕێکخراوە هەوڵی گەڕانەوە و دووبارە سەرهەڵدانەوە دەدات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێوەرەکان پێمان دەڵێن کە ئەم ڕێخراوە بەرەو لاوازبوون دەچێت، مەبەستم ئەوەیە بڵێم کاتێك ئەم ڕێکخراوە زیاتر و زیاتر نائومێدی باڵی بەسەردا دەکێشێت، ئەوا هەوڵ دەدات هێرشی گەورەتر و بەربڵاوتر بکات، هەموو ئەوەش لە پێناو ئەوەی سەرنجی هەمووان بە لای خۆیدا ڕابکێشێت و جارێکی دیکە ببێتەوە بە جێی قسە و باس.

*** هەروەك دەزانن کە دۆخە ئەمنییەکە- بە تایبەتی لە عێراق و سووریادا- دابڕاو نییە لە هەلومەرجە سیاسییەکە، واتە داڕووخانی ڕەوشە سیاسییەکە ڕەنگدانەوەی ئەمنیشی بەدوادا دێت، ئێستا ئێوە چۆن لە دۆخی سیاسی و پرۆسەی سیاسیی عێراق دەڕوانن، بە تایبەتی لە پەیوەندی بە هەوڵ و کۆششەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ لەم وڵاتەدا؟**

- ئەوەی تا ئێستا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە ڕابەری ڕەوتی سەدر (موقتەدا ئەل سەدر) ڕژد و پێداگرە لەسەر ئەوەی ڕێساکانی گەمەکە بگۆڕێت، کە دەکرێت لەم ڕووەوە دروشمەکەی بەم شێوەیە پوخت بکەینەوە و گوزاشتی لێ بکەین «براوە هەموو شتێك دەبات و هاوبەشیی پێ ناکەین». ئەو ڕووی کردووەتە پێکهاتەی کورد و سوننە و پێیان دەڵێت لەگەڵم بن، ئەمە ستراتیژیەتێکە کە هەڵگری مەترسی و سەرکێشیی گەورەیە، چونکە ئازاربەخشە بۆ ئەو میلیشیایانەی لە ئێرانەوە نزیکن، کە من پێم وایە ئەوان کاردانەوە و پەرچەکرداریان دەبێت، ئەمەش سەر دەکێشێت بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا ناکۆکی و پشێوییەکی گەورە بەرپا ببێت لە نێویاندا، بەڵام دەوڵەتی عێراق، بە پاڵپشتی موقتەدا سەدر، ئەو میلیشایایانە و هەندێ لە سیاسییە گەندەڵەکان لە ناو دەبات.



*** کەواتە پێت وایە ئەگەر ڕەوتی سەدر نەتوانێت بگاتە تێگەیشتنێك لەگەڵ هەندێ لایەن (ئەوەی پێی دەگوترێت ئیتاری تەنسیقی) ئەوا لایەنەکانی نێو ئەم ئیتارە پەنا بۆ هەڵگرتنی هەندێ هەنگاو دەبەن، بۆ ئەوەی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتەکە پەك بخەن و، تەنانەت ئەگەر ئەمە بە مانای دەستبردن بۆ توندوتیژیش بێت، ئایا ئەو کاتە چ ئایندەیەك چاوەڕوانی عێراق دەکات؟**



- بەڵێ، من پێم وایە ڕێکخراوی عەسائیب ئەهل ئەل حەق و هەندێ لایەنی کەتائیبی حزبوڵلا لە ئێستادا دەستیان داوەتە هەندێ کردار، کە زیاتر لەوەدەچێت کە هادی ئەل عامری، یان ئێران بیانەوێت، ئەم ڕێکخراوانە لایەنە دۆڕاوەکانن. ئەوان پەلاماری کورد و سوننە و سەدرییەکان و کازیمیش دەدەن، ئەگەرچی ڕەنگە پەلامار و هێرشی گەورە و

■
**لە ئێستادا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وادەیەکی دانەناوە بۆ کۆتاییهێنان بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراقدا، واتە ئەمە هاوشێوەی ئۆپەراسیۆنێک نییە بۆ تێکشکاندنی تاکە دوژمنێک تا کۆتایی پێ بێت**

بەربڵاو نەبن، بەڵام بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام دەبن لەم پەلاماردانانەیان، وەك بەکارهێنانی بۆمبی دەنگی، ڕفاندن، و ئیغتیالکردن و هێرشی مووشەکی و هاوەنباران کردن.

*** ئەی چۆن لە ڕۆڵی ئێران دەڕوانیت لە پرۆسەی سیاسیی عێراق بە گشتی و پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق، بە تایبەتی کە ئاشکرایە ئیسماعیل قائانی- فەرماندەی هێزی قودسی ئێرانی- لەم ڕۆژانەی دواییدا چەند جارێك سەردانی عێراقی کردووە و لەگەڵ لایەنە شیعەکاندا کۆبوونەوەی ئەنجام داوە؟**

- من پێم وایە ئیسماعیل قائانی بە میلیشیاکان دەڵێت ئێمە بە خۆشی پێتان دەڵێن کە پەنا نەبەنە بەر کوشتنی ئەمریکییەکان، تا ئەو کاتەی ئێمە کۆتایی بە گفتوگۆکانمان دەهێنین لەگەڵ واشنتۆندا و، دواتر ئێمە هەوڵ دەدەین هێزە ئەمریکییەکان لە وڵاتەکەتاندا بکەینە دەرەوە، بەڵام من پێم وانییە ئامانجی ئێران بریتی بێت لەوەی هێزەکانی ئەمریکا بکشێنەوە، بەڵکو لە ئێستادا دەیانەوێت میلیشیاکان کار و چالاکییەکانیان ڕابگرن و، لە ئەنجامدا ئەم میلیشیایانەش لە ئێران تووڕەن.

*** ئێوە ئاماژەتان بە پرسی کشانەوەی ئەمریکا کرد لە عێراقدا و لە ساڵی ڕابردوودا عێراق دیالۆگی ستراتیژیی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ئەنجام دا، ئێوە چۆن لە ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە دەڕوانن و، ئایا پێتان وایە دەتوانن پەرە بە پەیوەندی و هاوکارییەکی ستراتیژی بدەن لە نێوانیاندا؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەمە پلانەکەیە، لە ئێستادا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وادەیەکی دانناوە بۆ کۆتاییهێنان بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراقدا، واتە ئەمە هاوشێوەی ئۆپەراسیۆنێك نییە بۆ تێکشکاندنی تاکە دوژمنێك تا کۆتایی پێ بێت، بە هەمان شێوە دەکرێت بڵێین دیالۆگی ستراتیژیی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و عێراق وادەیەکی کۆتایی بۆ دانەنراوە، بەڵکو ئامانجەکە ئەوەیە کە بە تێپەڕبوونی کات، واتە لە میانەی ساڵان و دەیە و بگرە سەدەکانی داهاتوودا بەرەوپێش بچن و گەشە بکەن، ئێمە لە عێراقین بۆ ئەوەی هاوکاریی هاوڕێ و دۆستەکانمان بکەین، واتە عێراقییەکان، ئەویش تا ئەو کاتەی پێویستیان پێمان بێت، کە بەشێکی گرنگیش لێیان بریتییە لە دۆستە دێرینەکەمان، کە کوردەکانی عێراقن.

*** باشە پێت وایە لە ئێستاشدا عێراق بووبێتە گۆڕەپانی سەرەکیی یەکلاکردنەوەی ململانێ و ڕکابەرییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران، بە چەشنێك کە زیان بە بەرژەوەندی و سەقامگیریی عێراق بگەیەنێت؟**

- لە ڕاستیدا من پێم وایە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی ئەمجارەی عێراق کەمترین دەستتێوەردانی ئێران و ئەمریکی بەخۆوە دەبینێت، کە لە دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥ەوە بینیومانە، چونکە ئەوەی موقتەدا ئەل سەدر دەیکات بۆ سوود و بەرژەوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا نییە، بەڵکو ئەوەی دەیکات پەیوەستە بە دۆخی عێراقەوە، هەروەها بەڕێزان حەلبوسی و بارزانی-یش هۆکاری خۆیان هەیە کە لەگەڵ سەدر کار دەکەن و ئەو هۆکارانەی پەیوەندییەکان بە هێزە دەرەکییەکانەوە نییە.

*** باشە چۆن لە ئایندەی کوردستان دەڕوانیت لە عێراقدا؟**

- من بە پەرۆشەوە دەڕوانم و خۆشحاڵم کە ئەم ساڵانەی دوایی بارێکی لەبارتریان بۆ کوردستان هێناوەتەپێش، من هەمیشە لەبارەی پەیوەندییەکانی بەغدا و کوردستانەوە گەشبین بووم، لەبەر ئەوەی هەردوولا دەتوانن ببنە باشترین دۆستی یەکتری، ئەگەر بێتو چیتر لە ڕابردوو نەڕوانن و ڕووبکەنە ئایندە. حکومەتی ئەمجارەی عێراقیش بە چەشنێك دەبێت کە کورد و سوننە ڕۆڵێکی گەورەتری تێدا بگێڕن، گەورەتر لەو ڕۆڵەی گێڕاویانە لە حکومەتەکانی دوای ٢٠٠٣ وە، ئەمەش بە واتای بەشە بودجەیەکی دادپەروەرانەتر، داهاتی زیاتر بۆ کوردستان و هاوکاریی ئەمنیی زیاتر لە نێوان بەغدا و کوردستاندا دێت (کە حاڵی حازر ئەمە ڕوودەدات)، لەگەڵ هاوکاریی زیاتر بۆ هەماهەنگیی ئابووریی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان و تورکیا، پێم وایە ئەمە ڕێچکە و ڕێگەچارە دروستەکەیە.

**ئێمە لە عێراقین بۆ ئەوەی هاوکاریی هاوڕێ و دۆستەکانمان بکەین، واتە عێراقییەکان، ئەویش تا ئەو کاتەی پێویستیان پێمان بێت، کە بەشێکی گرنگیش لێیان بریتییە لە دۆستە دێرینەکەمان، کە کوردەکانی عێراقن**

**هەمیشە لەبارەی پەیوەندییەکانی بەغدا و کوردستانەوە گەشبین بووم، لەبەر ئەوەی هەردوولا دەتوانن ببنە باشترین دۆستی یەکتری، ئەگەر بێتو چیتر لە ڕابردوو نەڕوانن و ڕووبکەنە ئایندە**

**حکومەتی ئەمجارەی عێراقیش بە چەشنێک دەبێت کە کورد و سوننە ڕۆڵێکی گەورەتری تێدا بگێڕن، گەورەتر لەو ڕۆڵەی گێڕاویانە لە حکومەتەکانی دوای ٢٠٠٣ وە**

دیمانەی تایبەت



**ڕۆبی بارێت**

**تایبەتمەندی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:**

# عێراق بووەتە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی ناکۆکیی هێزە ڕکابەرەکان

**ڕۆبی بارێت توێژەرە لە ئەنستیتوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە لە زانکۆی تێکساس بەدەستی هێناوە، شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، وەك تیرۆریزم و پرسە ئەمنییەکان، بزووتنەوە سیاسییەکان، سیاسەتی دەرەکیی ناوچەکە و پرسەکانی پەیوەست بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکان. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە ڕۆڵی ئێران لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، گفتوگۆ پەیوەندیدارەکان بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئەو وڵاتە، هەروەها بارودۆخی عێراق و چەند پرسێکی دیکە.**

*** چۆن لە سیاسەتی ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی جۆ بایدن دەڕوانن لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە تایبەتی لە پەیوەندی بە گفتوگۆکانی پەیوەست بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە؟**

- لە ڕاستیدا من پێم وایە ئەم پرسە پتر پەیوەستە بە هەڵوێستی ئێرانەوە، واتە دەبێت ئەمە لەم ڕووەوە ئەو ڕاستییە بزانین کە ئەوانەی ئێستا لە دەسەڵاتدا هەڵوێستێکی توندیان لەم مەسەلەیەدا هەیە، ئیدی پێیان دەڵێیت (سەختگیرەکان، یان موحافیزکارەکان)، مەبەستم لە ئاست گفتوگۆکانی تایبەت بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکە. دواتر دەبێت ئەوەشمان لە یاد نەچێت کە ئێستا سوپای پاسداران لە ئێراندا جڵەوی کاروبارەکانی بەدەستەوەیە و دەیەوێت ئێران پارێزگاری لە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی بکات، چونکە پێیان وایە ئەمە دەبێتە هۆی پتەوکردنی پێگەی ئێران لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و لەسەر شانۆی جیهانی، هەروەها دەبێتە هۆکاری بەهێزکردنی پێگە ئێران لە ئاست ناوچەی کەنداودا.

**سوپای پاسداران لە ئێراندا جڵەوی کاروبارەکانی بەدەستەوەیە و دەیەوێت ئێران پارێزگاری لە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی بکات، چونکە پێیان وایە ئەمە دەبێتە هۆی پتەوکردنی پێگەی ئێران لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و لەسەر شانۆی جیهانی**

*** ئەی هەڵسەنگاندنتان بۆ کاریگەریی سزا سەپێندراوەکانی سەر ئێران چییە لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، ئایا پێتان وایە دەرئەنجامی خوازراوی لێ بەدەست هاتووە و بووەتە هۆی ئەوەی ئێران ناچار بە سازشی قورس بکات؟**

- من پێم وانییە ئەم ڕێگەچار و ڕێکارە (مەبەستم لە سەپاندنی سزا و گوشارە ئابوورییەکانە) سەرکەوتن بەدەست بهێنن و دەرئەنجامی چاوەڕوانکراو، یان خوازراویان لێ بکەوێتەوە، چونکە نابێت ئێمە ئەوە نادیدە بگرین کە ڕۆژگارێکی دوور و درێژە ئێران ڕووبەڕووی ئەم جۆرە سزایانە بووەتەوە، هەروەها ئەم سزایانە کاریگەرییەکان زیاتر لەسەر خەڵکی ئاسایی ڕەنگی دەداتەوە و لای ئەوان هەستی پێ دەکرێت. لەلایەکی دیکەوە دەبێت ئەوەش لە بەرچاو بگرین کە هەندێ هێز هەن لە ناو ئێراندا کە نایانەوێت ئەو وڵاتە ئاوێتەی ئابووریی جیهان ببێتەوە، چونکە بەم شێوەیە دەتوانن داهاتی زیاتر و دەستڕۆیشتوویی زیاتریان هەبێت.

**عێراق دەوڵەتێکی ڕاستەقینە نییە، بە تایبەتی کە دابەشبوونی تایفەگەری لە نێوان شیعە و سوننەدا کاریگەری و دەرئەنجامێکی خراپی جێ هێشتووە و، پێم وانییە ئەم بارودۆخەش گۆڕانکاریی بەسەردا بێت**

*** زۆر جار باس لەوە دەکرێت کە پرسی ئێران تەنیا پەیوەست نییە بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئەو وڵاتەوە، بەڵکو پەیوەستە بە کۆمەڵێك پرسی دیکەی وەك ڕۆڵی ئێران لە ناوچەکە و پرۆگرامە مووشەکییەکەی ئەو وڵاتە، ئایا پێت وایە ئەم پرسانە گفتوگۆی جددییان لەبارەوە دەکرێت لەو وتووێژانەی ئێستا بەڕێوەدەچن بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێك، لەبارەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە؟**

- لە ڕاستیدا بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە من پێم خۆشە ئاماژە بە بابەتێکی دیکە بکەم، ئەویش ئەوەیە کە دەبێت ئەوە بزانین هەر لە ڕووی مێژوویشەوە ئێران خۆی بە هێزێکی



هەژموونگەرا و دەستڕۆیشتووی ناوچەی کەنداو زانیوە و، ئەم ڕۆڵە بە خۆی ڕەوا دەبینێت، بە واتای ئەوەی ئەمە بۆ سەفەوییەکان و قاجارییەکان و دواتر سەردەمی شا هەر ڕاست بووە و، ئامانجەکە هەر یەکە و نەگۆڕاوە.

*** چۆن لە ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و عێراق دەڕوانیت؟ ئایا پێت وایە ئەمریکا بە یەکجاری دەستبەرداری عێراق دەبێت، یان باوەڕت وایە عێراق بتوانێت سیاسەتێکی دەرەکیی سەربەخۆ بگرێتەبەر و بە ڕادەیەکی زۆر نەکەوێتە ژێری کاریگەریی ڕۆڵی دەوڵەتە دراوسێکانەوە؟**

- لە ڕاستیدا لە ئێستادا عێراق گەڕاوەتەوە بۆ ئەو دۆخ و پێگەیەی لە ڕوی مێژوییەوە هەیبوو، کە بریتییە لەوەی ئەم وڵاتە ببێتە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی ناکۆکی و کێشەکانی وڵات و هێزە ڕکابەر و دژ بە یەکەکان، بۆ نموونە لە ئێستادا عێراق بووەتە پانتاییەك بۆ ڕکابەریی نێوان ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاوا، لە سەرووی هەموویانەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. لە ڕووی مێژوویشەوە خاکی عێراق گۆڕەپانی شەڕی نێوان ئیمراتۆریەتی سەفەوی و ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەکان بووە، ئەوە بوو دوای ڕووخاندنی دەسەڵاتەکەی سەدام حوسێن لەلایەن ئەمریکییەکان و ئیدارەدانی کارەساتباری ڕەوش و بارودۆخەکە دواتردا بە چەشنێك بوو کە بووە هۆی ئەوەی بۆشایی و پانتاییەك دروست ببێت بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئەم وڵاتە ببێتەوە بە مەیدانی یەکلاکردنەوەی ململانێکان. لەم ڕووەوە دەبێت ئێمە ئەو ڕاستییە بڵێین کە عێراق دەوڵەتێکی ڕاستەقینە نییە، بە تایبەتی کە دابەشبوونی تایفەگەری لە نێوان شیعە و سوننەدا کاریگەری و دەرئەنجامێکی خراپی جێ هێشتووە و، پێم وانییە ئەم بارودۆخەش گۆڕانکاریی بەسەردا بێت، بەڵکو بە پێشبینیی من درێژە دەکێشێت و لە کۆتاییدا دەتوانم بڵێم عێراق دەوڵەت نییە، بەڵکو گۆڕەپانێکە بۆ ململانێی هێزە ڕکابەرەکان، کە دێن کێشە و کێشمەکێشی خۆیان لەسەر خاکی عێراق یەکلا دەکەنەوە، هەموو ئەوەش لەسەر حیسابی ئاسایش و ئارامی و سەقامگیری و بەرژەوەندییەکانی خەڵکی ئەم وڵاتەیە.



حوسێن حەمە کەریم
وتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بۆ گوڵان:

# ئێمە کێشەی ئیدارەدان و کۆکردنەوە و گلدانەوەی ئاومان هەیە، نەک کێشەی وشکەساڵی

**بەفر و بارانی ئەمساڵ مەترسییەکانی وشکەساڵیی کەم کردەوە و ئاوی ژێر زەوی و سەر زەوی ڕووی لە زیادبوون کردەوە، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ڕێژەی بارانبارین و بەفربارینی ئەمساڵی بە ئومێدبەخش وەسف کرد، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار بە دروستکردنی بەنداو و گرنگیدان بە پرۆژەکانی ئاودێری، دیدارێکمان لەگەڵ حوسێن حەمە کەریم وتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو سازدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** لەگەڵ هاتنی شەپۆلێکی بەفر و بارانبارین لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، مەترسییەکانی وشکەساڵی کەم بووەوە، ئایا دەتوانین بڵێین دوای ئەو بەفر و بارانە بە تەواوەتی ئەو مەترسییە کۆتایی هاتووە؟**

- هاتنی ئەم شەپۆلەی بەفر و باران لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان ئومێدبەخش بوو، بەوەی ئاوی ژێر زەوی و سەر زەوی زیاد بکات، ئەگەرچی هێشتا زووە بڕیاری کۆتاییهاتنی وشکەساڵی بدرێت، چونکە بارانبارین لە نیوەی یەکەمی وەرزەکەدا دواکەوتووە و نازانرێت لە سێ مانگی داهاتوودا بارانبارینەکە چۆن دەبێت، هێشتا وەرزی بارانبارین لە هەرێمی کوردستان لە مانگەکانی دوو و سێ و چواری ئەمساڵیشدا ماوە، هەرچەندە داتا و ئامارەکان ئەوە دەردەخەن کە بارین بەتایبەتی بەفربارینی ئەمساڵ سوودێکی یەکجار زۆری بۆ دەوڵەمەندکردنی ئاوی ژێر زەوی و بووژانەوەی کارێز و کانیاوەکان هەیە، ئەمە وێڕای ئەوەی بەفربارین کۆمەڵێك سوودی دیکەشی هەیە بۆ کشتوکاڵ، کە وەکو بارانبارینی بەخۆڕ نییە کە بەشێکی زۆری خۆڵ و خاك لەگەڵ خۆیدا ڕادەماڵێت و دەڕوات، بە پێچەوانەوە بەفر لەسەرخۆ و بە هێواشی دەتوێتەوە و بە ناخی زەویدا دەچێتە خوارەوە و بۆ زیادکردنی ئاوی ژێر زەوی باشە. لەلایەکی دیکەوە بەفربارین بۆ لەناوبردنی مێرووە زیانبەخشەکانیش بەسوودە، دارودرەختە بەردارەکان و گەڵا وەریوەکان دەبووژێنێتەوە، بەتایبەتی درەختی قۆخ و سێو و قەیسی و هەڵووژە و هەموو درەختە بەردارەکانی دیکە، کە بە بەرهەمە ناوکە بەردینەکان ناسراون، ئینشائەڵڵا لە وەرزی دووەمی بارانبارینیشدا بارانێکی باش دەبارێت، بەتایبەتی لە هەردوو مانگی دوو و سێ کە بۆ بەرهەمی گەنم و جۆ زۆر بەسوودە و کۆتایی بە وشکەساڵی دەهێنێت و، وەرزێکی بەهاری خۆش چاوەڕوانی گەلی کوردستان دەکات، کە ئەمەش بۆ بووژانەوەی نەك تەنیا کەرتی کشتوکاڵ بەڵکو بۆ ئاژەڵداری و کەرتی گەشتوگوزاریش گرنگە .

*** ئێوە وەکو وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو پێتان وانییە گۆڕانکارییەکان لە کەشوهەوا و ژینگە کاریگەریی لە سەر هەرێمی کوردستانیش هەیە؟**

- گۆڕانکاری لە کەشوهەوا و پیسبوونی ژینگە دیاردەیەکی زۆر مەترسیداری جیهانییە و لەسەر هەموو ناوچە جیاجیاکانی جیهان بەشێوەیەکی زۆر خراپ ڕەنگی داوەتەوە و کاریگەریی خراپیشی لەسەر ئێمەش هەیە، هەموومان ڕۆژانە کاریگەرییە خراپەکانی ئەم تێکچوونەی ژینگەو کەشوهەوا دەبینین، وابزانم لافاو و بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما و دابەزینی لەناکاوی پلەکانی گەرما و وشکەساڵی و باوبۆران و شەختە و زیادبوونی پەتا و نەخۆشی، نموونەیەکی بەرچاوی ئەم دیاردە مەترسیدارەی پیسبوونی ژینگەیە و کاریگەریی لەسەر کەشوهەواش هەیە، هەموومان پلە گەرمە بەرزەکەی وەرزی هاوینی ساڵی ڕابردوومان بینی و کاریگەرییە خراپەکانی لەسەر وشکبوونی درەخت و بەبیابانبوونی خاك و دابەزینی ئاستی ئاوی ژێر زەوی و سەر زەوی و دەریاچەکان و وشکبوونی ڕووبار و کانیاو و کارێزەکان مەترسییەکی گەورەیە و حکومەتی هەرێمی کوردستان ژووری ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵیی بۆ دانابوو، ئەمساڵیش بارانی بەلێزمە و هەورە تریشقە و بەفر و شەختە و دابەزینی پێوانەیی پلەکانی گەرما لە هەندێك شوێن بۆ خوار ٢٠ پلەی سەدی، زیانی گیانی و ماڵیی زۆری لێ کەوتەوە، کەچی ئەمساڵ بەفر و سەرما بە شێوەیەك بوو کە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان شەختە و پلەکانی گەرما زۆر مەترسیدار هاتەخوارەوە، بەڵام بە گشتی ئەم باران و بەفرە تا ڕاددەیەکی باش سوودمەندە.

**هێشتا زووە بڕیاری کۆتاییهاتنی وشکەساڵی بدرێت، چونکە بارانبارین لە نیوەی یەکەمی وەرزەکەدا دواکەوتووە و نازانرێت لە سێ مانگی داهاتوودا بارانبارینەکە چۆن دەبێت**

**گۆڕانکاری لە کەشوهەوا و پیسبوونی ژینگە دیاردەیەکی زۆر مەترسیداری جیهانییە و لەسەر هەموو ناوچە جیاجیاکانی جیهان بەشێوەیەکی زۆر خراپ ڕەنگی داوەتەوە و کاریگەریی خراپیشی لەسەر ئێمەش هەیە**

**گرفتی کەمئاوی لە زۆر کیشوەری جیهاندا و بەتایبەتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەری هەڵداوە و تا دێت خراپتر دەبێت، پسپۆڕانی ئەم بوارە پێیان وایە لە داهاتوودا لەسەر کێشە گەورەکانی ئاو لە نێوان وڵاتاندا جەنگی گەورە بەرپا دەبێت**

**ئەو هەموو بارانە باری، لە بەر نەبوونی بەنداو زۆری ڕۆیشت و سوودێکی ئەوتۆمان لێ نەبینی**

**بەم بەنداوانەی کە ئێستا تەواو بووە و بەوانەی کاریان تێدا دەکرێت، ژمارەی بەنداوەکانی کوردستان دەگاتە ٢٥٠ بەنداو، بە تەواوبوونی ئەم بەنداوانەش هەرێمی کوردستان هەرگیز ڕووبەڕووی کێشەی وشکەساڵی و کەم ئاوی نابێتەوە**

**هەرێمی کوردستان هێندەی عێراق سوودی لە ئاوی هەر دوو بەنداوی دووکان و دەربەندیخان وەرنەگرتووە، پارێزگاکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق بۆ کاری کشتوکاڵی و ئاودێری و ئاوی خواردنەوە سوودی لێ وەردەگرن**

*** ئەو هەموو باران و بەفرە ئەمساڵ باری، بەداخەوە ئاوەکەی هەر بەفیڕۆ دەچێت؛ پێت وانییە هەرێمی کوردستان گرفتی کۆکردنەوە و ئەمبارکردنی ئاوی هەیە، نەك وشکەساڵی، بەتایبەتی کە لە وەرزی ئەمساڵی زستاندا بارانێکی زۆر باری، بەڵام نەمانتوانی سوودێکی ئەوتۆی لێ وەربگرین؟**

- گرفتی کەمئاوی لە زۆر کیشوەری جیهاندا و بەتایبەتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەری هەڵداوە و تا دێت خراپتر دەبێت، پسپۆڕانی ئەم بوارە پێیان وایە لە داهاتوودا لەسەر کێشە گەورەکانی ئاو لە نێوان وڵاتاندا جەنگی گەورە بەرپا دەبێت، بە هۆی وشکەساڵییشەوە تۆپۆگرافیای دانیشتووانیش گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، هەرێمی کوردستان لە نێوان عێراق و تورکیا و ئێران و سووریا لە ناو جەرگەی کێشەکانی ئاودایە، ئەو وڵاتانە هەر یەکەو لە خەمی ئەوەدایە چۆن کێشەکانی کەمئاویی وڵاتەکەی خۆیان چارەسەر بکەن، بگرە ئەو وڵاتانە بە بەرنامە و پلان دەستیان بە جێبەجێکردنی زانستی دروێنەی ئاو کردووە و، زۆر بە خراپی ڕوویان لە دروستکردنی بەنداو و گۆڕینی ڕێڕەوی زێ و ڕووبار و لقەکانی ئەو ڕووبارانەش کردووە، کە دەڕژێنە ناو هەرێمی کوردستان و وڵاتی عێراق و سووریاوە، واتا هەر وڵاتەو لە خەمی خۆیدایە و هیچ حیسابێك بۆ وڵاتەکەی دیکە ناکات، ئێمە لە هەرێمی کوردستان نابێت لە چاوەڕوانی ئاوڕلێدانەوەی ئەو وڵاتانە و گفتوگۆ و شاندی دانوستان و بردنی کێشەکە بۆ دادگا نێودەوڵەتییەکان بین، دەبێت بە هەمان شێوە خەمی خۆمان بخۆین و کارێکی زۆر بکەین لەسەر کۆکردنەوەی ئاو و بەفیڕۆنەچوونی ئەو بارانەی کە لە وەرزی زستان و بەهاردا دەبارێت، ئێمە کێشەی ئیدارەدان و کۆکردنەوە و گلدانەوەی ئاومان هەیە نەك وشکەساڵی، ئەو هەموو بارانە باری، لە بەر نەبوونی بەنداو زۆری ڕۆیشت و سوودێکی ئەوتۆمان لێ نەبینی، ئێمە بە دووکان و دەربەندیخان و دهۆکەوە ١٧ بەنداومان هەیە کە تەواوبوون و ١٩ بەنداوی دیکەش لە ساڵی ٢٠١٤ بەهۆی شەڕی داعش و قەیرانی داراییەوە کارکردن تێیدا ڕاوەستابوو، بەخۆشحاڵییەوە بەشێکی زۆری ئەم بەنداوانە کارکردن تێیدا دەستی پێ کردووەتەوە و بودجەی بۆ تەرخان کراوە، هەروەکو چۆن نۆ بەنداوی دیکەی مامناوەند و گەورە لە پارێزگاکانی کوردستان دیاری کراوە بۆ دروستکردن، لەوانە سێ بەنداو دیاری کراوە بە شێوەی هاوبەشی لە نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتی دروست بکرێت و، ژمارەیەك کۆمپانیای ناوخۆیی و دەرەوە تەندەریان پێشکەش کردووە و لە قۆناغی کۆتاییدایە، ئەمەش کاریگەریی گەورەی دەبێت لەسەر کۆکردنەوەی ئاو، بەتایبەتی لە ناوچەکانی خۆیان، بۆ نموونە بەنداوی سماقوڵی ٨٠٠ مەتر چوارگۆشە ئاو دەگرێت، خۆ ئەگەر وەکو ئەمبارکردنی ئاو سەیری بکەیت، کەمە، بەڵام لە ڕووی گەشتوگوزار و دەوڵەمەندکردنی ئاوی ژێر زەوی و سامانی ماسی و چەند بوارێکی دیکەوە سوودی خۆی بۆ ناوچەکە هەیە، بەپێی ئەو پلانەی کە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بەنداوەکان دایرشتووە، بەم بەنداوانەی کە ئێستا تەواو بووە و بەوانەی کاریان تێدا دەکرێت، ژمارەی بەنداوەکانی کوردستان دەگاتە ٢٥٠ بەنداو، بە تەواوبوونی ئەم بەنداوانەش هەرێمی کوردستان هەرگیز ڕووبەڕووی کێشەی وشکەساڵی و کەمئاوی نابێتەوە، لەگەڵ باشبوونی بارودۆخەکە ئومێدمان زۆرە کارکردن لەم بەنداوانە زیاتر بچنە پێشەوە.

*** کەواتە هیچ ئومێدێکمان بە دەستپێکردنی گفتوگۆکانی نێوان حکومەتی ناوەندی عێراق و وڵاتەکانی تورکیا و ئێران نەبێت، کە لەسەر دروستکردنی بەنداو و گۆڕینی ڕێڕەوی زێ و ڕووبارەکانی کە دەڕژێنە ناو هەرێمی کوردستانەوە، دژایەتیی عێراق و هەرێمی کوردستان دەکەن؟**

- بەپێی دەستووری عێراق مەسەلەی ئاو سیادییە و لەم ماوەیەدا وەزیری سەرچاوەکانی ئاوی عێراق سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد و لەگەڵ وەزیری کشتوکاڵ و سامانە سرووشتییەکان سەردانی هەردوو بەنداوی دووکان و دەربەندیخانیان کرد و، بەڵێنی هاوکاریی لۆجستی و لە ڕووی هونەرییەوە دا، بۆ دابینکردنی هەردوو پێداویستیی بەنداوی دووکان و دەربەندیخان و بەرزکردنەوەی توانای فەرمانبەرانی بەنداوەکان، هەرچی مەسەلەی گلدانەوەی ئاو و دروستکردنی بەنداوەکان هەیە، لە هەردوو وڵاتی ئێران و تورکیا پەیوەندیی بە مەرکەزەوە هەیە و، پێم وانییە هیچ بکرێت و خۆم قەناعەتم بەوەیە هەر وڵاتەو دەبێت کێشەکانی خۆی چارەسەر بکات.



### دکتۆر عەبدولڕەزاق محەمەد

بەڕێوەبەری گشتیی پەرەپێدانی مرۆیی لە وەزارەتی پلاندانان بۆ گوڵان:

# لەم کابینەیەدا گرنگییەکی تایبەتی بە پەرەپێدانی سەرچاوەی مرۆیی دەدرێت

پەرەپێدانی مرۆیی یەکێکە لە بنەماکانی سەرکەوتنی پەرەپێدانی ئابووری و پرۆسەی چاکسازی، لەم ڕووەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگییەکی تایبەتی بە بەرزکردنەوەی توانای مرۆیی و بەهرەی فەرمانبەران داوە، لەم پێناوەشدا بۆ ئەمساڵ چەندین خولی مەشق و ڕاهێنان ئەنجام دەدات، بۆ قسەکردن لەسەر گرنگیی پەرەپێدانی مرۆیی ئەم دیدارەمان لەگەڵ دکتۆر عەبدولڕەزاق محەمەد بەڕێوەبەری گشتیی پەرەپێدانی مرۆیی لە وەزارەتی پلاندانان ساز دا؛ لێرەدا پوختەی وەڵامەکانی بڵاودەکەینەوە.

**دامەزراوەکان گرنگن بۆ پەرەپێدانی لایەنی مرۆیی و، لە ئێستادا سەرقاڵی دارشتنەوەی دیراسەتێکین بۆ ئەم مەبەستە و لەگەڵ سەرجەم وەزارەتەکان لە پەیوەندیی باشداین**

**ئێمە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەرەپێدانی مرۆیی لە وەزارەتی پلاندانان، یەکێک لە ئەرکە هەرە سەرەکییەکانمان بریتییە لە کردنەوەی خولی مەشقی بەردەوام**

**لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا ٢٠ تا ٢١ هەزار فەرمانبەر مەشقیان پێ کراوە لە بوارەکانی کارگێڕی و ژمێریاری و ئای تی و زمان و بواری دیکەی وەکو ئیدارەی سەرچاوەی مرۆیی و.. تادوایی**

*** زۆر باس لە کەموکورتیی هەیکەلی ئابووری لە هەرێمی کوردستان دەکرێت، کەچی لایەنێکی زۆر گرنگ لەم ڕووەوە گرنگیی پێ نادرێت، کە لایەنی بەرزکردنەوەی توانای مرۆییە، دەکرێت پرۆسەی چاکسازی و پەرەپێدانی ئابووری بە بێ ئەم بوارە گرنگە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت؟**

- چەمکی (پەرەپێدانی ئابووری) لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە سەری هەڵدا، ئەو دەمەی وڵاتانی زیانمەند لە شەڕەکەدا پێویستیان بەوە هەبوو دووبارە وڵاتەکانیان بچێتەوە سەر ڕێچکەی ئاسایی خۆی و ژێرخانەکەیان بونیات بنێننەوە، ئەوە بوو لە پرۆسەیەکی فراواندا دەستیان بە پەرەپێدانی ئابووری کرد، هەر لە ناو پرۆسەکەدا دەرکیان بەو ڕاستییە کرد کە ئەم پرۆسەیە بە تەنیا سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت، ئەگەر گرنگی بە لایەنی مرۆیی نەدرێت، ئەوە بوو هاوکێشەکە گۆڕدرا و ئەمجارە دەست کرا بە پرۆسەیەکی دیکە، کە بریتی بوو لە (پەرەپێدانی ئابووریی کۆمەڵایەتی) واتا بۆ ئەوەی کۆمەڵگە بەرەو پێشەوە ببرێت، پێویستە مرۆڤ بەشدارییەکی کارای هەبێت لە پرۆسەی بەرەوپێشبردنی ئابووری و فرەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهاتدا، دوای ماوەیەکی دیکە زاراوە و چەمکێکی پێشکەوتووتر دروست بوو، کە (پەرەپێدانی مرۆیی) بوو، چونکە دواجار مرۆڤە ئابووری و سیاسەت دروست دەکات و لە سێکتەرە جۆراوجۆرەکاندا پێشکەوتن و پەرەپێدان دروست دەکات و، سەرچاوە مرۆییەکان کلیلی پێشکەوتنەکانن. وڵاتانی زۆر هەن کە خاوەنی سەرچاوەیەکی سرووشتیی ئەوتۆ نین، کەچی لە ڕێگەی پەرەپێدان بە توانا مرۆییەکانیانەوە، بوونەتە وڵاتانی پێشکەوتوو و ناویان لە ڕیزبەندی وڵاتە پێشکەوتووەکانی دونیاشدا دێت، کۆریای باشوور و مالیزیا و سەنگافورا نموونەی ئەو وڵاتە پێشکەوتووانەی دنیان، کە توانیویانە لە ماوەیەکی کەمدا بە پشتبەستن بە سەرچاوەی مرۆیی، موعجیزەی ئابووری بخوڵقێنن. سەبارەت بە وەڵامی تەوەری دووەمی پرسیارەکەشتان؛ خۆ ئەگەر باسی هەرێمی کوردستان بکەین، ئەوا دەبێت سەرەتا باسی ئەو فاکتەرە جۆراوجۆرانە بکەین کە ڕێگر بوون لە بەردەم ئەم جۆرە پەرەپێدانە مرۆییەدا، کە بە بێ ئەم پەرەپێدانە ناکرێت سەرچاوەی ئابووری و داهاتمان فرەچەشن بکەین و پەرە بە سێکتەرە جیاجیاکان بدەین، هەرچەندە کابینە یەک لەدوای یەکەکان هەوڵێکی زۆریان داوە کە گرنگی بە پەرەپێدانی مرۆیی کارمەندەکانیان بدەن، بەڵام لەم کابینەیەدا بۆ پێشخستن و پێشکەوتن لە سێکتەرە جۆراوجۆرەکاندا سەرچاوە مرۆییەکان وەکو فاکتەر و هۆکارێک سەیر دەکرێن، ئەو ستراتیژییەی کە لە بواری پەرەپێدانی مرۆیی لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیڕەو دەکرێت، ئومێدبەخشە بۆ ئەوەی فاکتەری لاوازی لایەنی مرۆیی چارەسەر بکرێت و بەرەو فرەچەشنکردنی ئابووری و فرەسەرچاوەکردنی داهاتەکانمان لە هەرێم و بووژانەوەی سێکتەرە جیاجیاکان هەنگاو بنێین.

*** دەبێ پەرەپێدانی مرۆیی بۆ فرەچەشنکردنی ئابووری و فرەسەرچاوەکردنی داهاتەکان لە کوێوە دەست پێ بکرێت و، ئایا ئێوە لە وەزارەتی پلاندانان لەم ڕووەوە چیتان کردووە؟**

- هەرچی ئەو سیاسەت و بەرنامە ئابوورییە هەیە کە لەم کابینەیەدا دەست پێ کراوە، تا هەیکەلی ئابووریی هەرێمی کوردستان گۆڕانکاریی نەوعیی بەسەردا بێت و، ڕوو لە کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری بکەین، ئەوا بەبێ گرنگیدان بە ئامادەکردنی دەستی کاری بەتوانا و کارامە ناکرێت هەموو ئەم سێکتەرە ئابوورییانە بەرەو پێشەوە ببەین، ئەمە پێویستی بە چاکسازیی کارگێڕی و ئامادەکاری بۆ بەرزکردنەوەی کارامەیی مرۆیی هەیە، تا بتوانین ئەو ستراتیژییەی لە کارنامەی ئەم کابینەیەدا دانراوە، بە جوانترین شێوە لە ڕووی پراکتیکییەوە جێبەجێ بکەین. لیژنەی بڕیاری ژمارە ٣٣ی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران کە من ئەندامم لەو لیژنەیە و بۆ دووبارە پێداچوونەوە بە هەیکەلی وەزارەت و دامەزراوەکانی حکومەت دانراوە، هەنگاوی گرنگی ناوە تا دواجار بتوانین دامەزراوەکانی حکومەت بە ستانداردی نێودەوڵەتی و بە یەک ستاندارد و میکانیزمێک کار بکەن و وەسفی وەزیفی پێناسە بکەینەوە، چونکە دامەزراوەکان گرنگن بۆ پەرەپێدانی لایەنی مرۆیی و، لە

ئێستادا سەرقاڵی دارشتنەوەی دیراسەتێکین بۆ ئەم مەبەستە و لەگەڵ سەرجەم وەزارەتەکان لە پەیوەندیی باشداین.

*** لایەنێکی گرنگی پەرەپێدانی مرۆیی خولەکانی مەشق و ڕاهێنانە، بەتایبەتی خولە خێراکان و دامەزراندنی پەیمانگاکانی پیشەییە، کەچی لە ئێستادا هەموو قوتابییان ڕوویان لە زانکۆ کردووە و دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەش بازاڕی کار و پێشکەوتنەکانی سەردەم، سوودیان لێ وەرناگیرێت و بازاڕ بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان ڕوو لە دەستی کاری بیانی دەکەن، ئەم گرفتە ئاڵۆزە چۆن چارەسەر دەکرێت؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر مەنتیقی و گونجاوە؛ پێش ئەوەی باسی ئەو واقیعەی توانای مرۆیی دەستی کار لە هەرێمی کوردستان بکەین، ڕاستییەك هەیە دەبێت هەموومان بیزانین، گۆڕانکارییە ماددییەکان خێراتر و فراوانترن لە گۆڕانکارییە عەقڵییەکان، دەکرێت ئێمە لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا دەستمان بگاتە پێشکەوتووترین تەکنەلۆژیا، بەڵام مەرج نییە ئەم تەکنەلۆژیا پێشکەوتووە وا بە خێرایی بگاتە زۆرترین عەقڵی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیایەکی وا پێشکەوتوو، یان بزانین چۆن بەکاری دەهێنین، بۆیە پێشکەوتنە عەقڵی و فکرییەکان بەتایبەتی لە جیهانی سێدا هێواشترن و پشوودرێژیی دەوێت، هەر خۆی لە خۆیدا لە یاسای خزمەتی مەدەنیی عێراقیدا زاراوەیەك نییە بە ناوی سەرچاوەی توانای مرۆییەوە، ئێمە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەرەپێدانی مرۆیی لە وەزارەتی پلاندانان، یەکێك لە ئەرکە هەرە سەرەکییەکانمان بریتییە لە کردنەوەی خولی مەشقی بەردەوام، کە تەنیا لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا ٢٠ تا ٢١ هەزار فەرمانبەر مەشقیان پێ کراوە لە بوارەکانی کارگێڕی و ژمێریاری و ئای تی و زمان و بواری دیکەی وەکو ئیدارەی سەرچاوەی مرۆیی و.. تادوایی، لە دامەزراوەی ئەنیستیۆتی کوردستان بۆ کارگێڕیی گشتی KIPA ساڵانە نزیکەی ١٥٠٠ – ١٨٠٠ فەرمانبەر ڕاهێنان وەردەگرن، لەساڵی ٢٠١٣وە ڕێککەوتنێکی ستراتیژیمان لەگەڵ وڵاتی کۆریای باشوور هەیە و، بڕی شەش ملیۆن دۆلار تەرخان کراوە بۆ ئەوەی زۆرترین خولی مەشق و ڕاهێنان بۆ فەرمانبەرانمان بکەنەوە، بۆ بەرزکردنەوەی توانای مرۆیی و دامەزراوەیی، بەتایبەتی لە بوارەکانی: کارگێڕیی گشتی و ئامادەکردنی بودجە و کارگێڕیی ئەلەکترۆنی و بەڕێوەبردنی زانیاری و گرێبەستە گشتییەکان و بەڕێوەبردنی تیم و پەیوەندییەکان و سیاسەتی گشتی و هۆشیاریی یاسایی و یەکسانیی جێندەر و بەڕێوەبردنی مەترسییەکان و قەیرانەکان و بەڕێوەبردنی پرۆژە و بیرکردنەوەی ستراتیژی و دڵنیایی جۆری و ئامادەکردن و نووسینی پرۆپۆزەڵ و بەڕێوەبردنی کات و پلاندانان و بەڕێوەبردن و بەرنامە سەرەکییەکانی کۆمپیوتەر و...هتد) چەند فەرمانبەرێکی دیکەی شارەزامان بۆ کۆریای باشوور ناردووە بۆ شارەزابوون لە بەڕێوەبردنی خولەکان و ئیدارەدانی سەرچاوە مرۆییەکان. ئەم وڵاتە یەکێکە لە هەرە وڵاتە پێشکەوتووەکان، کە توانیویەتی لە ماوەیەکی کەمدا ببێتە خاوەنی سەرچاوەیەکی مرۆیی گەورە، لەم وڵاتەدا هیچ فەرمانبەرێك ناتوانێت پلەی بەرز بکرێتەوە، یان پۆست وەربگرێت تا ساڵانە خۆی نوێ نەکاتەوە لە بەشداریکردن لە خولی ١٠٠ کاتژمێریی جۆراوجۆری تایبەت بە کارەکەی خۆی، ئێمە ئەم یاسایەمان دارشتووەتەوە و ئێستا لە ئەنجومەنی وەزیرانە، بۆ ئەوەی بتوانین ئێمەش لە هەرێمی کوردستان ئەو بڕگەیە جێبەجێ بکەین و، ڕوویەکی یاسایی پێ ببخەشین، بۆ ئەوەی هەموو فەرمانبەرانی حکومەت بەشداریی خولەکان بکەن و توانای مرۆیی خۆیان بەرز بکەنەوە. هەرچەندە ئێستا ساڵانە بە شێوەیەکی بەردەوام نزیکەی ٧٠ خول دەکەینەوە و هەماهەنگیی تەواومان لەگەڵ وڵاتانی کۆریا و ژاپۆن و هەروەها ئاژانس و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەکو ڕێکخراوی USAID هەیە و لەمەشدا هەماهەنگیمان لەگەڵ وەزارەتەکان هەیە و، لەم ساڵدا زیاتری دەکەین بۆ ئەوەی پێداویستیی وەزارەتەکان بزانین و بەپێی پێداویستیی ئەوان خولەکانیان بۆ بکەینەوە، خۆشبەختانە حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵانە بودجەیەکی تایبەتی بۆ پەرەپێدانی مرۆیی و ئەنجامدانی خولەکانی مەشق و ڕاهێنان تەرخان کردووە.

**لەساڵی ٢٠١٣وە ڕێککەوتنێکی ستراتیژیمان لەگەڵ وڵاتی کۆریای باشوور هەیە و، بڕی شەش ملیۆن دۆلار تەرخان کراوە بۆ ئەوەی زۆرترین خولی مەشق و ڕاهێنان بۆ فەرمانبەرانمان بکەنەوە، بۆ بەرزکردنەوەی توانای مرۆیی و دامەزراوەیی**

**لە زۆربەی وڵاتان خوێندنی پیشەیی زۆر گرنگیی پێ دەدرێت و دەرچووانی ئەم پەیمانگەیانە هەلی زیاتری کارکردنیان دەست دەکەوێت، چونکە بەپێی پێداویستی و خواستی بازاڕە**

**زانکۆکانمان زۆر گرنگی بە خوێندنی ئەکادیمی دەدەن و لە ڕووی پراکتیکییەوە بەو ڕاددەیە گرنگی بە تواناکانی خوێندکار نادرێت و، ژمارەیەکی زۆری هەڵگری بڕوانامەی بەکارلیۆس و دیپلۆممان هەیە و کەمترین سوودیان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی بازاڕ هەیە**

# هەندێک لە هێڵە گشتییەکانی پلانی دەستەی ژینگە بۆ ساڵی ٢٠٢٢

● **یەکەم: لە بواری کارەکانی فەرمانگەی کاروباری هونەری**

١- ئامادەکاری بۆ کۆنفرانسی وەبەرهێنانی ژینگەیی بە سەرپەرشتیی جەنابی سەرۆکی حکومەت.

٢- جێبەجێکردنی داوای سەرۆکایەتیی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکانی هەڵسەنگاندنی کاریگەریی ژینگەیی لەلایەن فەرمانگەکانی دەستەی ژینگەوە.

٣- داواکردنی ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران بۆ دامەزراندنی دەرچووانی بەشی ژینگە لە پرۆژەکانی کەرتی تایبەت، وەك ڕێبەری ژینگەیی.

٤- ئامادەکردنی ڕێنمایی تایبەت بە ئۆزۆن و مادده تیشکاوەرەکان و ئاوی چارەسەرکراو.

٥- هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ژینگەی عێراق لەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییانەی کە عێراق تێیدا ئەندام بووە.

● **دووەم: لە بواری کارەکانی فەرمانگەی کارگێڕی و دارایی و یاسایی**

١- دەستکردن بە تەواوکردنی باڵەخانەی دەستەی ژینگە.

٢- تەواوکردنی ڕێکارەکان بۆ کردنەوەی فەرمانگەی ژینگەی هەڵەبجە.

٣- دەستکردن بە ڕێکارەکان بۆ کردنەوەی فەرمانگەی ژینگەی سۆران.

٤- ڕێکخستنەوەی بڕی داهات و زیادکردنی

٥- دەستنیشانکردنی ئەو ماددانەی لە یاسای ژینگە پێویستییان بە هەموارکردنەوە هەیە.

٦- هەموارکردنەوەی بەشێك لە ڕێنماییە ژینگەییەکان.

● **سێیەم: لە بواری کارەکانی فەرمانگەی هۆشیارکردنەوەی ژینگەیی و ڕاگەیاندن**

١- بەشداریکردن لە ئیڤێنتی ئیکسپۆ دوبەی بۆ خستنەڕووی وەبەرهێنانی ژینگەیی.

٢- بەردەوامبوون لە پرۆسەی پەروەردەی ژینگەیی بۆ قوتابیان لە ناوەندەکانی خوێندن.

٣- کردنەوەی یانەی ژینگەیی لە ناوەندەکانی خوێندندا.

٤- کردنەوەی خول بۆ ئامادەکردنی ڕایەری ژینگەیی لە نێو مامۆستایانی قوتابخانەکاندا.

٥- پێکهێنانی بۆردی ڕێکخراوە ژینگەییەکان لە هەڵەبجە و ئیدارەی سۆران و زاخۆ.

٦- کردنەوەی خول بۆ ئامادەکردنی ژمارەیەکی دیکە لە پەیامنێری ژینگەیی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن.

٧- بەشداریکردن لە سیمینار و وۆرکشۆپی ژینگەیی لە زانکۆ و پەیمانگەکان.

٨- دیارکردنی ڕۆژی ژینگە بۆ پارێزگای هەڵەبجە و ئیدارەکانی سۆران و زاخۆ.

٩- بەشدارییکردن لە بەرنامەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن.

١٠- کاراکردنەوەی سایتی دەستە و کاراترکردنی پەیجی دەستە و فەرمانگەکان.


● **چوارەم: لەبواری کاراکردنی بیرۆکە بۆ پرۆژەی ژینگەیی**

١- باخچەیەك لە قوتابخانەیەك، یان لە دامەزراوەیەکدا.

٢- کردنەوەی پێشانگەیەکی وێنەیی ژینگەیی.

٣- سازکردنی پێشبڕکێیەکی ژینگەیی.

٤- ئامادەکردنی سروود و گۆرانی بۆ ژینگە.



**عەبدولڕەحمان سدیق**
بۆ گوڵان دەینووسێت

٥- ئامادەکردنی تابلۆی ژینگەیی.
٦- پرۆژی درامای ژینگەیی.
٧- پێشانگای کاریکاتێری ژینگەیی.
٨- نووسینی شانۆی ژینگەیی.
٩- نەخشاندنی دیواربەندی ژینگەیی.
١٠- کتێبخانەیەکی ژینگەیی لە قوتابخانەیەکدا.
١١- ئاودان بە پرژاندن لە باخچەیەکدا.
١٢- ئاودان بە دڵۆپاندن لە باخێکدا.
١٣- چاپکردنی ڤۆڵدەری ژینگەیی.
١٤- ئامادەکردنی پەخشنامەی ژینگەیی.
١٥- نووسینی هەفتانەی گۆشەیەکی ژینگەیی.
١٦- بەرنامەیەکی ژینگەیی لە هۆکارێکی ڕاگەیاندندا.
١٧- سایتێك، یان پەیجێکی ژینگەیی.
١٨- دەرچوواندنی گۆڤارێکی ژینگەیی.
١٩- سازدانی کۆڕ و سیمیناری ژینگەیی.
٢٠- باس و توێژینەوە لە بوارێکی ژینگەییدا.

**● پێنجەم: لە بواری کاراکردنی کەمپینی ژینگەیی**

١- کەمپینی سەوز/ بۆ پارێزگاریکردن لە درەختێکی بەتەمەن، یان دارستانێك.
٢- کەمپینی یاد/ بۆ بەرگریکردن لە ئاسەوارێکی دێرین.
٣- کەمپینی دڵۆپ/ بۆ پاراستنی ئاو.
٤- کەمپینی وزە/ بۆ کەمردنەوەی زیادڕەویی لە بەکارهێنانی سەرچاوەکانی وزە.
٥- کەمپینی کاغەز/ بۆ دووبارە دروستکردنەوەی کاغەزی بەکارهاتوو.
٦- کەمپینی شووشە/ بۆ دووبارە دروستکردنەوەی شووشەی بەکارهاتوو.
٧- کەمپینی پاتری/ بۆ دووبارە دروستکردنەوەی پاتری بەکارهاتوو.
٨- کەمپینی کارت/ بۆ دووبارە دروستکردنەوەی کارتی بەکارهاتووی مۆبایل.
٩- کەمپینی پلاستیك/ بۆ دووبارە دروستکردنەوەی پلاستیکی بەکارهاتوو.
١٠- کەمپینی سرنج/ بۆ جیاکردنەوە و چارەسەرکردنی پاشماوەی نەخۆشخانەکان.
١١- کەمپینی هەناسە/ بۆ پارێزگاریکردن لە هەوای پاك و کۆنترۆڵکردنی قەرەباڵغی و کارگە و ئۆتۆمبێل.
١٢- کەمپینی سرووشت/ بۆ قەدەغەکردنی ڕاوکردنی باڵندە و ئاژەڵی کێوی.
١٣- کەمپینی چاو/ بۆ نەهێشتنی دیمەنە ناشیرینەکان و پاراستنی هەستی بینین.
١٤- کەمپینی ئازادی/ بۆ ئازادکردنی باڵندەی بەندکراو.
١٥- کەمپینی لافیتە/ بۆ نووسین لەسەر کارتۆن و قوماش، لە بری فلێکس و نایلۆن.
١٦- کەمپینی پیادە/ بۆ قەدەغەکردنی هاتنی ئۆتۆمبێل بۆ نێو هەندێك شوێن و ناوەندی شار.
١٧- کەمپینی دەنگ/ بۆ قەدەغەکردنی هۆرنی هەوایی و دیاردەی هۆرنلێدان.
١٨- کەمپینی ڕەنگ/ بۆ ڕێکخستنی بۆیەکردنی باڵەخانە و ڕووی دەرەوەی بازاڕ و خانووبەرە.
١٩- کەمپینی ماف/ بۆ بیرخستنەوەی هاووڵاتیان بە مافە دەستوورییەکانیان لە بواری ژینگەدا.
٢٠- کەمپینی لەگەڵ من وەرە/ هەر ڕۆژەو یەکێك لە پێنج بەشداربووان، بە ئۆتۆمبێلی خۆی چوار کەس لە هاوکارەکانی دەباتە دەوام، یان دەرەوە و دەیانهێنێتەوە.

## ڤینۆس عوسمان:

# خەونم ئەوەیە پارەم هەبێت و کورسیی شەحن بۆ منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت بکڕم

**خۆی خاوەن پێداویستیی تایبەتە و بە باشی لە ئازارەکانی ئەو توێژە تێدەگات، بۆیە خەونی گەورەشی ئەوەیە بتوانێت بە جۆرێك لە جۆرەکان خزمەتیان بکات. ڤینۆس عوسمان ساڵی ١٩٩٧ لە چەمچەماڵ لەدایکبووە و هەر لەوێش دەژی. تا پۆلی ١٢ی خوێندووە،بەڵام بە هۆی نەخۆشی وازی لە خوێندن هێناوە، لەم دیمانەیەشدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان ڕاشکاوانە باسی کۆسپەکانی بەردەمی و خەونەکانی داهاتووی دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**



*** ئەگەر بەلاتەوە ئاسایی بێت، دەکرێ باسی هۆکاری کەمئەندامبوونت و قۆناغەکانی خوێندنت و کێشەکانی ژیانت بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان بکەیت؟**

- من نەخۆشیی (muscular dystrphy)م هەیە، کە جۆرێکە لە ئیفلیجی و نەخۆشییەکە هەر لەناو سکی دایکەوە تووش دەبیت.

لەسەرەتادا توانای ڕێکردنێکی کەمم هەبوو، بەڵام بەپێی کات خراپتر بووم، کات دوژمنی سەرەکیی ئەم نەخۆشییەیە و لە تەمەنی دە ساڵییەوە تەواو ڕێکردنم لەدەست دا.لە منداڵیدا زۆر زۆر دەکەوتم، بۆیە دایك و باوکم گومانیان لە تەندروستیم کرد و بردیانم بۆ لای چەندین پزیشك تا لە کۆتاییدا زانییان ئەو نەخۆشییەم هەیە.هەر لە تەمەنی دە ساڵیمدا نەشتەرگەریی دەرهێنانی دەماریان بۆم کرد، تاوەکو دڵنیا ببنەوە لە جۆری نەخۆشییەکە و کاتێکیش دڵنیابوونەوە پزیشکەکان پێیان وتین کە ئەم نەخۆشییە لە هیچ شوێنێکی ئەم دونیایە چارەسەری نییە.قۆناغی سەرەتایی دایکم بەباوەش دەیبردم بۆ قوتابخانە و لەوێش هاوڕێ و خوشکەکانم هاوکارم بوون، ئەوکات توانای ڕێکردنم هەبوو، بەڵام ڕۆژانە چەندین جار لەوێ دەکەوتم، کاتێك منداڵێك خۆی لێئەدام و دەم و لووتم پڕ لە خوێن دەبوو، یانیش هەر بەهۆی نەخۆشییەکەوە پێم دەچەمییەوە و بە پشتا دەکەوتم و مێشکم ئەلەرییەوە.ئەمە جگە لەوەی کە کاتێك تەمەنم هەشت ساڵ بوو، لە قوتابخانە و لەنێوان هاوڕێکانمدا بڵاوبووەوە کە ڤینۆس بگات بە تەمەنی ١٠ ساڵی دەمرێت. بەڵام ئەوکاتیش من منداڵێکی بەهێزبووم و

بەرگـەی هەمـوو ئـازارو نارەحەتییەکانم گرت.
لـە تەمەنـی دە سـاڵیدا نەمـردم، بـەڵام ڕێکردنـم مـرد و کورسـییەکیان بـۆ کڕیـم. سـەرەتا دەگریام و نەمدەویسـت، بـەڵام دواتـر قبووڵـم کـرد و بـووم بـە هاوڕێی.
لـە قۆناغـی ناوەندییـش خوشـکەکانم و هاوڕێکانـم پاڵـی کورسـییەکەیان دەنـام و دەیانبردمـە قوتابخانە.بەڵام ئەوەی لـەو قۆناغـە زۆر ئـازاری دەدام، ئەوەبـوو کـە هاوڕێکانـم لـە وانـە پشـووەکاندا دەچوونـە پشـتی پۆلـەکان و زۆر بەکەمـی منیـان دەبرد، منیـش چونکە دەبوو کەسـێك پاڵ بـە کورسـییەکەمەوە بنـێ و کـەس نەبـوو، نەدەڕۆیشـتم. ئێسـتا دەزانـم ئەگەر کورسـییەکی شـەحنم هەبا،ئـەوا خۆم دەڕۆیشـتم، بـەڵام من نەمبوو.بۆیە ئێسـتا خەونـی گەورەم ئەوەیە پارەم هەبێت و کورسـیی شـەحن بـۆ منداڵانی خاوەن پێداویسـتی بکڕم.
کـە ڕێکردنـم نەما، دیسـان بردمیانەوە لای پزیشـك و هەر لەپێـش چاوی خـۆم وتی: زۆر بەهێزە کە تا ئێسـتا ژیاوە، ئـاگاداری بن. ڕۆژێـك دێت چاوەکانی و توانای بیسـتن و قسـەکردنیش لەدەسـت دەدات. قۆناغی ئامادەییش باوکم دەیبردم بە ئۆتۆمبێل و لەوێش دەیخسـتمە سـەر کورسـی، چونکە خۆیشـی لەوێ مامۆسـتابوو بۆیە ئاسـانتربوو بۆ من.هەمیشـە لـە یەکەمەکانی پۆل بـووم و تەنانەت کاتێك لـە پۆلی دە دەرکرام، بۆ وەرگرتنی خەڵاتی یەکەمی،باوکم چاوەکانـی پڕ لە فرمێسـك بوو.بەڵام لـە پۆلی دوانزە زۆر نەخۆشـبووم و بـە ناچاری وازم لـە خوێندن هێنا.

*** دوای وازهێنـان لـە خوێنـدن بە چی سـەرقاڵ بوویت و چ پلانێکـت بۆ داهاتـووت هەبوو؟**

- لـە منداڵییـەوە خولیای نووسـینم هەبووە، بـەڵام ئیتر لـە دوای قوتابخانـەوە بـە جددی دەسـتم پێکـرد و هەر لەسەرەتاشـەوە کـە خەڵکـی دەیانبینـی مـن خـۆم لـە خراپتریـن بارودۆخـدام، کەچی نووسـینەکانم پڕن لە هێز و ئومێـد بۆیـە زۆر پێی سەرسـام دەبـوون. ڕۆژانە دەیان نامـەم بۆ دێت کـە بەهۆی نووسـینەکانی منەوە ژیان و بیرکردنەوەیـان گۆڕاوە و ئەوەش زۆر دڵخۆشـم دەکات. لە داهاتووشـدا پشـت بەخـودا چەند کتێبم دەبێـت و خەونی گـەورەم ئەوەیـە کتێبەکانـم ملیۆنان خوێنەریـان هەبێت و ملیۆنـان کەس سـوودی لێببینن.

*** بە نیاز نیت دەست بە خوێندن بکەیتەوە؟**

- سـەرەتا کـە وازم هێنابـوو، زۆرم حـەز لێبـوو، بـەڵام ئێسـتا نا، چونکە ئێسـتا ئیتر شـوێنی خـۆم دۆزیوەتەوە کە نووسـینە و یارمەتیدانی خەڵکیە لەڕێی نووسـینەوە. جاران دەمویسـت ببم بە پزیشـکی جەسـتە، ئێسـتا کارم لـە دەروونایـە و پێموایە جیاوازی نییـە و هەردووکی هەر یارمەتیدانە.

*** ئایـا خزمەتەکانـت چۆنـن و ئـەو کەسـانەکێن کـە لـەڕووی دەروونییـەوە خزمەتیـان پێشـکەش دەکەیـت؟**

- جگە لە نووسـینەکانم کە بە گشـتی پۆسـتی دەکەم، ڕۆژانـە چەندیـن نامـەم بۆ دێـت و کەسـانی بێئومێد و خەمبـار و ڕەشـبینن و داوام لێدەکـەن قسـەیان بۆ بکەم، منیـش هەرچەنـدە دەسـتەکانم بێهێـزن، بەڵام تا دەسـتم دەسـت دەکات بە ئازار نامەیان بۆ دەنووسـم، دواتریش بە ڤۆیس قسـەیان بۆ دەکەم و سـوپاس بۆ خوا قسـەکانم بۆ زۆرینەیـان سـوودی هەبـووە و حـەزم لێیە لـە داهاتوودا دەرکـەوم و بە گشـتی قسـە بۆ خەڵکـی بکەم.

*** بۆچی لە ئێستادا حەز بە دەرکەوتن ناکەیت؟**

- مـن هەرگیـز بیـر لـەوە ناکەمـەوە وێنەی ڕوخسـارم دابنێـم، چونکـە ئـەوە هیـچ سـوودێك بـە هیـچ کەس ناگەیەنێـت. خەڵکـی ئەگـەر ڕوخسـاریان دەوێ، ئـەوا تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان پـڕ لـە ڕوخسـارە بـا سـەیری ئەوانـە بکـەن. من نووسـەرم نـەك کچێکی نمایشـکار. مـن نامـەوێ فانەکانـم بەهـۆی ڕوخسـارمەوە فانم بن دەمـەوێ بەهـۆی نووسـینەوە فانـم بـن. ڕۆژانـە دەیان ڕای جیـاواز لە بـارەی دەرنەکەوتنمەوە دەوترێ،بۆ نموونە دەڵێن: زۆر جوانی و لە حەسـوودی دەترسـی بۆیە خۆت دەرناخەیـت، ناشـیرینی بۆیـە وێنە دانانێی، ڕوخسـارت کێشـەی هەیە، بۆیـە داینانێی و دەیـان ڕای دی. بەڵام لە ڕاسـتیدا هیچ کام لەوانە ڕاسـت نین و ڕوخسـارێکی بـێ کێشـەم هەیـە و زۆریـش ئاسـاییە، وەکـو هەمـوو مرۆڤەکانـی دی. وێنـە دانەنانـی مـن هیـچ پەیوەندی بـە جوانـی و ناشـیرینییەوە نییە.کـە وێنەی جەستەشـم دادەنێـم، بـۆ ئەوەیە هانـی خەڵکی بدەم، خۆیـان قبووڵ بکەن.ئەگـەر ڕۆژێکیـش دەربکـەوم، ئـەوا بـە وێنە نا، بەڵکـو بەجۆرێـك دەردەکـەوم کە سـوودی هەبێت.

*** ڤینـۆس ئـەو هەمـوو هێـزەی لـە کـوێ هێنـاوە تـا ڕووبـەڕووی سـەختییەکانی ژیـان ببێتـەوە؟**

- هێـزی من زۆرینەی بەهۆی ئیمانەکەمەوەیە، دواتریش خێزانەکـەم کە هەر لەسـەرەتاوە بـە بەهێـزی پەروەردەیان کـردووم و وەکـو کچێکـی ئاسـایی مامەڵەیـان لەگـەڵ کـردووم، نـەك کچێکـی کەم، بەشێکیشـی هەسـتەکەمە کـە هـەر دیارییەکی ئیلاهییـە و پێیداوم.

*** لە ئێستادا کاتەکانت زیاتر بەچی بەسەر دەبەیت؟**

- کاتەکانـم بـە خوێندنـەوەی کتێـب و نووسـین و سـەیرکردنی زنجیرە و فیلم و فێربوونی زمان و قسـەکردن بۆ ئەوانەی پێویسـتیانە بەسـەر دەبەم و، هەندێك کاتیش سـەرقاڵم بـە پەیجـە تایبەتەکانمەوە.

*** چەند پەیجت هەیە؟**

- دانەیەك لە فەیسبووك و دانەیەکیش لە ئینستگرام.

*** دوا پرسـیارمان با ئەوە بێـت، باوەڕبەخۆبوون و متمانە و ئیـرادەت تا چەند بوونەتە هەوێنی سـەرکەوتنەکانت؟**

- مـن کچێکـی خـاوەن پێداویسـتی تایبـەت بـووم و لەسـەر جێگەکـەی خۆم و تەنیـا بە مۆبایلەکـەم تا ئێرە گەیشـتووم، بەڵام باوەڕبەخۆبوونـم هەبووە، کەواتە تا زۆر بەرزتریـش دەمبات.

*** دوا قسەت چییە، ئەگەر شتێك باست نەکردبێت؟**

- ژیـان پـڕە لە ئـازار و ناخۆشـی و نەخۆشـی و کەوتن، ئەگـەر بەهێـز نەبیـن، چـۆن دەرەقەتـی بێیـن؟ کەواتە با بەهێـز بین.

**پزیشکەکان پێیان وتین کە ئەم نەخۆشییە لە هیچ شوێنێکی ئەم دونیایە چارەسەری نییە**

**قۆناغی سەرەتایی دایکم بەباوەش دەیبردم بۆ قوتابخانە و لەوێش هاوڕێ و خوشکەکانم هاوکارم بوون**

**هەر بەهۆی نەخۆشییەکەوە پێم دەچەمییەوە و بە پشتا دەکەوتم و مێشکم ئەلەرییەوە**

**لە قوتابخانە و لەنێوان هاوڕێکانمدا بڵاوبووەوە کە ڤینۆس بگات بە تەمەنی ١٠ ساڵی دەمرێت**

# دایکی نموونەیی ئەوەیە کە ڕۆڵەیەکی کارامە پێشکەشی کۆمەڵگە بکات

**دایك کاراکتەرێکی مەزن و دڵسۆز و فیداکارە و خۆی لە خۆیدا هەر چی جوانییە هەڵیگرتووە، بەڵام دایکی نموونەیی بۆ ئەوە دەشێ بکرێتە سەرمەشق و دایکانی دیکە پەندی لێ وەربگرن. لێرەدا ئەو پرسیارە دروست دەبێت کە دایکی نموونەیی چۆن پێناسە دەکرێت و خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی چین؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

پەرژین جەعفەر حاجی ڕۆستەم مامۆستایە و هاوکات قوتابیی ماجستێرە لە بەشی مێژوو، لە کورتترین پێناسەدا (دایك) بە هەڵگری پەیامێکی پیرۆز و پێگەیەکی میهرەبانی و بونیادنەرانە دەزانێت و ڕای وایە «دایك نیشتمانێکی پڕ لە سۆز و ئارامییە، بۆیە ئەم پەیامە هەمیشە گەورەیی ئەرکی دایکی بەدەرخستووە، کە دایکایەتی ببێتە بەرپرسیارێتییەکی بەهێزتر لە نێو کۆمەڵگە و ژینگەی خێزانی. دایکی نموونەییش وابەستەیە بە چەند خەسڵەتێکەوە کە لە کەسەکەدا ڕەنگ بداتەوە و بتوانێت ئەو ڕەنگدانەوەیە تەرجومە بکات بۆ منداڵ، وەك بەئیرادەبوون و متمانەبەخۆ بوون. هەروەها ڕاهێنان لەسەر خوو و ڕەوشتە بەرزەکان و ڕێزگرتن و نواندنی ئەو چالاکییانە دەبنە بەشێك لە فراوانکردنی بیر و هۆشی منداڵ». گوتیشی: «شکسپیر لە پەیامی پیرۆزیی دایکایەتیدا خاوەن ئەو وتەیە کە دەڵێت: ئەگەر دونیا لە جەنگێکدا بووایە و دایکم لە جەنگەکەی بەرامبەریدا بێت، دایکم هەڵدەبژێرم».

ئەو مامۆستایە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «بایەخی دایك لە ڕووی پەروەردەییەوە زێدەتر بەرجەستە



دەبێت. نموونەیی لە دایکایەتی و لە زۆر بابەتی دیکەشدا خاڵێکی کۆتایی نییە تا هەڵوەستەی لەسەر بکرێت، بەڵکو زێدەتر بەکارهێنەری چەند لایەنی هەیە و هەر ڕوانگەیەکی جیاوازیش لەم بارەیەوە دەچێتەوە قاڵبی دەرخستنی نموونەیی لە دایکایەتی، بەتایبەتی ئەو کاتەی کە تەواوی ئەو لایەنە باشانە هەستی پێ بکرێت لە پەروەردەکردنی منداڵ و ئیدارەکردنی ژینگەی خێزانی، واتا ئەگەر توانرا بە شێوەیەکی دروست و لە کۆمەڵگەیەکی هاوشێوەی کوردستان منداڵ بەو ئاراستەیە پەروەردە بکەیت کە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی قورسییەکانی ژیانی هەبێت، ئەوە دەلالەتی نموونەیی ئەو دایکەیە، لایەنی دیکەش ئەوەیە چۆن بتوانیت دایکایەتی لە بەرگی ڕاستەقینەیی میهرەبانی و دڵسۆزی و وەفا دووپات بکەیتەوە و ڕێگەی دروست هەڵبژێریت بۆ بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵ، ئێستا بەداخەوە بە هۆی هەندێك کەمتەرخەمی و بوونی کەلێن و خراپ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەرکی سەختتر کەوتووەتە سەر شانی خێزانەکان بۆ ئەوەی زیاتر بە ئاگایی پەروەردەی منداڵەکانیان بکەن، لەمەشدا دایك دیسان دەبێتەوە مامۆستا و ئەرکی سەخت هەڵدەگرێ.

ئێستا ئەرکی دایکە نموونەییەکانە چۆن بتوانن ئەم شەپۆلە نوێیەی تەکنەلۆژیایە بە شێوەیەك لێ بکەن، کە نەبێتە هۆی ئالوودەبوونی منداڵان و لە ئایندەشدا نەوەیەك پێ بگەیەنن کە سوود بە دەوربەر و کۆمەڵگەکەی بگەیەنێت.»

خەندە کەمال دەرچووی زانکۆیە لە بەشی دەروونناسی و سەرەتا ئاماژە بەوە دەکات کە «پێویستە دایکی نموونەیی بەرژەوەندیی منداڵەکانی لە پێش هەموو شتێك دابنێت و بە هیچ جورێك نەهێڵێت کەسانی دەوروبەری تەداخول بکەن لە بەخێوکردنی منداڵەکانی، چونکە ژینگەی هەر ماڵێك لە ماڵێکی دی جیاوازە و بەپێی سەردەمەکانیش دەگۆڕێن، بۆیە چەند جۆری پەرروەردە و فرەپەروەردەیی بۆ منداڵ ئەرێنی نییە.» هاوکات دەڵێت: «ئێمە منداڵمان بێ خواستی خۆیان هێناوەتە دونیا، بویە پێویستە قوربانییان بۆ بدەین، تا بە جوانی و باشی گەورە ببن وبتوانن خزمەتی خۆیان و کۆمەڵگەش بکەن.»

ئەو خاتوونە دەروونناسە ڕای وایە: «دایکی نموونەیی بە دایکێك دەڵێن کە ئایپاد و مۆبایلێك نەداتە دەست منداڵەکەی تا بێدەنگی بکات و خۆی بێ سەرئێشە بێت. دایکی نموونەیی کاتی باش تەرخان دەکات بۆ منداڵەکانی و پەروەردەی جوانیان دەکات. ڕێز لە کات و ڕا و بۆچوونی منداڵەکەی دەگرێت و مەرحەلە بە مەرحەلە لەگەڵ منداڵەکەی پلانی پەروەردەیی دەبێت، هەروەها بە هەموو توانای هەوڵ دەدات تا باشترین تاك پێشکەشی کومەڵگە بکات.» گوتیشی: «من دایکی سێ منداڵم و بە حوکمی ئەوەی تا ئێستا دانەمەزراوم، ماوەی چەند ساڵێکە لە ماڵەکەی خۆم خواردن و شیرینی بۆ کڕیارەکانم دروست دەکەم. هەرچەندە ژیانی ڕۆژانەم زۆر قورسە، بەڵام دڵخۆشم کە منداڵەکانم هەتا ئێستا ئایپاد و مۆبایلیان نییە و شەوانە کاتژمێر نۆ دەخەون و حەوتی بەیانی بەخەبەرن، شوکر بۆ خوای گەورە ژەمەکان لەکاتی خۆی دەخون و کاتی تەواوی یاریکردن و مەشق و سەردانیشمان هەیە.»

لەیلا دیوبەند چالاکی کۆمەڵی مەدەنییە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: « دایك نیعمەتێکی گەورەیە کە خوای گەورە بە منداڵانی بەخشیوە و هیچ کەس و بوونەوەرێکی دیکە ناتوانێ جێگەی بگرێتەوە. لە ڕاستیدا دایکبوون شتێك نییە کە مرۆڤ بتوانێ لە دەرەوە بەدەستی بێنێت، بەڵکوو هەست و سۆزێکە، وزە و توانایەکە کە هەر لە سەرەتاوە لە ڕۆحی دایکاندا نەهادینە کراوە. لەگەڵ ئەوەدا کە هەموو دایکان نموونە و جیاوازن، بەڵام لێرەدا هەوڵ دەدەم ئاماژە بە چەند فاکت و تایبەتمەندییەك بکەم کە دایکان نموونەییتر و جیاوازتر دەکات.

بەرگریکار بێت:

پێویستە دایك لە هەموو هەلومەرج و دۆخێکی ئاسایی و نائاساییدا بەرگریکارێکی پێداگر و سەرسەختی منداڵەکەی بێت و بتوانێت لە مەترسییەکانی ڕۆژگار بیپارێزێت و، بەرگریی لە هەوڵ و هیواکانی بکات و دەرفەتی پێ بدات و پشتگیری بکات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی. هەروەها پێویستە منداڵەکە ئەوە بزانێت کە لە شوێنێکی ئەمین دەژی و کەسێکی بەتوانا بەرگریی لێ دەکات.

توانایی منداڵەکەی هەڵبسەنگێنێ و دەستنیشانی بکات:

بە هۆی ئەوەی کە دایکان پێوەندییەکی دانەبڕاو و گرێدراویان لەگەڵ منداڵەکانیاندا هەیە، دایکی نموونەیی بەردەوام لە هەوڵدایە تواناکانی منداڵەکەی دەستنیشان بکات و بە شێوەیەکی دروست پەرەی پێ بدات.

پەروەردەکارێکی بەتوانا بێت و لەو پێوەندییەدا پەرە بە تواناکانی خۆی بدات:

دایکێکی باش هەوڵ دەدات بە شێوەیەکی دروست و لەسەر بنەمای مرۆڤدۆستی و ژینگەدۆستی منداڵەکانی پەروەردە بکات و هەروەها ئامادەی بکات بۆ ئەوەی لە ناوەندەکانی دیکەی فێرکاری و پەروەردە لە کۆمەڵگەدا پرۆسەی پەروەردە و فێربوون بە جددی وەربگرێت.


کاتدانان و پشوودرێژی:

دایك بە هۆکاری ئەوەی زیاترین کاتی پەروەردە و ئیدارەی خێزانی لە چوارچێوەی ماڵەوەدا لە ئەستۆیە، ڕۆژانە تووشی گرفت و تەنگ و چەڵەمە و سەرئێشەی زۆر دەبێتەوە، یەکێك لە فاکتەرەکانی دایکێکی نموونەیی پشوودرێژی و هەڵنەچوونە، بێگومان هەڵسوکەوتی دایك ڕاستەوخۆ کاریگەری لە سەر پەروەردەی منداڵ هەیە، لە کۆتاییدا دەتوانم بڵێم هەڵسوکەوت و ڕەفتاری بەجێ و مرۆڤدۆستانە و سەردەمییانەی دایکان و گواستنەوەیان بۆ جگەرگۆشەکانیان دەتوانێ دایکانی نموونەیی و کۆمەڵگەیەکی ساغ و پێشکەوتوو بەرهەم بهێنێت».



پەڕژین جەعفەر:

**شکسپیر لە پەیامی پیرۆزیی دایکایەتیدا دەڵێت: ئەگەر دونیا لە جەنگێکدا بووایە و دایکم لە جەنگەکەی بەرامبەریدا بێت، دایکم هەڵدەبژێرم**



خەندە کەمال:

**دایکی نموونەیی بە دایکێک دەڵێن کە ئایپاد و مۆبایلێک نەداتە دەست منداڵەکەی تا بێدەنگی بکات و خۆی بێ سەرئێشە بێت**



لەیلا دیوبەند:

**پێویستە دایک لە هەموو هەلومەرج و دۆخێکی ئاسایی و نائاساییدا بەرگریکارێکی پێداگر و سەرسەختی منداڵەکەی بێت و بتوانێت لە مەترسییەکانی ڕۆژگار بیپارێزێت**



# بەپێی ئامارێکی بەڕێوبەرایەتیی گشتیی هاتوچۆی هەرێم ئافرەتان لە کاتی شوفێریدا کەمتر سەرپێچی دەکەن

**بەپێی ئامارێکی بەڕێوبەرایەتیی گشتیی هاتوچۆی هەرێم، لە کوردستاندا زیاتر لە (٢١٠) هەزار ئافرەت هەڵگری مۆڵەتی شۆفێریکردنن، لە ڕووی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئۆتۆمبێلیش دەرکەوتووە کە ئافرەتان لە شۆفێریکردندا سەرکەوتووترن لە ڕەگەزی بەرامبەریان، ئەمەش بە هۆی ئەوەی ئافرەتان نەرمونیان و لەسەرخۆترن لە چاو پیاوان، لە توێژینەوەکانی دەرەوەشدا کە لە زۆرێك لە وڵاتان ئەنجام دراون، ئەوە یەکلابووەتەوە کە خانمان هۆشیارانەتر لەتەك ئۆتۆمبێل مامەڵە دەکەن و کەمترین ڕێژەی ڕووداو تۆمار دەکەن.بەپێی هەواڵێکی «دەیلی مەیلی»ی بەریتانیا، لە لێکۆڵینەوەیەکی نوێدا کە لەسەر باشترین شوفێرەکان ئەنجامدراوە، دەرکەوتووە ئافرەتان باشتر دەتوانن شوفێری بکەن، جگەلەوەی ڕێژەی سەرپێچیی پیاوان چوار هێندە زیاتر بووە.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**



بەهزاد تاهیر:

**خانمان لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان چ ئەرکی ماڵەوە بێت، یان دەرەوە، بە شێوەی وردتر و جددیتر کارەکان ڕادەپەڕێنن**



گەشاو تەلعەت:

**چەندین ساڵ بەر لە ئێستا شوفێریکردن تەنیا بۆ پیاو بووە، بەڵام خۆشبەختانە ئێستا ئافرەت وەک پیشەش بەکاری دێنێت و وەک سەرچاوەی داهاتیش کاری پێ دەکات**

بەهزاد تاهر سەلیم خاوەن بڕوانامەی دکتۆرایە لە کارگێڕیی داهێنان ومامۆستای زانکۆیە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «خانمان لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان چ ئەرکی ماڵەوە بێت، یان دەرەوە، بە شێوەی وردتر و جددیتر کارەکان ڕادەپەڕێنن و ئەو خووە لە ناخی مێ هەیە و زیاتر هەست بە بەرپرسیارەتی دەکات و دڵسۆزترە لە پیاو لە هەمبەر کەسانی دی و بە تایبەت کەسە نزیکەکان و کۆمەڵگەی خۆی». جەخت لەوەش دەکاتەوە کە «ئافرەتان پابەندترن بە جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان و هەروەها هۆکارێکی دیکەشی، بۆ ترس لە سزاوەرگرتن دەگەڕێتەوە کە لە ئافرەتدا ئەم ترسە زیاترە.»هاوکات دەڵێت: «بە پێی توێژینەوەیەك کە بە هاوبەشیی هەردوو زانکۆی یێیل و زانکۆی نیۆیۆرك لە مانگی ١٠ی ساڵی ٢٠٢٠کراوە، ئەوا ژنان زۆر زیاتر پابەندی ڕێنماییەکانی خۆپارێزی بوون سەبارەت بە کۆرۆنا وەك ڕاگرتنی دووریی نێوان کەسەکان، بەستنی ماسك ودەستەوانەو... هتد. بەتایبەت بەپێی داتاکانی سەرپێچیی هاتوچۆ لەسەرتاسەری جیهاندا، ژنان کەمتر ڕووبەڕووی سەرپێچی دەبنەوە، بەپێی ژمارەی ئەو ژنانەی کە ئۆتۆمبێل، یان پایسکل، یان هەر وەسیلەیەکی دی بەکاردەهێنن. ئەگەر هەر یەك لە ئێمە دوور نەڕۆین و لە خەیاڵی خۆماندا سەیری ماڵەکانمان بکەین، ئەگەر بێت و ژنی تێدا نەبا، دەبێ چ شێواز و چ هەلش و پەلشێك با ئەو ماڵە؟هیچ شتێك لە شوێنی خۆی نەدەبوو و بۆن و پیسایی هەموو شوێنێکی ماڵەکەی داگیر دەکرد. ئێ هەر ئەوەیە کە پێی دەڵێن پابەندی کە ئافرەت هەیەتی و پیاو نییەتی وەك پێویست. هەر ئەو پابەندییەیە کە دەبێتە هۆی جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان و دەرنەچوون لە یاسا گرنگ و پێویستەکانی ژیان. جا چ یاسای نووسراو و سەپێندراو بن،یان یاسای سرووشتیی پێویست و ناسەپێندراو بن. دیسان ئەگەر سەردانی قوتابخانەیەك، یان زانکۆیەك بکەین و دەفتەر و کتێبەکانی کوڕ و کچەکان بەراورد بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە کەلوپەلی کچەکان خاوێنترو پارێزراوترن لە هی کوڕان و پابەندیی بە تاقیکردنەوە و خوێندن و گوێڕایەلیی مامۆستا و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی دیکەی قوتابخانە و کۆلێژ لای کچان زۆر زیاترە،بە تایبەت لەو سەردەمەدا کە ڕۆژ بە ڕۆژ کچان زیاتر شارەزای ماف و هەبوونی ژیانی شایستەیان خۆیان دەبن و پیاوەکانیش تا دێت بێباکتر دەبن لە هەمبەر کۆمەڵگە و بەها و پیرۆزییەکان».



گەشاو تەلعەت، چالاکی مەدەنی و هەڵسووڕێکی بواری مافی ئافرەتانە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بەڕای من شوفێریکردن، چ ژن بێت، چ پیاو بێت، ئەگەر پابەندی یاساکانی هاتوچۆ بێت، بێگومان کەمترین سەرپێچی و ڕووداوی هاتوچۆی لێ دەکەوێتەوە، سەبارەت بەوەش کە ژنان تاچەند پابەندی ڕێنماییەکانی هاتوچۆن؟ ئەوە دەگەڕێتەوە، سەر ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆ، بەڵام ئەگەر بڵێین کۆمەڵگە تاچەند، بەدوای هەڵەکانی شوفێری ئافرەتەوەیە و تا چەند قسەی لەسەر دەکات، بێگومان ئەوە زۆرە، چونکە ڕەنگە شوفێریکردن بۆ ئافرەت تا ئێستا لە کۆمەڵگە وەك دیاردەیەکی گۆڕانی کۆمەڵایەتییە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دی، چونکە چەندین ساڵ بەر لە ئێستا شوفێریکردن تەنیا بۆ پیاو بووە و کەمتر ئافرەت ڕێپێدراو بووە کە شوفێری بکات، بەڵام خۆشبەختانە ئێستا ئافرەت وەك پیشەش بەکاری دێنێت و وەك سەرچاوەی داهاتیش کاری پێ دەکات. بەڵام بێگومان لە کۆمەڵگە تازە پێشکەوتوو و کۆمەڵگە نیمچە کراوەکان هەمیشە چاوەکان لەسەر ئافرەتە، ئینجا لە هەر کارێك و لە هەر پیشەیەك بێت.»

ئەندازیار یوسف بازیانی، شارەزا لە بواری هاتوچۆ، سەرتا باسی ئەوە دەکات کە لە جیهانی پێشکەوتوودا ئەوە یەکلابووتەوە کە نکۆڵی لە توانا و هێزی ئافرەتان ناکرێت،بۆ ڕاییکردنی کاروبارەکانی ژیان و لە نێو هەموو کایەکانی ژیاندا کە شان بە شانی پیاوان کارەکانیان ئەنجام دەدەن،لە ڕووی سیاسی و ئیداری و کۆمەڵایەتییەوە،ئەمە سەرەڕای ڕێکخستنی کاروباری ناوماڵ، هەموو ئەمانە وایان کردووە زۆرجار لە پیاوان سەرکەوتووتر بوون. بەنموونە ئێستا هەزاران ئافرەت هەڵگری مۆڵەتی شۆفێریکردنن لە کوردستاندا،ڕۆژ بە ڕۆژیش ڕێژەکە لە چاو ساڵانی هاتنە پێشەوەی ئەو چینە بۆ مومارەسەکردنی هونەری شۆفێری بەرەو هەڵکشان دەچێت،کەوایە دەتوانرێت هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت لە ڕووی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئۆتۆمبێل،دەرکەوتووە کە ئافرەتان لە شۆفێریکردندا لەسەرخۆ و سەرکەوتووترن لە ڕەگەزی بەرامبەریان، ئەمەش بە هۆی ئەوەی ئافرەتان نەرمونیانن لە شۆفێریکردندا، ئەوەش یەکلابووەتەوە کە خانمان هۆشیارانەتر لەتەك ئۆتۆمبێل مامەڵە دەکەن و کەمترین ڕێژەی ڕووداو و سەرپێچی تۆمار دەکەن، هەر ئەمەش وای کردووە کە زیاتر بە هێمنی و لەسەرخۆ شۆفێری بکەن و زیاتر بە یاسا و ڕێنماییەکانی هاتوچۆ پابەند بن.»



یوسف بازیانی:

**لە ڕووی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئۆتۆمبێل، دەرکەوتووە کە ئافرەتان لە شۆفێریکردندا لەسەرخۆ و سەرکەوتووترن لە ڕەگەزی بەرامبەریان**

ئەحلام حەجی بۆ گوڵان:

# من گەشبینم و گرنگی بە رەختەی رووخێنەر نادەم



**شاجوانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەحلام حەجی بەشداریی لە زنجیرە درامایەکی مەغریبی دەکات بە ناوی (جودیا) لە دەرهێنانی (سەفا بەرەکە) سیناریستی بەناوبانگ (بوشرا مەلاکە) و بڕیار وایە لە مانگی رەمەزانی داهاتوودا لە کەناڵی یەکەمی نیشتمانی مەغریبی نمایش بکرێت، کە بەرهەمی کۆمپانیای (دیسکۆنیکتد)ـە بۆ بەرهەمهێنانی هونەری.**

لەم زنجیرەدا کە ئەحلام حەجی رۆڵێکی سەرەکی دەبینێت، هاوکات ژمارەیەك ئەستێرەی ناوداری مەغریبی بەشداریی تێدا دەکەن، لەوانە نەجات ئەلوافی، ئیبتیسام، ئەلعەروسی، حەمید ئەلزوغی، عەبدولنەبی بنیوی، هاجەر ئەلمەسدوقی و جەواد ئەلسایح ...و چەندانی دیکە.

لەم درامایەدا ئەحلام رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە گۆڕینی ڕێڕەوی زنجیرەکە دراماکەدا، کە خۆی لە تۆڵە سەندنەوەدا دەبینێتەوە و چەندین



سوپرایزی تێدایە کە لەلایەن جەماوەرە پێشبینی نەکراوە.

لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان سەبارەت بە ئەزموونی نواندن و ئەو ڕۆڵەی لە زنجیرەکەدا دەیبینێت، ئەحلام حەجی گوتی: «لە زنجیرە درامای (جودیا) ڕۆڵی کچێك دەبینم بە ناوی (زیزۆ) کە ئافرەتێکی جوان و سەرنجڕاکێشە، چونکە گرنگییەکی زۆر بە جواندەرکەوتن و شێوازی دەرەوەی خۆی دەدات و هەمیشە جوانە، زیزۆ هاوڕێیەکی زۆر نزیکی ئافرەتی هەیە بە ناوی (فەتومە) و گشت نهێنییەکانی ئەو ئافرەتە دەزانێت، دواتر چەند ڕاستییەکی شۆك هێنەری بۆ ڕوون دەبێتەوە کە پێشبینیی نەدەکرد».



ئەحلام سەبارەت بە بەشداریکردنی لەم زنجیرە درامایەدا دەڵێت: «مایەی شانازی و خۆشحاڵیی منە کە لەگەڵ ئەم ئەستێرە ناسراوانەدا بەشداریی لە کاری نواندن دەکەم بۆ تەلەفزیۆن، ئەمە سەرەڕای ناوبانگی کۆمپانیاکە لەسەر ئاستی وڵاتی مەغریب و نیشتمانی عەرەبی کە بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵ و پیشەگەرانە کارەکانیان ئەنجام دەدەن و، تا ئێستا سەرکەوتنی زۆریان بەدەست هێناوە، بۆیە دڵنیاین بە بەشداریی ئەم هەموو هونەرمەند و دەرهێنەر و سیناریستە، (جودیا)ش لە هەموو ڕوویەکەوە سەرکەوتوو دەبێت و یەکێك دەبێت لە کارە نایابەکانی مانگی رەمەزانی داهاتوو،هەروەها ئەوەشی ئاشکرا کرد کە کۆمپانیای (دیسکونیکتد) بۆ بەرهەمهێنانی هونەری، بەوە ناسراوە کە ساڵانە کاری سەرکەوتوو پێشکەش دەکات، بۆیە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی وڵاتی مەغریب بەشێوەیەکی گشتی متمانەی زۆریان بەو کۆمپانیایە هەیە، جەماوەری مەغریبی و نیشتمانی عەرەبی گەواهیدەری ئەم راستییەن».



سەبارەت بە هاندانی بۆ بەشداریکردن لەو کارەدا، ئەحلام حەجی رایگەیاند: «پێشتر لە پێشکەشکردنی چەندین بەرنامەی جیاجیا و کاریی نواندن لە دەرەوەی مەغریب بەشداریم کردووە و لە هەموویان سەرکەوتوو بوون، هەروەها بەر لە ماوەیەك بەشداریم کرد لە کارێکی نیشتمانی بەناوی (هەموومان مەغریبین) وەك میوانێکی کارەکە و لە مانگی رەمەزانی رابردوودا نمایش کرا، سەرکەوتنی ئەم کارە و پێشوازیی گەرمی جەماوەر وای لە من کرد کە بەشداری لە کارێکی نواندن بکەم لە وڵاتی خۆمدا و، زنجیرە درامای(جودیا)م بە دەرفەتێك زانی کە لە وڵاتی خۆمدا بەشداریی کاری نواندن کەم و لە جەماوەرەکەم نزیك ببمەوە.



سەبارەت بە پێشبینییەکانی بۆ پێشوازیی جەماوەری مەغریبی لەو کارە، ئەحلام حەجی بە گوڵانی ڕاگەیاند: «ئەوەی ڕاستی بێت من گرنگی بە رەخنەکان نادەم، بەتایبەتی ئەگەر بزانم رەخنەکان ڕووخێنەرن و ئامانجیان پێشخستنی کارەکان نییە، چونکە هەر کەسێك دەربارەی هەر کارێك بۆچوونی تایبەتی خۆی هەیە، من گەشبینم و هیوادارم بتوانم جێ پەنجەم لە وڵاتەکەمدا هەبێت».

لە بارەی سەرکەوتنی لە کاری خێرخوازی و نواندندا، ئەحلام حەجی دەڵیت: من خاوەن ئیرادەم، بەپێی توانای خۆم سوودم لە ئەزموونەکانی ژیانم وەرگرتووە، چونکە کات بەزەیی بە کەسدا نایەت، من بەردەوام هەوڵ و کۆششی خۆم دەدەم و لە بەرامبەر ماندوو بوونەکەشمدا زۆرخۆشحاڵم بەو کارانەی ئەنجامیان دەدەم».

ماوەتەوە بڵێین ئەحلام حەجی سەرەتا ڕووی لە بواری راگەیاندن کرد و چەند بەرنامەیەکی پێشکەش کرد، هەروەها لە ساڵی ٢٠١٦ نازناوی شاجوانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و ئاسیای بەدەست هێنا و باڵیۆزی نیازپاکییە لە مەغریب و، خاوەنی رێکخراوێکی خێرخوازییە تایبەت بە منداڵان.

# سەربوردەی دامەزراندنی کەناڵی نێوخۆیی کوردستان و سەتەلایتی کوردستان تیڤی

**کەناڵی نێوخۆیی کوردستان**

من وەك هونەرمەندێکی کوردستان لەگەڵ خوالێخۆشبوو بارزان مەلا خالید و کاك جەبار حاجی لە لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆبووینەوە بۆ دامەزراندنی تەلەفزیۆنی نێوخۆیی کوردستان تیڤی، ئاگاداری ئەوە بووین کە فاروق باداوەیی ئامێرێکی لە کەرکووك هێناوە، بۆیە لە بەرواری ١٩٩٢/٤/٢٤پەیوەندیمان پێوە کرد، دوای وەرگرتنی ئامێرەکە، لە نهۆمی سەرەوەی بارەگای لقی دوو




تەلەفزیۆنەکەمان دامەزراند، بەناوی تەلەفزیۆنی کوردستان، دواتر لە ١٩٩٢/٤/٢٨ بۆ یەکەمین جار دەستمان بە پەخش کرد.

لەبەر ئەوەی پەخشی کەناڵەکەمان لاواز بوو، بۆیە ئامێری پەخشکردنەکەمان گواستەوە شیراتۆن، دواتر پەخشەکە بەردەوام بوو تا بەرێوەچوونی یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، هیچ بەرهەمێکی ئەوتۆمان نەبوو کە بتوانین جەماوەری هەولێر ڕابکێشین، بەڵام لەگەڵ خاڵە بارزان مەلا خالید چووینە ئەرشیفی مەکتەب سەرۆك، فیلمی شەڕی خواکورکمان هێنا، پەخشمان کرد و زمانی ناحەزانی پارتیمان پێ کورت کردەوە، لە ڕێگەی ئەم بەرهەمەوە لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا سۆزێکی زۆری جەماوەریمان بۆ پارتی ڕاکێشا.

ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە خوالێخۆشبوو خاڵە بارزان مەلا خالید و کاك جەبار حاجی ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبوو، هەروەها کاك ڕەشاد تەکنیککارێکی بەتوانا بوو، ئەندازەی پەخشەکەی بەرێوەدەبرد، منیش بەڕێوەبەری هونەری بووم، بۆیە پەیوەندیم بە چەند وێنەگرێکی ڤیدیۆییەوە کرد، بەخۆیان و کامیراکانیانەوە هاتن بۆ بەشداری لە بانگەشەی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەوانە: (رزگار لەشکری، ئیبراهیم باجەلان، و دلاوەر حەریری) ئەم سێ کامیرامانانە خۆیان و کامێراکانیان ڕۆڵێکی کاریگەرییان هەبوو، لەو کاتە بە کاك بازران مەلا خالیدم گوت کە سالار عوسمان بهێنێ بۆ کاری بێژەری، هەرچەندە لەسەرەتادا لەگەڵ ئەو بۆچوونەی من نەبوو، بەڵام دواجار ڕازی بوو، کاك ئازاد و کاك ئەحمەد وەك بێژەر توانییان ڕۆڵێکی باش ببینن لە ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ پاڵێوراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئێستاش ئەو ئەرشیفە لەلایەن کاك ڕەشادەوە پارێزراوە، کە تەکنیککارێکی بەتوانا بوو.

ئەوەی لە تەلەفزیۆن یەکەمین بەیاننامەی دوای



## ئیبراهیم حەكیم (هونەرمەند)

(هونەرمەند)

هەڵبژاردنی خوێندەوە، خوالێخۆشبوو بارزان مەلا خالید بوو، سەرەتا دەرەنجامەکان ٥١ بۆ پارتی و ٤٩ بۆ یەکێتی بوو، بەڵام دوای ململانێ و دروستبوونی کێشە دەرەنجامەکە کرا بە فیفتی بە فیفتی، لەبەر ئەوەش بارزانی مەلا خالید خۆی ئامادەنەبوو ئەو گۆڕانکارییە بخوێنێتەوە، بۆیە سالار عوسمان ئەم بەیاننامەی خوێندەوە. ئەوانەی لە گواستنەوەی کەناڵی کوردستان بەشداربوون لە بارەگای لقی دووەوە تا شیراتۆن، بریتی بوون لە:

١- ڕێبوار یەڵدا
٢- دکتۆر حەمید ئاکرەیی: تەکنیککار
٣- ئەندازیار ئەحمەد: تەکنیککار
٤- نەوزاد هادی: تەکنیککار
٥- عەلی کەژۆ: تەکنیککار
٦- ئیبراهیم حەکیم: هونەرمەند
٧- ئەنوەر شێخانی: هونەرمەند
٨- سەلاح حەسەن: هونەرمەند
٩- ڕزگار لەشکری: وێنەگر
١٠- ئیبراهیم باجەلان: وێنەگر
١١- دلاوەر حەریری: وێنەگر
١٢- نینۆس وێنەگری جەنابی سەرۆك

دواتر بێژەرە سەرەکییەکان دەستبەکار بوون، کە بریتی بوون لە: سالار عوسمان، ئەحمەد و کچێکیش کە ئێستا ناوەکەیم بیر نەماوە.

دواتر من و هونەرمەندان سەلام کۆیی و ئەنوەر شێخانی و سەلاح محەمەد علی و موئەیەد فەقێ و عەباس لەشکری، بەرنامەیەکی ڕەخنەئامێزمان ئامادە کرد بەناوی بەرنامەی (ئاوێنە) کە هەموو هەفتەیەك پەخش دەکرا و، جەماوەرێکی زۆری لە سەرتاسەری کوردستان هەبوو. دواتر کەناڵەکە فراوانکرا، هونەرمەند ئیسماعیل جومعە بەرنامەیەکی هونەریی هەبوو، ئیسماعیل گەیلانی و تۆفیق شێخانی بوون بە بێژەری عەرەبی، پاشان سەردار خۆشناو هاتە نێو بێژەرەکان، نەسرەت هادی بوو بە بێژەری کرمانجی، ناتوانم هەموو ناوەکان لێرەدا ڕیز بکەم، چونکە هەمووانم لەبیر نەماوە، بۆیە داوای لێبوردن لەوانە دەکەم کە ناویان نەهاتووە.

دوای ئەو ماوەیەش ئامێری پەخش لە شیراتۆنیشەوە




گوازرایەوە بۆ چیای کۆرەك، لەم کارەدا ئۆتۆمبێلە بەرازیلییەکەی ئەنوەر شێخانی ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو کە لەگەڵ کاك نەوزاد هادی زۆر ماندوو بوون، پێیەکیان لە پیرمام بوو و پێیەکیان لە شوێنی پەخش بوو، کە کاك خوالێخۆشبوو عەلی کەژۆ پەخشی دەکرد.

**هەیکەلی تەلەفزیۆن بەم شێوەیە دانرا**

- ڕێبوار یەڵدا: سەرپەرشتیاری گشتی
- تەحسین دۆڵەمەری: بەڕێوەبەر
- سەڵاح حەسەن: بەڕێوەبەری هونەری
- محەمەد خۆشناو: بەڕێوەبەری نوسینی هەواڵ
- عەلی کەژۆ: بەرپرسی پەخش
- نەوزاد هادی: ئەندازیاری پەخش
- ئەنوەر شێخانی: پرۆگرامەکانی دەبرد بۆ پەخش
- کاك ڕەشاد: تەکنیککار
- دلێر دۆڵەمەری: بەرپرسی ئەمنی
- نەسرەت هادی: بەرپرسی بێژەران
- چەند وێنەگرێکیشیان دامەزراند بۆ ستۆدیۆ.

**سەتەلایتی کوردستان تیڤی**

لە ١٩٩٨/١١/٢٥ دوای ئەوەی بڕیاردرا کە چەند بەرهەمێك تۆمار بکەین، کۆبوونەوەیەك ئەنجام درا لەلایەن هاوتا ئەسعەد و ئیبراهیم حەکیم و جیهانبەخش کۆیی، کە تیپێك دابمەزرێنین بۆنی کوردایەتیەکی تەواوی لێ بێت و ڕەنگدانەوەی خواستی میللەت بێت، سەرەتا چووین بە شوێن موزیکژەن سەید ئەحمەد روازندزیدا، دوای چەند کۆبوونەوەیەك لە ماڵی هاوتا ئەسعەد، (چونکە بەرێزیان لەلایەن سەرۆك بارزانییەوە ڕاسپێردرابوون) دوای ئەو کۆبوونەوانە تیپێکی هونەری دامەزرا و بەدران حەبیب کرا بە سەرپەرشتیار، هاوتا ئەسعەد جێگری سەرپەرشتیار، ئیبراهیم حەکیم جێبەجێکاری هونەری، لەگەڵ جیهانبەخش کۆیی، لە ١٩٩٨/١٢/١٣ دەست کرا بە تۆمارکردنی چەند گۆرانییەك و ڕەوانەی پەخش کرا لە هۆڵەندا.

**گرووپی موزیکی سەتەلایتی کوردستان لەمانەی خوارەوە پێکهاتبوو!**

- سەید ئەحمەد ڕواندزی: سەرۆکی تیپ
- فەرهاد محەمەد صالح: کەمان
- ئاراس کۆیی: عوود
- نایف شێخانی: عوود
- زانا ئەنوەر: قانوون
- عوسمان دەروێش: بزق
- سۆران عەبدولخالق: بزق
- بەکر خالید: چەلۆ
- ڕەحیم باڵەبان: باڵەبان
- ڕێبین جمال:کلارنێت
- گۆران محەمەد: دەف

لە ١٩٩٨/١٢/١٣ تیپی هونەری توانیبووی ٥٣ بەرهەم تۆمار بکات، ئەو کاتە سەرپەرشتیاری تیڤی بارز بارزانی بوو لەگەڵ بەدران حەبیب، هاوتا ئەسعەد بەڕێوەبەری بەرهەم و، ئیبراهیم حەکیم سەرپەرشتیاری بەرهەم، لەگەل جیهانبەخش کۆیی، سەرەتا بە کامیرای تەلەفزیۆنی گوڵان بەرهەمەکان تۆمار کران، ناسر حەسەن و سەڵاح حەسەن کاری دەرهێنانیان بۆ ئەم بەرهەمانە کرد.

گۆرانی بێژەکان بریتی بوون لە:

عەدنان جمال
خەلیل وەندی
محەمەد ئەحمد
سەڵاح محەمەد
جەبار ئەحمد
خدر خۆشناو
جەلال ئەحمەد
نەجمەدین هەورامی
شکور خەیات
سەیفەدین محەمەد
جەلال پەرێشان
سادق حەریری
نووری گەرمیانی
هاوتا ئەسعەد + هۆزان دەروێش
کاوە ژاژڵەیی
نیزام شکور
سەڵاح محەمەد کۆیی
وەلید دۆسکی
جەلال سەعید
کەریم گوڵانی
عارەب عوسمان
جەعفەر سەلیم
پەروین شازادە
حەسەن سیساوەیی
ڕەحمان قوربانی
ئاوات هەورامی
ئیسماعیل قوربانی
عەبدوڵا دڵسۆز
سدیق عوسمان
ئەبوزێد
هەقاڵ حاجی

دواتر تیپی مۆسیقای هونەرمەندانی دهۆك، میوانی تیپی موسیقای سەتەلایتی کوردستان بوون و، لە ١٩٩٨/١٢/١٧ چەند بەرهەمێکیان تۆمارکرد، کە هونەرمەندەکان بریتی بوون لە:

- سەمیر زاخۆیی
- ئیسماعیل جومعە
- حاجی زاخۆیی
- سەمیر سدیق
- بلند ئیبراهیم

لە ١٩٩٨/١٢/١٩ تیپی هونەرە میللییەکان سێ تابلۆی هەڵپەرکێیان لەگەڵ گۆرانیبێژان خوالێخۆشبوو جەلال سەعید و نیزام شکور تۆمار کرد.

# شەشەمین خولی فیستیڤاڵی سینەما دژی تیرۆر ساز دەکرێت


بڕیار وایە سبەی سێشەممە ١ی شوبات ٢٠٢٢ شەشەمین خولی فیستیڤاڵی سینەما دژی تیرۆر بە بەشداری (٤٠) کورتە فیلم دەست پێبکات و ماوەی سێ رۆژ دەخایەنێت.

لەم بارەوە پشتیوان عەبدوڵڵا سەرۆک و سەرپەرشتیاری فیستیڤاڵەکە بە گوڵانی راگەیاند: خولی شەشەمی فیستیڤاڵی سینەما دژی تیرۆر لەژێر ناوی (وڵات بونیاد دەنێین، تیرۆر لەگۆڕ دەنێین) دەبێت و ماوەی سێ رۆژ بەردەوام دەبێت و تێیدا (٤٠) کورتە فیلم نمایش دەکرێن، لەوانە (٢٠)یان فیلمی کوردین و نمایشەکان لە ئەمپایەر سینەما پێشکەش دەکرێن.

ئەوەشی راگەیاند کە (٨) خەڵات بەسەر سەرکەوتووان دابەش دەکرێن لەوانە خەڵاتی باشترین فیلم، باشترین فیلمی فێکشن، باشترین دەرهێنان، باشترین فیلمی ئەنیمەیشن، باشترین فیلمی دیکیۆمنتاری، باشترین نواندن، باشترین سیناریۆ لەگەڵ خەڵاتی تایبەتی لیژنەی دادوەران.

لە بارەی بەشداربووانەوە پشتیوان عەبدوڵڵا وتی: هەرچەندە ئاستەنگی زۆرمان بۆ دروستبوو ٢٠٠ میوان لە دەرەوەی هەولێر بانگهێشت کراون بە سپۆنسەری پارێزگای هەولێر، سپۆنسەری سەرەکی پرۆژەی هونەرمەندان ستییە و چەند کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت وەک سپۆنسەر بەشدارن، لێرەدا بە پێویستی دەزانم سوپاسی بەڕێز ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێر بکەم بۆ خەمخۆریی بەڕێزیان بۆ پێشخستنی ئاستی رۆشنبیری و هونەری و کەلتوری لە شارەکەمان، هەروەها سوپاسی گشت سپۆنسەرەکانی دیکەش دەکەم کە بە هەر شێوەیەک بەشدارن لە سەرخستنی ئەم فیستیڤاڵە.

لەبارەی چالاکییەکانی تری فیستیڤاڵەکەش وتی: لە رۆژانی فیستیڤاڵ سیمیناری تایبەت دەربارەی سینەما و چەمکی تیرۆر پێشکەش دەکرێت، هەروەها رۆژێک تەرخان دەکرێت بۆ ئەوەی میوانانی فیستڤاڵ چەند شوێنێکی شاری هەولێر ببینن ئەمەش وەک وەڵامێک بۆ تیرۆریستان کە ئێمە دەتوانین بە بونیاد نان تیرۆر لە گۆڕ بنێین.













**ئیسرا موحسین**

**یاریزانی بەرزکردنەوەی قورسایی یانەی هەولێر:**

# یەکێتیی بەرزکردنەوەی قورسایی عێراق پشتگیریمان ناکات

**تیپی بەرزکردنـەوەی قورسـایی یانـەی وەرزشـیی هەولێـر خـاوەن مێژوویەکـی گـەورەن لەسـەر ئاسـتی عێـراق وکوردسـتان و بگـرە لـە دەرەوەی عێراقیـش، کچانـی شـاری هەولێـر بـەردەوام لـە مەشـق و ئامادەکاریـدان بـۆ پاڵەوانێتییەکانـی بەرزکردنـەوەی قورسـایی لـە هـەر شـوێنێك کـە بەڕێـوە بچیـت، هەولێرییـەکان خـاوەن چەندیـن نازنـاون لـە پاڵەوانێتییـە جۆراوجۆرەکانـدا، یەکێـك لـە کچـە بـە تواناکانـی یانەکـەش کـە چاوەڕوانـی پاشـەڕۆژی باشـی لـێ دەکرێـت لـەم یارییـە (ئیسـرا موحسـین)ی یاریزانـی یانـەی وەرزشـیی هەولێـرە، کـە لـە پاڵەوانێتیـی بەرزکردنـەوەی قورسـایی وڵاتانـی عەرەبـی توانیویەتـی سـێ مەدالیـای زێـڕ بەدەسـت بهێنێـت، کـە لـە کێشـی ٤٥کگـم پلـەی یەکەمـی بـە دەسـت هێنـا، ئیسـرا لەدایکبـووی سـاڵی ٢٠٠٠ و قوتابـی پەیمانگەیـە و باوکیشـی یەکێـك لـە وەرزشـکارە دیارەکانـی شـاری هەولیـر بـووە، ئێمـەش لـە نزیکـەوە چەنـد پرسـیارێکمان لـێ کـرد ئەوەیـش بەمجـۆرە وەڵامـی پرسـیارەکانی گۆڤـاری گوڵانـی دایـەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

*** بـە شـێوەیەکی گشـتی ئاسـتی یاریـی بەرزکردنـەوەی قورسـایی چـۆن دەبینـی لـە شـارەکانی کوردسـتان؟**

- بەرزکردنـەوەی قورسـایی لـە ئاسـتێکی خراپدایـە، چونکـە گرنگـی بـەم وەرزشـە نادرێـت.

*** کـەم ئەنجامدانـی پاڵەوانێتـی تـا چەنـد دەبێتـە هـۆکار بـۆ ئـەوەی ئاسـتی ئـەم یارییـە لاواز بێـت؟**

- لـە ڕاسـتیدا کەمیـی پاڵەوانێتـی یاریزانـان سـارد دەکاتـەوە، وا دەکات لـەم یارییـە دوورکەونـەوە.

***پێـت باشـە چـی بکرێـت بـۆ بەرەوپێشـبردنی ئـەم یارییـە لـە کوردسـتان، بـۆ ئـەوەی بگاتـە ئاسـتێکی بـەرز؟**

-پێویسـتە گرنگـی بـەم وەرزشـە بدرێـت، بـەردەوام پشـتگیری بکرێـن بـۆ ئـەوەی یاریـی بەرزکردنـەوەی قورسـایی بەرەوپێـش بچێـت.

*** گرفتی ئەم یارییە لە چیدا دەبینیتەوە؟**

- گرفـت زۆرە، یەکێـك لـە گرفتـەکان ئەوەیـە کـە یەکێتیـی بەرزکردنـەوەی قورسـایی عێـراق پشـتگیریمان نـاکات تـا بەشـداری لـە پاڵەوانێتییـە گەورەکانـی دەرەوە بکەیـن.

***دەستپێك ئەم وەرزشە چۆن بوو بەلاتەوە؟**

- سـەرەتا یەکجـار زەحمـەت بـوو، بـەڵام حەزێکـی زۆریشـم هەبـوو، تـا ئـەم وەرزشـە لام ئاسـایی بـووەوە، ئێسـتاش یارییەکـی خۆشـە، بـەڵام زەحمەتـە بـۆ ئا فـرەت.

***بەنیازی چیت بۆ داهاتووی خۆت؟**

- نیـازی ئـەوەم هەیـە بەشـداری لـە پاڵەوانێتیـی گـەورەدا بکـەم، وەکـو ئاسـتەکانی ئاسـیا و جیهـان.

***لەگـەڵ ئەویـت یانـەکان پشـت بـە ڕاهێنـەری بیانـی ببەسـتن؟**

- نەخێر لەگەڵ ئەوەدا نیم، ڕاهینەر هەر عێراقـی بێت باشترە و سوودی زیاترە بۆ یاریزانـان.

***داواکاری و پێشـنیارت بـۆ لایەنـی بەرپرسـی وەرزشـیی چییـە؟**

-داواکاریـم لـە بەرپرسـەکانی وەرزش ئەوەیـە پشـتگیریمان بکـەن، پاڵپشـتی باشـمان بکـەن تـا بتوانیـن بـەرەو پێـش بچیـن و مەدالیـای زێـڕ بەدەسـت بهێنیـن.

***خەونی وەرزشیت چییە وەکو کچە یاریزانێك؟**

-خەونـی مـن ئەوەیـە بەشداریی پاڵەوانێتیـی جیهـان بکـەم.

*** بـە هیـوای ئـەوە نیـت ڕۆژێـك لـە ڕۆژان هەڵبژاردەی کوردستان لـەم یارییـە دروست بکرێت؟**

- بێگومـان ئـەوە خەونـی منـە، حەزدەکـەم منیـش یەکێك بم لـە یاریزانانی هەڵبژاردەی بەرزکردنـەوەی قورسـایی کوردسـتان.

***پاڵەوانبوون لای تۆ چی دەگەیەنێت؟**

- پاڵەوانبوون هەستێکی زۆر خۆشم پـێ دەبەخشێت، بۆمـن شانازییە ئاڵای کوردستان بـەرز ڕابگـرم.

*** لەلایـەن یانەکانـی دیکـەوە گرێبەسـتت پێشـکەش کـراوە بـۆ یاریکـردن؟**

- نەخێر بـۆم نەهاتـووە، مـن ئێسـتا یاریزانـی یانـەی هەولێـرم.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سـوپاس بـۆ گۆڤـاری گـوڵان بـۆ ئـەو خزمەتـە بەردەوامـەی لـە شـارەکانی کوردسـتان ئەنجامـی دەدەن.



# گواردیۆلا نزیکە لە ڕاهێنەرایەتی هەڵبژاردێکی مۆندیال

یەکێتی تۆپی پێی هۆڵەندا دەیەوێت گواردیۆلا ڕازی بکات بە وەرگرتنی پۆستی ڕاهێنەرایەتی هەڵبژاردەکەیان.

بەپێی ڕۆژنامەی دەیلی میرەری بەریتانی یەکێتی تۆپی پێی هۆڵەندا جارێکی دیکە دەستی بە جوولە کردووە و هاوشێوەی جاری ڕابردوو دەیەوێت پێپ گواردیۆلا ڕازی بکات بە وەرگرتنی پۆستی ڕاهێنەرایەتی هەڵبژاردەکەیان.

سەرچاوەکە هێمای بۆ ئەوە کردووە هۆڵەندا ڕێگاکانی گواستنەوەی گواردیۆلای گرتووەتەبەر و لێدوانەکەی پێپ هیوای پێبەخشیون، کە دەڵێت ئارەزوو دەکات ڕۆژێک لە ڕۆژان ببێتە ڕاهێنەری هەڵبژاردەیەک، کە بتوانێت ناسناوێکی گەورەیان لەگەڵ بباتەوە.

پێپ گواردیۆلا سەرەتای کاری ڕاهێنەرایەتی لەگەڵ تیپی دووەمی یانەی بەرشلۆنە دەستپێکرد، دواتر لە ٢٠٠٨ ئەرکی ڕاهێنەرایەتی یانەی بەرشلۆنە وەرگرت و سەرجەم نازناوەکانی لەگەڵ ئەو یانەیە بەدەستهێنا، دواتر ڕوویکردە یانەی بایرن میونیخ نازناوی خولی ئەڵمانیای بردەوە و ماوەی ٥ وەرزە ڕاهێنەری یانەی مانچستەر سیتیە و بە گوێرەی میدیایەکان پێشتر چەندین گرێبەستی بۆ ڕاهێنەرایەتیکردنی هەڵبژاردەی بەرازیل و ئیسپانیای پێگەیشتووە



## بەرشلۆنە گرێبەستی لەگەڵ یاریزانێکی ئیسپانی مۆرکرد

یانەی بەرشلۆنە لەگەڵ یاریزانێکی یانەی چێلسی گەیشتە ڕێککەوتن بۆ ئەوەی لە وەرزی داهاتوودا لە ریزەکانیان یاری بکات.

بەپێی بەرنامەی ئێلچێرینگیتۆی ئیسپانی بەرشلۆنە لەگەڵ سیزار ئازپێلکوێتا گەیشتە ڕێککەوتن لە هاوینی داهاتوودا گرێبەستەکەی نێوانیان بۆ ماوەی دوو ساڵ مۆر دەکەن و دەتوانن لە وەرزی سێیەمدا بە ڕێککەوتن گرێبەستەکە نوێ بکەنەوە.

گواستنەوەی ئەم یاریزانەی چێلسی لەسەر داوای چاڤی ڕاهێنەرە، کە گرێبەستی ئەم بەرگریکارە لە هاوینی داهاتوودا تەواو دەبێت و ئێستا سەربەستە بۆ ئەوەی گرێبەست لەگەڵ هەر یانەیەک مۆربکات.

ئازپیکویلتای تەمەن ٣٢ ساڵ، سەرەتای یاریکردنی لە یانەی ئۆساسونای ئیسپانیا بووە، دواتر لە هاوینی ٢٠١٠ ئەو یانەیەی جێهێشت و بە ٦ ملیۆن یۆرۆ ڕوویکردە یانەی مارسێلیای فەرەنسی، دوای دوو وەرز یاریکردن لە خولی فەرەنسا بە بڕی ٨ ملیۆن یۆرۆ بۆ یانەی چێلسی گواسترایەوە، لەگەڵ ئەم یانەیە ٤٥٦ یاری کردووە ١٤ گۆڵ و ٥٦ ئاسیستی تۆمار کردووە.

# بایرن میونیخ باشترین یاریزانی جیهان دەفرۆشێت

یانەی بایرن میونیخ بەنیازە لە کۆتایی ئەم وەرزە باشترین یاریزانی جیهان بفرۆشێت.
بەپێی رۆژنامەی بیڵدی ئەڵمانی بایرن میونیخ بیر لەوە دەکاتەوە لە هاوینی داهاتوودا دەستبەرداری رۆبێرت لیڤاندۆفسکی هێرشبەر و باشترین یاریزانی جیهان بێت ئەگەر گرێبەستەکەی نوێنەکاتەوە، کە لە مانگی یۆنیۆی ۲۰۲۳ تەواو دەبێت.
سەرچاوەکە هێمای بۆ ئەوە کردووە بایرن ئامادەیە گرێبەستی لیڤاندۆفسکی بۆ ساڵێک نوێبکاتەوە بە هەمان مووچەی ئێستای، بەڵام ئەگەر ئامادەبێت مووچەکەی دابەزێنێت گرێبەستەکەی بۆ ماوەی دوو ساڵ نوێدەکاتەوە.
رۆبێرت لیڤاندۆفسکی هێرشبەری پۆڵەندی تەمەن ۳۳ ساڵ، لە یانەی دۆرتمۆند لە کۆی ۱۸۷ یاری، ۱۰۳ گۆڵ و ٤۲ ئاسیستی کرد، دواتر لە هاوینی ۲۰۱٤ بە گرێبەستێکی ئازاد روویکردە یانەی بایرن میونیخ لەگەڵ یانەکە لە کۆی ۳٥٦ یاری، ۳۲۸ گۆڵ و ٦۸ ئاسیستی کرد.



# کاوە حەسۆ دوو ئەرکی پێ سپێردراوە

کاوە حەسۆی گۆڵپارێزی پێشووی یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی هەولێر و یەکێك لە گۆڵپارێزە بەتواناکانی کوردستانی رۆژئاوا و ناوێکی دیار لە وەرزشی تۆپی پێی سووریا، ماوەیەکی چەند ساڵێکە وەکو پەنابەرێکی کورد لە وڵاتی هۆڵەندا نیشتەجێیە و دەستی بە وەرزش کردەوە، بۆ ئەمساڵ گرێبەستی لەگەڵ یانەی viteesan پلە دووی ئەو وڵاتە کردووە و بەرگری لە تۆڕی ئەو یانەیە دەکات، لەم بارەشەوە کاوە حەسۆ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەمساڵ لەگەڵ یانەی viteesan پلە دووی خولی یانەکانی هۆڵەندا گرێبەستم کردووە، گرێبەستەکەم بۆ ماوەی یەك ساڵە، جگە لە یانەکە کارگێڕیی تیپەکەش بریاری داوە لە ئەکادیمیای تیپەکەش وەکو راهێنەری گۆڵپارێز کار بکەم، بۆ ئەوەی زۆرترین سوود بە یانەکە بگەیەنم و بتوانم گۆڵپارێزی باش بۆ یانەکە دروست بکەم»، کاوە گوتیشی: «چەندین گرێبەستی دیکەشم هەبووە لە یانەکانی دیکەی هۆڵەندا، بەڵام یانەی viteesan پلەی لە هەموویان بەرزتر بوو، جگە لەوەش ئەو ئەکادیمیا زۆر گەورەیە و چەندین گۆڵپارێزی بەتوانا بەرهەم دەهێنێت بۆ تیپە گەورەکانی ئەورووپا، بە تایبەتی یانە گەورەکانی وڵاتی هۆڵەندا، دەمەوێ لە ڕێگەی ئەو ئەکادیمیایەوە زیاتر پەرە بە کاری ڕاهێنەریی خۆشم بدەم، بۆ ئەوەی زۆرترین ئەزموون کۆ بکەمەوە و بتوانم ببمە ڕاهێنەرێکی سەرکەوتوو و پەرە بە تواناکانی خۆم بدەم و، بتوانم کاری گەورە لەو یانەیەدا بکەم، وەکو گۆڵپارێزێکی کوردیش دەمەوێ لەگەڵ یانەکەم ئاست و ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین و زیاتر ناوی خۆم بەرز بکەمەوە».



# ئارام میر دەگەڕێتەوە نێو یاریگەکان

**ئارام ساڵح ناسراوە بە ئارام میر یەکێك لە زۆرانبازە بەتواناکانی کوردستان و وڵاتی ڕووسیا، دوای دوو ساڵ لە دوورکەوتنەوەی لە یاریگەکانی زۆرانبازی، جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە ناو حەلبەی یاریکردن، بۆ ئەوەی بتوانێت جارێکی دیکە بە ئاڵای کوردستانەوە سەرکێشی لەسەر ئەنجامی گەورە بکات لە پاڵەوانێتیی یاریزانانی ئەورووپا، لەم بارەشەوە ئارام ساڵح بۆ گۆڤاری گولان گوتی: «من وازم لە وەرزشکردن نەهێناوە، تەنیا بەهۆی ئەو پێکانەی لە ئەژنۆم دووچارم هات، وازم لە زۆرانبازیێ هێنابوو، بەڵام وەکو ڕاهێنەر بەردەوام بووم لە یاریی هونەری جەنگ و هێزی لەش لە مۆسکۆ»، گوتیشی: «بەشێکی زۆر لە هاندەرەکانم پرسیاری گەڕانەوەیان دەکردم، منیش بیری یاریگەکانی زۆرانبازیم دەکرد، بۆیە بڕیارم دا بگەڕێمەوە و، ئێستا دەست بە ئامادەکارییەکان دەکەم بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانێتیی ئودار لە مۆسکۆی پایتەختی ڕووسیا.**



# دلۆڤان مەهدی لە خولی عێراق ئاسودەیە

یانەکانی بەشدار لە خولی نایابی عێراقی هەموو ساڵێك بەر لەدەستپێکی خولەکانی عێراقی، چاویان لە سەر ئەستێرەکانی تۆپی پێی یانەکانی کوردستانە بۆ ئەوەی گرێبەستیان لەگەڵ بکەن و، بەرگری لە تیپەکانیان بکەن، دلۆڤان مەهدی گۆڵپارێزی پێشووی یانەی وەرزشیی زاخۆ، ئەمساڵ لەگەڵ یانەی تەلەبە گرێبەستی هەیە و ئاستێکی بەرزی پێشکەش کردووە، لەم بارەشەوە دلۆڤان مەهدی بۆ گۆڤاری گولان گوتی: «گرێبەستم لەگەڵ تەلەبە بەردەوامە و ئەمساڵ لەگەڵ یانەکانی دیکەی بەشدار لە خولی عێراقی کێبڕکێ دەکەین، چاومان لەوەیە ئاست و ئەنجامی شایستە دەستەبەر بکەین، زۆریش ئاسوودەم لەگەڵ یانەی تەلەبە و ڕێزی زۆرمان دەگیرێت لەلایەن هاندەرانی یانەکە وە و، هیچ جیاوازییەکمان لەگەڵدا ناکرێت، منیش ئەوەی لەتوانامدا بێت، خزمەت بە وەرزش و یانەکەم دەکەم، بۆ ئەوەی بتوانین بە سەربەرزییەوە لە یاریگەکان بێینە دەرەوە، وەکو گۆڵپارێزێکی کوردیش، شانازی دەکەم کە لە تیپێکی گەورەی وەکو یانەی تەلەبە شەرەفی پارێزەری تۆڕی ئەو یانەیەم پێ سپێردراوە، ئەوەی لەتوانام بێت خزمەتیان دەکەم بۆ ئەوەی ناوی خۆمان بەرز بکەینەوە لە ئاسمانی وەرزشیی عێراقیدا، تا ئێستاش هیچ گرفتێکم نییە و خولی ئەمساڵی عێراقیش جیاوازە و یانەکان بەهێزن و خاوەنی یاریزانی پیشەگەری زۆرن، یانەی تەڵەبەش یانەیەکی بەهێزە و کێبڕکێ دەکات لەگەڵ سەرجەم یانەکانی دیکەی بەشدار لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی».



# ئۆمیکرۆن بۆ کەسانی نەکوتراو مەترسیدارە!

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی WHO جەختی کردەوە کە گۆڕدراوی ئۆمیکرۆنی ڤایرۆسی کۆرۆنا بە خێرایی لە بڵاوبوونەوە بەردەوام دەبێت، ئەگەر هەموان هەنگاوەکانی خۆپاراستن نەگرنە بەر، هەروەها پێویستە کەسانی نەکوتراو بە زووترین کات ژەمی تەواوی ڤاکسینی کۆڤید وەربگرن. خێرا بڵاوبوونەوە واتە خەواندنی زیاتری حاڵەتەکان لە نەخۆشخانەدا لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئەگەری زیاتری حاڵەتەکانی مردن. سەرۆکی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی تێدرۆس ئەدانۆم Tedros Adhanom ڕوونیکردووەتەوە کە ئەو کەسانەی ڤاکسینی کۆڤیدیان وەرنەگرتووە، لە ڕیسکی بەرزدان بۆ تووشبوون بە گۆڕدراوی ئۆمیکرۆن، ئاماژەی بەمەش کردووە کە لە جیهاندا زیاتر لە ٥٠ هەزار حاڵەتی مردن بە گۆڕدراوی ئۆمیکرۆن لە ماوەی هەفتەیەکدا تۆمارکراوە، کە ژمارەیەکی بەرزە و زۆربەی هەرە زۆریان ئەو تووشبووانە بوون کە ڤاکسینی کۆڤیدیان وەنەگرتبوو. لەوکاتەی کە وەرگرتنی ڤاکسین بە هەنگاوێکی هەرە کاریگەر دەمێنێتەوە بۆ خۆپاراستن لە تووشبوون و مردن بە گۆڕدراوی ئۆمیکرۆنی ڤایرۆسی کۆرۆنا، بەڵام هەرگیز بە تەواوی ڕێگە لە بڵاوبوونەوەی ناگرێت، بە مانایەکی دی، تەنانەت ئەو کەسانەشی کە ژەمی تەواوی ڤاکسینی کۆڤیدیان وەرگرتووە، هێشتا ئەگەری تووشبوونیان بە کۆڤید١٩ لێ دەکرێت، چونکە وەرگرتنی ڤاکسین تەنیا ئاستی سەختیی تووشبوون بە کۆڤید١٩ کەم دەکاتەوە.



# هۆکاری پنتی سپی لەسەر نینۆکدا



دروستبوونی پنتی سپی لەسەر نینۆکی پەنجەکانی دەست وپێ Leukonychia حاڵەتێکی باوە، هۆکارەکەی هەرگیز بۆ کەمیی کالسیۆم، یان، زینک، یانیش زیاد خواردنی مایۆنیز ناگەڕێتەوە وەکو ئەوەی کە لای هەندێك کەس باوە، بەڵکو چەند هۆکارێکی دیکەی لەپاڵدایە، وەك: مەیلی زگماکی، زەبری کۆن بۆ سەر بناغەی نینۆك Matrix کە بەگشتی پاش شەش هەفتە ئینجا بەدی دەکرێت، گەلێك جار هاوکات لەگەڵ مانیکیوردا دروست دەبێت، کە فشار دەکەوێتە سەر بناغەی نینۆکەکان، هەستەوەریی پاش بەکارهێنانی پۆلیشی نینۆك، یان ئاوێتەکانی ڕەقکردنی نینۆك Nail hardeners، هەروەها هەوکردنی سووك. ئەم حاڵەتە جیاوازە لەگەڵ سپی هەڵگەڕانی تەواوی نینۆك کە هاوکاتە لەگەڵ نەخۆشیی جگەردا. بە گشتی دروستبوونی پنتی سپی لەسەر نینۆکەکان مایەی نیگەرانی نییە، چونکە حاڵەتێکی کاتییە و بە گەشەکردن و درێژبوونی نینۆك دێنە پێش و نامێنن، بەڵام لەوانەیە کە بە گوێرەی خێرایی گەشەکردنی نینۆکەکان هەندێك کاتی بوێت.

# بۆچی بەیانییان ئارەزووی خواردنت نییە؟

ئەگەرچی لەوانەیە کە نەبوونی ئارەزووی خواردنی ژەمی بەیانی نەخۆشی لەپاڵەوە بێت، بەڵام گەلێك جاریش هیچ هۆکارێکی نەخۆشی بەدی ناکرێت. هۆکارەکان: خواردنی ژەمێکی گەورەی ئێوارە، یان خواردن درەنگانی شەو، پەستی یان خەمۆکی، کە ڕاستەوخۆ دەبنە ئەگەری کەمبوونەوەی ئارەزووی خواردن و ناڕاستەوخۆش دەبنە هۆی تێکچوونی خەو و هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکی و بێزاری، کە هەموویان هاندەرن بۆ کەمبوونەوەی ئارەزووی خواردن، دووگیانی کە پێش هەفتەی ١٤ بە شێوەیەکی سرووشتی دەبێتە هۆی هێڵنج و ڕشانەوە، بەتایبەتی لەکاتی بەیانییاندا کە بە دەردی بەیانییان Morning sickness ناسراوە، ئەمەش هۆکارە بۆ کەم خواردن، یان نەخواردنی ژەمی بەیانی، بەکارهێنانی هەندێك دەرمان وەکو زیانی لابەلا، بەساڵاچوون، سستبوونی گلاندی دەرەقی، نەخۆشیی جگەر، نەخۆشیی گورچیلە، پەککەوتنی دڵ، ئایدز، شێرپەنجە، هەوکردنەکانی کۆئەندامی هەناسە وەك هەڵامەت و ئەنفلونزا، یان هەوکردنی شانەی سییەکان Pneumonia کە دەبنە ئەگەری کەمبوونەوەی ئارەزووی خواردن و کەمبوونەوەی هەستی بۆن و چێژکردن، هەروەها هێڵنج، یان ڕشانەوە.



# بۆچی نۆرەی دڵ لە زستاندا زیاترە؟

ئایا دەزانی کە کەشوهەوای سارد کاریگەریی دەکاتە سەر دڵ، بۆنموونە ئەگەری نۆرەی دڵ Heart at-tack زیاد دەکات. ئەم ئەگەرەش بۆ ئەو کەسانی بەساڵاچوون و تەمەنیان ٦٥ساڵ و بەسەرەوەیە، یان نەخۆشییان لە کۆئەندامی دڵ و سووڕاندا هەیە زیاترە. لە کەشی سارددا وەکو کاردانەوەیەکی سرووشتی بۆ پارێزگاریکردن لە گەرمیی لەش، بۆڕییەکانی خوێن تەسک دەبنەوە، بەمەش هاتووچۆی خوێن لە ناویاندا کەم دەبێتەوە، ئەمەش بارگرانی دەکەوێتە سەر ماسوولکەی دڵ بۆ پاڵنانی خوێن بۆ هەموو بەشەکانی لەش، هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن و زیادبوونی ئەگەری دروستبوونی تۆپەڵی خوێنی مەییو لە ناو بۆڕییەکانی خوێندا، کە هۆکارە بۆ ئەگەری ڕوودانی نۆرەی دڵ و جەڵتەی مێشك. لەگەڵ بەساڵاچووندا، توانای لەش بۆ پارێزگاریکردن لە پلەی گەرمی کەم دەبێتەوە، بۆیە کاریگەریی سەرما لەسەر لەش زیاتر دەبێت، هەروەها بارستایی ماسوولکەکان کەم دەبێتەوە، کە لە کاریگەریی ساردی لەسەر لەش زیاتر دەکات. جگە لەمانە، سیستمی بەرگریی لەش کز دەبێت، ئەمەش ئەگەری تووشبوون بە هەڵامەت و ئەنفلوەنزا و هەوکردنی شانەی سییەکان Pneumonia زیاتر دەکات، بۆیە پێویستە لەسەر کەسانی بەساڵاچوو کە ماوەی مانەوەیان لە شوێنی سارددا سنووردار بکەن و بە هەموو ڕێگایەك گەرمیی لەشیان بپارێزن، هاوکات لەگەڵ وەرگرتنی ڤاکسینی ئەنفلوەنزا.

# بە ڤیتامین B3 کۆلیستیرۆڵ دابەزێنە

ئەوە سەلمێندراوە کە ڤیتامین B3 ئاستی کۆلیستیرۆڵی خراپ LDL دادەبەزێنێت و ئاستی کۆلیستیرۆڵی باش HDL بەرزدەکاتەوە لە خوێندا، بەمەش ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ کەم دەکاتەوە. ڤیتامین B3 کە بە نیاسین Niacin ناسراوە، یەکێکە لە هەشت ڤیتامینەکەی گرووپی B، جگە لە ڕێکخستنی کۆلیستیرۆڵ، ڕۆڵی بەرچاوی لە گۆڕینی خۆراك بۆ وزە هەیە، یارمەتی لەش دەدات بۆ بەکارهێنانی پرۆتین و چەوری، تەندروستیی پێست و قژ و هەروەها تەندروستیی کۆئەندامی دەمار، لەوانەشە کە سیفەتی دژەئۆکسان و دژەهەوکردنی هەبێت، هەروەها ڕۆڵی هەیە بۆ ڕێگرتن و چارەسەری ڕەقبوونی خوێنبەرەکان، کەمکردنەوەی ئەگەری دووبارەبوونەوەی نۆرەی دڵ لەو کەسانەی کە جارێك دوچاری بوون، کەمکردنەوەی ویزەی ڕەبو، لەگەڵ سووککردنی نیشانەکانی سووانی جومگە و نەخۆشیی ئەلزهایمەر.

سەرچاوە خۆراکییەکانی بریتین لە: جگەر، گۆشتی سینگی پەلەوەر، ماسیی سالمۆن و تونە، برنجی قاوەیی، پاقلەی سودانی Peanuts. پێویستیی ڕۆژانەی ڤیتامین B3 بۆ کەسانی پێگەیشتوو بریتییە لە ١٦ ملگم.




# ئایا خەمۆکی دەبێتە ئەگەری زیادبوونی کێشی لەش؟

بە رای توێژەرانی زانکۆی ئەلەبامای ئەمەریکی، چەند هۆکارێکی تایبەتی بایۆلۆژی هاندەری سەرەکین بۆ زیادبوونی کێشی لەش لە حاڵەتەکانی خەمۆکیدا. لە لایەکی ترەوە، چەند گۆڕانێك لە ستایلی ژیان کە هاوکاتن لەگەڵ خەمۆکیدا هاندەری دیکەن بۆ زیادبوونی کێشی لەش وەکو: نەبوونی ئارەزوو بۆ جوولە و مەشقی وەرزشی، هەستکردن بە ئارامی لەکاتی زیاد خواردنی خۆراکی دەوڵەمەند بە چەوری و شیرینی، هەروەها بەکارهێنانی دەرمانی دژەخەمۆکی وەکو زیانی لابەلا هۆکارن بۆ زیادبوونی کێش. توێژەران ئەمەیان روونکردۆتەوە کە میکانیزمە بایۆلۆژییەکانی پەیوەست بە خەمۆکی کە دەبنە ئەگەری زیادبوونی کێشی لەش بریتین لە: چالاکبوونی سستمی دەماریی سیمپەتاوی Sympathetic کە کرداری میتابۆلیزم ڕێکدەخات، بەرزبوونەوەی ئاستی هۆرمۆنی کۆرتیسۆل Cortisol ئەو هۆرمۆنەی کە بە سترێسەوە پەیوەستە بۆیە بە هۆرمۆنی سترێس Stress hormone ناوزەدە دەکرێت. ئاماژە بەمەش کراوە کە پەیوەندی نێوان خەمۆکی و زیادبوونی کێش دوو لایەنەیە، واتە زیادبوونی کێشی لەش بە ڕێژەی ٥٥٪ هاندەرە بۆ تووشبوون بە خەمۆکی.






# تەرازوویەکی زیرەک هێڵکاری دڵیش دەگرێ

بەرلە چەند ساڵێك تەرازووەکان تەنیا بۆ پێوانەی کێش بوون، ئێستا ئەوانیش بەرەو هۆشمەندی رۆیشتوون و نە تەنیا پێوانی کێش بەڵکو پێوانی زۆر شتی دیکەش دەکا. بۆ نموونە ئەو تەرازووانەی کە بۆ کێشانی مرۆڤن، ئێستاکە پێوانی چەوری و رێژەی قەڵەوی بەکارهێنەرەکەشی دەستنیشان دەکەن.

کۆمپانیایەکی فەرەنسی تەرازووی هۆشمەندیWithings بەرهەم هێناوە کە بە سوود وەرگرتن لە سکانەرێکی هۆشمەند و ئەپلکەیشنێکی مۆبایل دەکرێت هێڵکاری دڵیش بگرێ واتە (تەختیتی دڵ). هەموو جەستەی بەکارهێنەرەکەی بە وردی لێبکداتەوە.

لە پێشانگای ئەمساڵی CESدا تەرازووەکە نیشاندرا. تەرازووەکە جەستەی بەکارهێنەرەکەی سکان دەکا و لایەنی تەندروستی بەکارهێنەرەکەی لەسەر شاشەیەك نیشان دەدا. تەرازووی هۆشمەندWithings لایەنی سترێس و دەروونی بەکارهێنەرەکەشی دەزانێت و گشت ئەو زانیاریانە لە رێگای ئەپێکەوە بۆ مۆبایل بەرێ دەکات.



# سپیکەرێکی بچووک بۆ ئایفۆن

سپیکەرە بچووکەکان بەرهەمێکی نوێ نین لە جیهانی دیجیتالیدا، بەڵام سپیکەری جۆری Boom-CanMS لەو سپیکەرە بچووکە ناوازانەیە کە لەگەڵ مۆبایلی ئایفۆن بە هۆی موگناتیسەوە پەیوەند دەدرێ.

سپیکەری ناوبراو لە پێشانگای ساڵانەی CES ی ئەمساڵدا نیشاندرا. سپیکەرەکە زیاتر بۆ مۆبایلی جۆری ئایفۆنە، لەراستیدا ئایفۆن ئەگەرچی گۆڕانی زۆری بەسەر شاشە و کامێرا و دیزاینی مۆبایلەکەی داهێناوە، بەڵام هێشتاش بڵندگۆکەی وەك پێویست دەنگی باش نییە. سپیکەرەکە بچووکە بۆ ئەوەی کە هەمیشە و بۆ هەموو شوێنێك لەگەڵ مۆبایلەکە بێت لەرێگای موگناتیسەوە بە مۆبایلەوە دەنووسێت. سیستەمی بلوتوس ٥ی تێدایە. هەرکاتێك شەحن بێت هەتا ٥ کاتژمێر شەحنەکەی دانابەزێت. ستاندەری IPX7ی هەیە واتە بە تەڕبوونیش تێکناچێت و دەکرێ لە ژێر ئاویشدا گوێ لەگۆرانی بگری.

# ئامێرێک لە شکانی پەنجەرە ئاگادارت دەکاتەوە



ئەو ئامێرەی کە دەیبینن بە ناوی Glass Break Sensor ناسراوە، واتە هەستەورەی ئاگادارکردنەوە لە شکانی شووشە.

لە پێشانگای ساڵانەی CESدا خرایە روو. ئامێرەکە هەستەوەرێکە کە کاتێك هەستی بە شکانی شووشە کرد، پەیامێك بۆ Ring alarm pro دەنێرێ. کاتێك لەسەر دیوار، یان بن میچ (سەقف) یا شوێنێکی دیکە دادەندرێ، هەرکە شووشەیەك بشکێ لە مەودای سێ مەترییەوە هەستی پێدەکا و پەیامێك لەبارەی شکانی شووشەکەوە بۆ مۆبایلی پەیوەندیدار دەنێرێ.

ئەگەر شووشەکەش شکا، جەرەسی ئاگادارکردنەوە دەست بە لێدان دەکا. ئەگەر کامێرای ring داندرابێ لەبری ئاگادارکردنەوە دەست بە تۆمارکردنی دیمەنەکە دەکا و دەستبەجێ بۆ مۆبایلی پەیوەندیدار بەڕێی دەکا.




# هێدسێتێکی واقیعی – مەجازی تایبەتمەندی و دیزاینێکی ناوازە

لـە سـەردەمی تەکنەلۆژیـای نوێـدا هەمـوو ئامێـرەکان گۆڕانـی زۆریـان بەسـەرداهاتووە، بڵندگـۆی گـوێ واتـە (هێدسـێت) ئیـدی هـەروەك جـاران نیـن کـە بەکارهێنـەر بیهـەوێ بەهۆیـەوە گـوێ لـە گۆرانـی و مۆسـیقا بگـرێ، بەڵکـو دەکرێـت بەهۆیـەوە سـەیری فیلمیـش بکـەی، ئەویـش چ جـۆرە سـەیرکردنێك وەك ئـەوە وابـێ کـە خـۆت لەنـاو واقیعیەتەکـەدا بـی.

یەکێك لەو هێدسێتە ناوازانە کە لە پێشانگای ساڵانەی CESدا نیشاندرا، هێدسێتی جۆری MeganeX کە دیزانێکی سەرنج ڕاکێش و تایبەتمەندییەکانی ناوازەن.

هێدسێتێکی ناوبراو بەرهەمی کۆمپانیای پاناسۆنیك و شیفتاڵە. ڕەنگە کە سـەیری بکـەی پێتوابـێ چاویلکەیەکـی ئاساییە، بـەڵام لـە راسـتیدا هێدسـێتێکی زۆر ناوازەیـە. سێتی تایبـەت بەسـەر، بـەڵام زیاتر لەسـەر گـوێ دادەنـرێ. کێشـی هێدسـتەکە تەنیا ٢٥٠ گرامـە. شاشـەیەکی میکرودیسـپلی ١,٣ ئینجییـە. کوالیتـی نیشـاندانی ٢٥٦٠ لـە ٢٥٦٠ دایـە. وێنـەکان بـە کوالیتـی سـەرووی فـول ئێـچ دی نیشـان دەدا. گشـت فەرمانەکانـی هێدسـێتەکە بـە جوڵـەی سـەرە.

# مۆبایلێک بۆ هۆگرانی کیبۆردی کلاسیکی



لـە مۆبایلـە زیرەکەکانـدا شـتێك نییـە بەناوی کیبـۆرد، تەنیا کیبـۆردی مەجازی هەیە و دێتە سەرشاشـەکە و دەنووسـرێ، بـەڵام چەند سـاڵێك لەمەوبـەر مۆبایلەکان کیبۆردی فیزیکی تایبـەت بەخۆیان هەبوو دوگمەکان لەپەنای یەك بوون بۆ نووسین. ئەوانەی هێشتاش ئۆگری کیبۆردی کلاسیکین دەتوانن لە مۆبایلی جۆری Astro Slide 5G سـوود وەربگـرن. لـە پێشـانگای سـاڵانەی تەکنەلۆژیـادا مۆبایلـی ناوبراو خرایـەڕوو. مۆبایلەکـە کیبۆردێکـی هەیـە کە وەك کیبۆردە نوێییەکان لە پشت هەر دوگمەیەك گلۆپێکی ڕووناکی هەیە.

موبایلـە زیرەکەکـە ئەندرۆیـد ١١ی لەسـەرە و دەکرێت سیسـتەمی لینۆکسـی بـۆ دابنـدرێ. شاشـەکەی ٦,٣٩ ئینجـە و لە جـۆری AMOLEDیە. کامێرای پێشـەوەی ١٣ میگاپیکسـلە. رامەکـەی ٨ گیگابایتـە و میمۆرییەکـەی ١٢٨ گیگایـە. جگـە لـەو کیبۆردە، کیبـۆردی مەجازیشـی هەیە. کامێرای پشـتەوەی ٤٨ میگاپیکسلە.

# داتاشۆیەکی سامسۆنگ بچووک و کارامە



سامسۆنگ لە پێشانگای ساڵانەی CESی ٢٠٢٢دا داتاشۆیەکی بچوکی خستەڕوو، ئەگەرچی لە بواری قەبارەوە بچووکە بەڵام لە بواری کاراییەوە زۆر ناوازەیە.

داتاشۆی Freestyle سەرەڕای ئەوەی کە دەتوانێت وێنە و ڤیدیۆی بڵاوبکاتەوە، توانای بڵاوکردنەوەی گۆرانی و دەنگیشی هەیە. داتاشۆی ناوبراو شێوەی دیزاینەکەی لولەکییە و ١٨٠ پلە بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە. پرۆژکتەرەکە نە تەنیا دەتوانێت گۆشەی خۆی لە ئاست دیوارەکەدا ڕێك بخات و وێنەیەك بەبێ ئەوەی لە چوارچێوەی دەربچێت نیشان دەدا. هەربۆیە لەو دیوارانەی کە کە ڕەنگیان سپیش نییە گرفتێکی ئەوتۆی نییە. داتاشۆی سامسۆنگ تەواوی تایبەتمەندیی تەلەڤزیۆنێکی سامسۆنگی هەیە.

جگە لەوەی کە دەکرێت وەك سپیکەر و داتاشۆ سوودی لێوەربگیرێت دەکرێت وەك گلۆپێکی ڕووناکیش بەکار بێت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت چۆن بتوانم لە فایلێکی wordدا کە چەندین لاپەڕی لەخۆ گرتووە، بتوانم یەك لاپەڕ یان چەند لاپەڕەیەك لە شێوەی ئاسۆیی بۆ ستوونی بگۆڕم، ئەوە دەکرێت؟**

بەڵێ خوێنەری بەڕێز دەکرێت، بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا ئەو لاپەڕەی مەبەستە جا دەقی تێدایە یان وێنە یا خشتە، هەمووی دەستنیشان بکە واتە select و دواتر بچۆ سەر بەشی Layout و لە گۆشەی خوارەوە Page setup هەڵبژێرە و دواتر Landscape لێبدە و پاش ئەوە OK لێبدە، ئیدی لاپەڕەکە بەتەواوی دەبێتە ستوونی. ئەگەر ستوونیش بوو پێچەوانە دەکرێتەوە ئاسۆیی.

# پرۆگرامێک بۆ سڕینەوەو دۆزینەوەی فایلە تێکدەرەکان

کۆمپیوتەرەکەت تووشی کێشە بووە، وەك جاران خێرا نییە و لە کاتی کردنەوەی پرۆگرامەکاندا کێشەت بۆ دروست دەکا، یان لە نەکاو دەوەستێ؟ گشت ئەوانە هێمان بۆ ئەوەی کە کۆمپیوتەرەکەت تووشی ڤایرۆس بووە یان فایلێکی تێکدەر کە بە سپای یا فایلی دزەکەر ناسراون هاتۆتە ناو کۆمپیوتەرەکەت. ئەنتی ڤایرۆسەکان گەلێك بە سوودن بۆ سڕینەوەی ڤایرۆس و پێشگرتن لەو فایلانەی کە تێکدەری کۆمپیوتەرن، بەڵام جار هەیە ئەنتی ڤایرۆس چارەسەری هەموو شتێك ناکا. پرۆگرامی دیکەن بەمەبەستی دۆزینەوە و سڕینەوەی فایلە تێکدەرەکان. یەکێك لەو پرۆگرامانە Spybot Search & Destroyیە. ئەم پرۆگرامە لەدۆزینەوەی فایلە تێکدەرەکاندا سوودی زۆرە. خودی پرۆگرامەکە بە خۆڕاییە و تەنانەت ئەپدیتەکەشی هەر بە خۆڕاییە. پرۆگرامەکە بۆ سڕینەوەی فایلە تێکدەرەکان، فایلە سیخوڕییەکان و ڕێکلامەکە نەخوازراوەکان سوودی زۆرە. گشت جۆرەکانی فایلە سیخوڕییەکان دەناسێ و دەیانسڕێتەوە.




بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەوانەن:

- سکانی بەردەوامی سیستەم بۆ ناسینی فایلە تێکدەرەکان
- کەم نەکردنەوەی کارایی سیستەم
- توانای ناسینی ئیمێلە تێکدەرەکان
- ناسینی کرمی ئینتەرنێتی لە سیستەمدا.
- گونجان لەگەڵ هەموو سیستەمەکانی ویندۆز.

# کاتژمێرێکی زیرەک بەبێ شاشە



ڕەنگە ئەو مانشێتەی سەرەوە تا ڕادەیەك سەرنج ڕاكێش و جێگای سەرسوڕمان بێ، ئاخر كاتژمێر زیرەك بێ و شاشەی نەبێ؟! كاتژمێری زیرەكی Nowatch ی كە لە پێشانگای ساڵانەی CESدا خرایە ڕوو، هیچ شاشەیەكی نییە، بەكارهێنەر بە ویستی خۆی دەتوانێت بەردێكی گرانبەهای وەك یاقوت یا كریستال یان هەر شتێكی دیكەی بۆ دابنێت. كاتژمێرە سەرنج ڕاكێشەكە، گرنگترین تایبەتمەندی ئەوەیە كە هەركاتێك بەكارهێنەرەكەی تووشی سترێس و دڵەڕاوكێ بێ ئاگاداری دەكاتەوە. كاتژمێرەكە لەگەڵ ئەپێك لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ و گشت تایبەتمەندییەكانی كاتژمێرە زیرەكەكان هەیانە بۆ مۆبایلەكە بەڕێ دەكا. گەر بەكارهێنەرەكەی تووشی سترێس بێ ئاگاداری دەكاتەوە كە دەبێت ئارام بێت و لە شوێنێك بەبێ وەستان دابنیشێت و بە قووڵی هەناسە بدات. جگە لە سترێس، توانای دەستنیشانكردنی ڕێژەی لێدانی دڵ، پێوانی گەرمی و تای لەشی هەیە. هەتا دوو هەفتە پێویستی بە شەحنكردنەوە نییە.



## ماڵپەڕێک بۆ گۆڕینی فۆرماتەکان

بە هەزاران جۆری فایل و فۆرماتی جۆراوجۆر هەن، هەر لە جۆری فۆرماتی وێنە بە سەدان فایل هەن و لە فایلی ڤیدیۆش هەروا.. بۆ گۆڕینی فۆرماتێكی وێنەیی، دەنگی، ڤیدیۆیی، دەق و هەروەها هی دیكە. پێویست بە پرۆگرامی تایبەت دەكا. بەڵام بەهۆی ماڵپەڕی www.zamzar.com دەتوانی ئەوەی مەبەستتە بیگۆڕی، هەر جۆرە فۆرماتێك بێت، دەق، وێنە یا ڤیدیۆ. لەم ماڵپەڕەدا زیاتر لە ١٢٠٠ جۆر گۆڕینی فۆرماتی تێدایە.

ئەگەر نیازت هەبێ فایلێكی وۆرد بكەی بە فایلێكی PDF و هەروەها پێچەوانەش بە ئاسانی و تەنیا بە هێنانی فایلی مەبەست بۆ ناو ماڵپەڕەكە دەتوانی فۆرماتەكەی بگۆڕی. سەردانی ماڵپەڕەكە بكەن بێگومان سوودی زۆرە..

## قاپی زیرەک بۆ دابەزاندنی کێش

خۆراك ڕۆڵی سەرەكی دەبینێت لە كێش زۆر بوون، ئەو خواردنانەی دەخۆی هەركامیان بەپێی وزە و كاریی تێدایە كاریگەری لەسەر جەستە دادەنێن و مرۆڤ قەڵەو دەكەن.

زۆر ڕێگاش هەیە بۆ دابەزاندنی كێش، یەكەم هەنگاو كەمكردنەوەی خواردن و دووەمیان وەرزشە. بەڵام نازانین چۆن پێوانەی ئەو خواردنانەی بكەین و بزانین چ جۆرێكیان قەڵەومان دەكەن.

قاپی زیرەكی SmartPlate یەكێكە لە ئامێرە سەیروسەمەرەكانی ئەم بوارە، قاپەكە بە تەنیا بەبێ ئەوەی پێویستی بە تەرازوو بێ هەم جۆری خواردنەكە دەست نیشان دەكا و هەم ڕێژەكەشی.

قاپە زیرەكەكە دەتوێنێت ١٥٠٠ جۆرە خواردن بناسێ. هەروەها دەتوانێت باركۆدەكان بخوێنێتەوە. داتای خۆراكی زیاتر لە سی هەزار ڕستۆرانتی تێدایە.

هەر خواردنێك كە لەو قاپە دەكرێت، ڕێژەی كالۆری خواردنەكە دەستنیشان دەكا و هەروەها كاریگەری قەڵەو بوونی بە بەكارهێنەرەكەی ڕادەگەیەنێ. بۆ نموونە ئەگەر قاپە پڕ لە برنج بكەی، ئاگادارت دەكاتەوە كە بەكارهێنانی ئەو ڕێژە برنجە لە مانگێكدا ئەوەندە كیلۆیە كێشت زیاد دەكا.



# بۆن و بەرام بۆ بۆنە و یادەکان

ئەگەرچی لە وەرزی سەرمادا، بۆن و بەرامەکان هێندە کاریگەرییان نابێت، بەڵام هەر پێویستە بۆن بەکار بهێنێت، بەهۆی ئەوەی لە کەشی سەرمادا بۆن بڵاو نابێتەوە و تەنیا لە نزیکی خۆتەوە دەبێ، بە تایبەت لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا، بۆن گرنگە بۆ خانمی بووک، یان ئەوانەی لەگەڵ بووکەخاندا دەبن، تا کەشێکی جوان و بۆنی خۆش بە شوێنەکە ببەخشن، مارکەی ئیستی لاودەر، بۆنێکی ڕۆژهەڵاتی ئامادە کردووە، کە لەگەڵ کەشوهەوای ئاهەنگەکاندا دەگونجێت، بۆنەکەی لە نێوان بیبەر و ڤانێلا دروست کراوە، کە گەرمی و هێز دەبەخشن، لویس ڤیتۆن بۆنی گوڵی ڕۆمانسی و خانمایەتی ئامادە کردووە کە گوڵی سەوسن و سامباك و یاسمینن، ئیڤ سان لۆران، بۆنی کەکاو و یاسمین و توێکڵی پرتەقاڵی بەکارهێناوە، کە سەرنجڕاکێشە و ناسکە، مارکەی چلۆی، بۆنی گورد و میمۆزا و گەڵای برنجی تێکەڵ کردووە، تا بۆنێکی نایابی لێ پێکبێت، مارکەی دیۆر، گەردیلەی نشێوەکان و فاونیا و سەوسەنی تێکەڵی کردووە، کە بۆ ماوەیەکی زۆر دوای بۆنە و ئاهەنگەکانیش دەمێنێتەوە، تۆم فۆرد بۆنی دار و بیبەر و داری ئەبنووسی ئەفریقی و گەڵای گوڵی بەکارهێناوە، تا بۆنێکی ناسك و فرێش بۆ بۆنە و یادەکان دروست بکات.





# گوارەی هەڵواسراو بۆ ڕازاندنەوەی گوێچکەکان


شێوازی خشڵەکان بە جۆرێکە کە بۆ ڕازاندنەوە و کاری جوانکاریی جەستە بەکار دەهێنرێت، ئەو خشڵانەی لە وەرزی سەرمادا باو دەبن، بریتیین لە گوارە و بازن، ئەوانی دیکە بە هۆی جلی زۆرەوە ون دەبن، بۆیە لەو ماوەیەدا بۆ ڕازاندنەوەی گوێچکەکانت سوود لە گوارە وەربگرە، گوارەی هەڵواسراو مۆدێکی تازەیە، کە شێوەی بە پێچەوانەی مۆدی پێشوو، شۆڕ نابێتەوە، بەڵکو نەرمەی گوێچکە دەگرێت و وەك ئەوەیە کە هەڵواسرابێت، بۆیە بەم ناوە ناسراوە. ئەو جۆرە گوارەیە بۆ ساڵی تازەی ٢٠٢٢ ئامادەکراوە، مارکەکانی پیاجێ – Piaget، گوارەی هەڵواسراوی لە شێوەی گوڵ ئامادە کردووە، کە بۆ بۆنەی تایبەت و شەوانە لە گوێ دەکرێت، مارکەی یسایان yessayan، گوارەکانی لە دوو پارچەی لەسەر یەکن، کە شێوەی پاقلاوە و ئەستێرە دەبەخشێت، بۆ کاتی ئاهەنگ و گەشت گونجاوە، مارکەی شۆمی- Chawmet، گوارەی هەڵواسراوی بە بچووکی دروست کردووە کە بۆ کاتی دەوام و زانکۆ دەگونجێت، تیفانی ئەند کۆ، Tiffamy and co، گوارەی لە شێوەی گەڵای داری زەیتوون ئامادە کردووە و بۆ کاتی ڕۆژ و دەرچوون شیکە.




## کراس و عەزیەی بۆنە تایبەتەکان لە کوردستان

زۆربەی ئەو کراسانەی لە کوردستان و بە دەستی دیزاینەرانی کورد درووست دەکرێت، هاوشێوەی براندە بەناوبانگەکانی جیهانن، یەکێك لەوانە کارەکانی دیزاینەری دەستڕەنگین (گۆران ڤاناس)ـە، کە لە شوێنی (ڤاناس مۆدە) ئەو کراسانە دروست دەکات، کراسەکان ناسك و شۆخن، بۆ بۆنە تایبەتەکان دانراون، خانمانیش دەتوانن لە ڕێگەی کڕین، یان هێنانی بە کرێی بۆ ماوەیەکی کاتی ئەو کراسە بەدەست بهێنن، کە بە چەندین ڕەنگی جۆراوجۆر هەن و، کە هەر یەکەیان بە جۆرێکی وا دانراون تا لەگەڵ ڕەنگی قژ و ڕوخسار و پێستی خانماندا دەگونجێت، لە قوماشی سەتان دروست کراون، هەروەها لەسەر بەشی پێشەوەی سینگ کاری دەستیی بۆ کراوە، مۆدێکی ناسك و نایابە بۆ بۆنەی یادی لەدایکبوون و مارەبڕین و بۆ دامەزراندنی شوێنی گشتی و تایبەت لەبەر دەکرێن، کراسەکەکان زیاتر بێ قۆڵن، مەرج نییە بێ قۆڵ بێت و تەنیا بۆ وەرزی هاوین بێت، ئەو جۆرە کراسە لەگەڵ جلێکی دیکەی گەرم بەر لە بۆنەکە دەپۆشرێت، لە کاتی دەستپێکردنی مەراسیم و بۆنەکاندا بەهۆی ئەوەی شوێنەکە گەرمە، کراسەکە بەتەنیا دەمێنێتەوە، چەندین ڕەنگی هەیە لەوانە: سووری پرتەقاڵی باو، پەمەیی، بێرگەندی، شەزری، سەوز و شین. شیککردنی ئەو جۆرە کراسە لەگەڵ ڕەنگی ماکیاژ، یان ڕەنگی قژ ڕێك دەخرێت.







# گوندی پەلکە زێڕینە

ئەو گوندە ساڵانە فیستیڤاڵی ڕەنگی لێ دەکرێتەوە، پێشتر ناوچەیەکی سەربازی بووە، سەربازێك بە ناوی (هاونگ یۆنگ فۆ) کە لەو شوێنەدا سەربازیی کردووە، ئێستا خانەنیشی سەربازییە و تەمەنی ٩٨ ساڵە هەڵساوە بە گۆڕینی دیمۆگرافیای گوندەکە بۆ گوندی پەلکە زێڕینە، کە بە ناوچەی خەون دادەنرێت، ئەویش بەهۆی بوونی ڕێژەیەکی زۆری ڕەنگەکان لەسەر دیوار و شوێنە گشتییەکانی گوندەکە، هاتنە نێو ئەو گوەندە بە خۆڕاییە، تەنیا کڕینی کەرەستەکان بە پارەیە، کە ئەوەش کڕیاران بەپێی خواستی خۆیانەوە، دەیان وێنەکێش لەو شوێنە کار دەکەن و وێنەی جۆراوجۆر لەسەر دیوارەکان دەکێشن، ڕۆژانە بە سەدان گەشتیار سەردانی گوندەکە دەکەن و وێنەی سێلفی و یادگاری لەگەڵ دیوارە ڕەنگینەکانی گوندی پەلکە زێڕینەدا دەگرن، کە دەکەوێتە شاری تیشۆنگ لە وڵاتی تایوان.

# خێمە لە شێوەی بەستەڵەک و باڵەخانە

سیفێری کینێلا، بەرپرسی گشتیی بەشی فینلەندا لە ئیکسپۆی دوبەی لە ئیمارات دەڵێت ویستمان شتێك تێکەڵ بکەین کە لە نێوان خێمە و باڵەخانە بەستەڵەکەکانی فینلەندا بێت، دواجار توانیمان ئەو باڵەخانەیە لە شێوەی خێمە دروست بکەین، باڵەخانەکە لە پەیکەرێکی پۆڵا دروست کراوە و بە بەرگی pvc داپۆشراوە، کە شێوەی بەفر دەدات، لە ژوورەوە زۆربەی کەرەستەکان بە چاو دیارن، لەو باڵەخانەیەدا بۆ بەرزی ١٥ مەترە هیچی لێی نییە، تەنیا زەوییەکی گرینیتنییە و دیوارەکانی لە دارە، هەروەها سیستمی دەنگی لەو شوێنەدا بەدی کراوە، کە دەنگێکی نزمت گوێ لێ دەبێت و دڵت ئارامی دەبێتەوە، ٣٥ بەش لە نێو باڵەخانەکەدا هەیە، هەمووی بەم جۆرە دروست کراوە، هەروەها بەشی ناوەوەی لە دار دروست کراوە کە پرۆژەیەکی فینلەندی و عەرەبیی تێکەڵە، ئەمەش بووەتە یەکێك لە خێمە سەرنجڕاکێشەکانی ئیکسپۆی دوبەی، کە تا مانگی سێی ئەمساڵ بەردەوام دەبێت.






# چێشتخانەی دۆڵمەی کوردی و بەغدادی

لە شوێنە گشتییەکاندا، زیاتر خواردن و خواردنەوەی دەرەوە هەن، لەگەڵ ئەوەی کەسانێکیش زیاتر بە فاست فوود و لەفە و خواردنی ئامادەکراو خۆیان تێر دەکەن، بۆیە هەندێ جار مرۆڤ لە دەرەوە حەز بە خواردنیماڵەوە دەکات، وەك چۆن لە ماڵەوە خواردنی دەرەوە داوا دەکرێت. ئەو خاتوونە کە ناوی (سەفا جەمال)ە، بە دروستکردنی خواردنی ماڵەوە لە چێشتخانەیەکی بچووکی گشتی لە دەرەوە، سوودی لەو بیرۆکەیە وەرگرتووە و، خواردنگەیەکی داناوە لە شەقامی ئیسکانی شاری هەولێر، کە دۆڵمە و خواردنی ماڵ لەوێدا ئامادە دەکات، بۆ ئەوانەی کە حەز بە دۆڵمە دەکەن، بە بۆن و بەرامی دۆڵمەوە سەرنجیان ڕادەکێشێت، سەفا دەرچووی هونەرە جوانەکانە، بەڵام بێ کار بووە، بۆیە لە پێناو دابینکردنی بژێوی ژیانی ئەو داهێنانەی کردووە و، خواردنەکانیشی جەماوەرێکی زۆریان هەیە، جێگەیەك دۆڵمەی گەورە بە (٣٠٠٠) دینارە و، بچووکیش بە (١٥٠٠) دینار، دۆڵمە بە شێوازی بەغدادی و کوردی دروست دەکات، بەتام و بەلەزەت، لەم ڕێگەیەوە توانیویەتی لە شوێنێکی گشتیدا دۆڵمە بە خەڵك و گەشتیاران بدات.




# ڕایەخ و موکێت لە زێڕ




ئەم ڕایەخە بە ڕایەخی باخچەی بەهەشت ناسراوە، کە لە وڵاتی ئیمارات دروست کراوە، ئەو جۆرە ڕایەخە بە دەگمەنترین و ناوداترین ڕایەخ دادەنرێت و، بە دەست لە پێنج هەزار گوڵی وشککراوە دروست کراوە، جگە لەو گوڵانە بڕی یەك کیلۆ زێڕیش لە پێکهاتەی ڕایەخەکەدا بەکار هێنراوە کە درێژیی پێنج مەتر و پانیی چوار مەترە، واتە ڕووبەری (٢٠) مەتر دووجایە، ڕایەخەکە لە پەموو و ساتان دروست کراوە و هەروەها گوڵ و زێڕیشی تیایدا بەکار هێنراوە، هەر ڕایەخێك نزیکەی سێ ساڵی خایاندووە تا کاری دروستکردنەکەی تەواو بووە، کە بەشێکی ئاوی زێڕی بۆ دانراوە، هەروەها وردە زێڕیش لە نێو پێکهاتەکانیدا بە شێوەی خشڵ و نەخش بەکار هاتووە.

## فیلم

## ڕووناکی ڕەش — Blacklight




فیلمێکی نایابی ئەکشن و سەرنجڕاکێشە، لە وڵاتی ئوستراڵیا وێنەی گیراوە، باس لە کارمەندێکی حکومەت دەکات بە ناوی (تراڤیس بلۆك) کە کاری ئۆپەراسیۆنەکانی دژی تاوانکارییە، دوای ئەوەی دەکەوێتە ناو بۆسەیەکی تاوانبارانەوە، هەموان لە دوای کوشتنی ئەو کارمەندەن و ئەویش هەموو هێزی بەکار دەهێنێت بۆ ڕزگار بوون لەو دۆخە، فیلمەکە لە دەرهێنانی مارك ویلیامز و ماوەکەی یەك کاتژمێر و ٤٨ خولەکە، بودجەکەشی ٤٣ ملیۆن دۆلارە، لە نواندنی ئەکتەری ناوداری بەریتانی لیام نیسۆن و تیم دراکسی و ئیمی ڕێگەر و ئیدان کویانە.



## کاریکاتێر

باس لەوانە دەکات کە تا یارمەتییان دەدەیت و پێدەگەن، دواتر کە بەرژەوەندییان نەما، لە دژت دەوەستنەوە و هەرچی خراپە بەرامبەرت دەیکەن.

## نوکتە

کوڕێك بە باوکی دەڵێت: باوکە پارەی جەژنانەم بدەرێ
باوکیشی دەڵێت: کوڕم تۆ تازە گەورە بوویت پارەت بۆ چییە؟
کوڕەکەش دەڵێت: کەوایە ژنم بۆ بهێنە
باوکی دەڵێ: تۆ هێشتا بۆنی شیر لە دەمت دێت، ژنهێنانی چی؟

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

تەنیا لەبەر ئەوەی هەست بە دڵخۆشییەکی زۆر دەکەیت مانای ئەوەنییە هەموان ئاگاداربکەیتەوە لە دڵخۆشیت، ئارەزوو دەکەیت کەسێکی تایبەت ببینیت، دەتوانیت داوای چوونە دەرەوەی لێ بکەیت، گرنگی بەو خۆراکانە بدە کە دەیخۆیت و، دووربکەوەرەوە لە خۆراکە چەورەکان.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

دڵنیابە لەوەی کە هەندێك کات بۆ خۆت تەرخان بکەیت لە پێناو ئاسوودەیی دەروونت، ئازادبە لەوەی کە بە کەسانی چواردەورت بڵێیت «نەخێر»، تەنیا لە پێناو کەسانی دیکە هەموو بارودۆخێك قبووڵ مەکە، کاتێك کە بڕیارێکی گرنگ دەدەیت، پێویستە بە وردی بیربکەیتەوەو گەشبینیت پێوە دیار بێت.

### جمك ٥/٢١ - ٦/٢٠

ڕۆژێکی هێمن دەبێت و هەست بە ئاسوودەیی دەکەیت، لە دڵەوە ئارەزووی بینینی کەسێك دەکەیت، بەڵام خۆت بە بیرکردنەوە لێی سەرقاڵ مەکە بۆئەوەی هەست بەتەنیایی نەکەیت، دەتوانیت هەندێك کات لەگەڵ هاوڕێکانت بەسەر ببەیت و هەندێك ساتی پڕ لە چێژ بەسەربەرن.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ڕۆژێکی ڕۆمانسی و پڕ لە خۆشەویستی دەبێت بۆت، پێش ئەوەی دەست بە ئەنجامدانی هەر کارێك بکەیت، بیر لە دەرئەنجامەکەی بکەرەوە، لە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە کەمێك هەست بە تەنیایی دەکەیت، هەوڵبدە گرنگی بە کەسانی دەوروبەرت بدە، لەپێناو بەهێزکردنی پەیوەندییەکانت.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

بەهۆی سەرقاڵیتەوە لە ژیانی ڕۆمانسیت دورکەوتویتەتەوە، ئەو کەسەی لە ڕۆژە سەختەکان لەگەڵتدا ئامادەبوو، لە ئێستادا فەرامۆشت کردووە، مەرج نییە سەرەتای ناسینی هەر کەسێك بیکەیت بە باشترین هاوڕێی خۆت، سەرەتا لێکۆڵینەوە دەربارەی بکە، پاشان وەکو هاوڕێ هەڵیبژێرە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

هەنگاوەکانت خێراتر بکە، مەهێڵە کەسانی دیکە کاروبارت تێك بدەن، کاتی ئەوەیە بەرپرسیارێتیی هەموو ئەو کارانە هەڵبگریت کە ئەنجامت دابوون، تەنیا چاوەڕوانی سوپاسگوزاری مەبە لە خاوەن کارەکەتەوە، ئەو ڕێنماییانەی خێزانەکەت پێت دەڵێن، دەبێ بە ئەزموونی باشتر لە ژیانتدا و، سوودیان لێ ببینە.



## بۆ زانیاریت


# دیژا ڤو- Déjà vu

لە زمانی فەرەنسیدا هاتووە بە مانای: پێشتر بینراوە، بریتییە لە ئەزموونکردنی شتێك، ئەگەرچی بزانیت کە پێشتر هەرگیز ئەزموونت نەکردووە، بۆ نمونە: هەست دەکەیت کە پێشتر لەو شوێنە بوویت، لە کاتێکدا دڵنیایت کە پێشتر نەهاتوویت بۆ ئەو شوێنە، زۆربەی تۆێژەران پێیان وایە کە ئەم دیاردەیە، کە لە نێو ٦٠٪ تا ٨٠٪ ی خەڵك ڕوو دەدات، پەیوەندی بە یادگەوە هەیە، بە بەجۆرێك کە بێجگە لە دووبارە بوونەوەی دیژا فو لە حاڵەتی گەشکە (فیَ) نەبێت، ئەم دیاردەیە ئاساییە و زۆربەی جار لە حاڵەتی فشاری دەروونی و ماندووبووندا ڕوو دەدات، پێچەوانەی دیژە ڤوو، ژامی ڤوو ە Jamais vu کە مانای (هەرگیز نەبینراوە)، لەم حاڵەتەدا مرۆڤ شت، یان کەسی زانراو و ناسراوی لا تازە و نامۆ دەبێت.



## پەند و وتە

گەورە دیزاینەری فەرەنسی گابرێلا بۆنهیر ناسراو بە کوکو شانێل، لە ساڵی ١٨٨٣ لە شاری سایمور لە فەرنسا لە دایکبووە و لە ساڵی ١٩٧١ لە پاریس کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی تێگەیشتن لە پیاوان دەڵێت: «ئافرەتان لەو کاتە لە پیاوان تێدەگەن کە وا هەست بکەن و بزانن پیاوان بۆ گرنگیپێدان و هەست و سۆز وەك منداڵ وان، ئەو کاتەی کە گەیشتیتە ئەو قۆناغە، واتە هەموو شتێك دەربارەی پیاو دەزانیت».



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا کەسێك لە سەرەوەی باڵخانەیەك دەستی لەسەر ئوتۆمبێلەکانی خوارەوە داناوە، هەوڵدە بزانە ئوتۆمبێل و شەقامەکە ڕاستەقینەیە یان وێنەیە، پێویستە لە ماوەی ٣٠ چرکەدا فیڵکاریی وێنەکە بزانیت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

دەربارەی ئەو ڕوداوانەی ڕویانداوە لە دڵەوە هەست بە دڵەڕاوکێ و ڕاڕایی دەکەیت و، بە تەواوی کاریان لەسەر دەروونت کردووە، پێویستە زیاتر بەهێز بیت و، گرنگی بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت بدە، هێندە ناکۆکی لەگەڵ خۆشەویستەکەت دروست مەکە و، پارێزگاری لە پەیوەندییە سۆزدارییەکەتان بکە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

بیرۆکەی زۆر بەهێزت بۆ دێت و دەتوانیت لەم ڕۆژانەدا جێبەجێی بکەیت، زۆر گرنگی بەو قسانە مەدە کە لە پشتی تۆوە دەکرێت، هەوڵبدە لە ڕێگایەکی نوێوە خۆشەویستی بۆ ژیانت بهێنیت، بۆ ئەوەی هەست بە بۆشایی سۆزداری نەکەیت، بیرۆکەی ئەنجامدانی گەشتێك گونجاوە بۆ ئەوەی پشوو بە ڕۆحت بدەیت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ئەم چەند ڕۆژە کاری جددیت پێ دەسپێردرێت و پێویستە بە باشی ئەنجامیان بدەیت، لە ناختدا وزەیەکی زۆر هەیە و پێویستت بە یارمەتیدەرێك هەیە، بۆ ئەوەی لە کارێکی باشدا بەکاریان بهێنیت، هەوڵبدە کەسێکی گونجاو بدۆزیتەوە بۆ ئەوەی هاوکاریت بکات و لەلایەنی پیشەییەوە ڕێنمایی زیاترت بکات.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١


چاوەڕوانی هاتنی پەیامێکیت لە کەسێکی نزیکتەوە، هەوڵبدە لە چاوەڕوانیدا نەمێنیتەوە و خۆت بە خوێندنەوە، یان کارێکی بەسوودەوە سەرقاڵ بکە، لەلایەنی دەروونییەوە هەست بە ماندوبون دەکەیت و ئەم چەند ڕۆژە ئارەزووی تەنیایی دەکەیت، ئەم ئارەزووەت بە دەرفەت بزانە، بۆ ئەوەی دەروونت ئارام ببێتەوە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

لەلایەنی پیشەییەوە هەست بە ترس دەکەیت و پێت وایە شکست دەهێنیت، بەڵام کەسانی چواردەورت متمانەی تەواویان بە تواناکانت هەیە، ئەوەش وات لێ دەکات بەرەو سەرکەوتن هەنگاو بنێیت، مەرج نییە هەمیشە دوای بیرۆکەی کەسانی دیکە بکەویت، هەوڵبدە خۆت خاوەنی بیرۆکە و ئەزموونی جیاواز بیت.


### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ماوەیەکە بێدەنگیت هەڵبژاردووە، بەم نزیکانە هەندێك شت ڕوو دەدەن و زەردەخەنە دەهێننە سەر لێوت، پوێست ناکات لە هەمو کارێکدا ڕەخنە بگریت، هەوڵبدە لایەنە جوان و باشەکان ببینیت، ئەو هەڵانەی پێشتردا ئەنجامت دابوون، ئێستا دەرفەتی ئەوەت دەبێت ڕاستیان بکەیتەوە.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulan-media.com

# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
- Dedicated Internet Services
- VSAT
- ..........Copper Wired Networking
- .............Wireless Networking
- .............Fiber Optic Networking
- VoIP Video Streamnig
- VPNs
- CCTV Cameras
- Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:
گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی ڕاستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626